ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لێخۆشبوون لە سزاکانی دواکەوتنی بەشداریپێکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەردەکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (7324) سێ شەممە 3ی تشرینی دووەم 2026 | "16" لاپەرە | "500" دینار

ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە واژۆی مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بڕیاری ژمارە (٣٠٧)ی لە ڕێکەوتی ١٤ی ١٠ی ٢٠٢٦، سەبارەت بە لێخۆشبوون لە سزاکانی دواکەوتنی پێدانی بەشداریپێکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەرکرد.

ئەم بڕیارە بە نووسراوی فەرمیی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران، ژمارە (١٤٠٦٩) لە ڕێکەوتی ٢ی ١١ی ٢٠٢٦، ئاڕاستەی نووسینگەی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کراوە.

بڕیارەکە لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٧٦)ی ئەنجومەنی وەزیران و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دراوە، بە مەبەستی ئاسانکاریکردن و هاندان بۆ پابەندبوون بە پێدانی بەشداریپێکان و زیادکردنی داهاتی سندووقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، کە بۆ خزمەتکردنی کرێکاران و پاراستنی ماف و شایستەکانیان و دابینکردنی مووچەی خانەنشینییان بەکار دەهێنرێت.

خاڵە سەرەکییەکانی بڕیارەکە بریتین لە:

- لێخۆشبوونی تەواوەتی: لێخۆشبوون لە تەواوی سزاکانی دواکەوتن لە پێدانی بەشداریپێکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەمەرجێک لە ماوەی (٩٠) ڕۆژی کاردا تەواوی قەرزی کەڵەکەبووی پارەی بەشداریپێکە بدرێت.
- دەرکردنی ڕێنمایی: وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات.
- جێبەجێکردن و بڵاوکردنەوە: وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەگرنەبەر و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

شاخەوان عەبدوڵڵا سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق:

پشتیوانی لە داواکارییەکانی خەڵکی کەرکووک دەکەین و هەوڵی زیادکردنی کارەبای نیشتمانییان بۆ دەدەین



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، پشتیوانیی خۆی بۆ خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کەرکووک دژی گرانکردنی نرخی ئەمپێری مۆلیدە ئەهلییەکان ڕاگەیاند و دەڵێت، لەگەڵ وەزیری کارەبای عێراق گفتوگۆیان کردووە بۆ ئەوەی پشکی کارەبای نیشتمانیی پارێزگاکە زیاد بکرێت.

د. شاخەوان عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەی کەرکووک بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە کرد، لە نزیکەوە و بە وردی بەدواداچوون بۆ شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان و خۆپیشاندانی شارستانییانەی خەڵکی گەڕەکە جیاوازەکانی کەرکووک دەکەن،

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

بەڕپرسی لقی ٢٢:

پارتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان پێداگرە و چاوەڕوانی بەدەمەوەهاتنی لایەنەکانە

(زیاتر لەل2 بخوێنەوە)

پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵای سووریا ڕەچاوی تایبەتمەندیی ناوچەکە و شوناسی زانکۆی ڕۆژاڤا بکات

ئەنجومەنی زانکۆی ڕۆژاڤا: سازش لەسەر شوناسی کوردی و خوێندن بە زمانی دایک ناکەین

(زیاتر لەل2 بخوێنەوە)

مەحما خەلیل بە فەرمی وەک بەڕپرسی لقی ١٧ دەستبەکار بوو



لە مەراسیمێکی فەرمیدا و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەڕپرسانی حزبی و ئیداری، پرۆسەی ڕادەستکردن و وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی لقی ١٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، تێیدا مەحما خەلیل وەک بەڕپرسی نوێی لقی شنگال دەستبەکار بوو.دوێنێ دووشەممە، ٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٦، لە بارەگای لقی ١٧ی پارتی، مەراسیمی ڕادەستکردن و وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی لقەکە ئەنجام درا.

(زیاتر لەل3 بخوێنەوە)

ڕێبوار تاڵەبانی:

ڕێککەوتنی شنگال بەبێ کورد سەدا سەد پێشێلکاریی دەستوورە

(زیاتر لەل3 بخوێنەوە)

بێڕێزی بە خەباتگێڕان سووکایەتییە بە نیشتمان

سەلام عەبدوڵڵا

دوێنێ دووشەممە 2/11/2026، فەرمانێک لەلایەن دادگەی لێکۆڵینەوەی چەمچەماڵ دەرکراوە بەپێی (یاسای لابردنی زێدەڕەوی لەسەر مووڵکی گشتی) بۆ دەستگیرکردنی پێشمەرگەی دێرین و خەباتگێڕ بەڕێز کاکە حەمەی حاجی مەحمود، گوایە لە هەر شوێنێک ببینرێت دەستگیر بکرێت؟!

کاتێک ڕژێمی بەعس لە سەرەتای نەوەدەکاندا بە ناچاریی کوردستانی بەجێهێشت و کۆمەڵێک بنە و بنکە و بینای لە دوای خۆی بەجێهێڵا کە زۆربەیان بارەگا و شوێنی سەربازی و ئەمنی و جێگەی ئازار و ئەشکەنجە و سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان بوون و بەرەی کوردستانی کە تازە لە شاخ هاتبوونە نێو شارەکانەوە و حزب و لایەنەکان، هەریەکە و بەپێی توانای خۆی دەستی بەسەر ئەو جێگە و بارەگا و سەربازگانەدا گرت و کردیانە بارەگای حزبی و هەندێکیش کرایە شوێنی نیشتەجێبوون.

لەم پرۆسەیەدا هەموو حزبەکان بەشداربوون و ئەوەش بە کارێکی ناوازە لە قەڵەم نەدراوە، جا لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە بۆ لەم کاتەدا بڕیارێکی لەم جۆرە بە تەنیا دژی کاکە حەمە و حزبەکەی دەردەچێت و دەدرێتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەڕێزیان وەک تاوانبار نیشان بدرێ و فەرمانی دەستگیرکردن - لە هەر شوێنێک ببینرێت- گوایە دەستگیر بکرێ کە بەڕاستی بێ مانا و ناوەڕۆکە، چونکە هەموو ئەو ڕاستییەش دەزانین، ئەو جۆرە بڕیارە بەو شێوەیە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، مەگەر تەنیا مەبەست لەو «فەرمانە» بێڕێزی بێت. گەر ئەمە بڕیارێکی حکوومی سەرتاسەری و بۆ هەموو هەرێم بوایە، ئەوا بە جۆرێکی دیکە سەیر دەکرا و ڕەنگە بە ئاسانیش پیادە بکرابا، بەڵام بە تەنیا بۆ کەسایەتییەکی دیار و ئازای شەڕەکانی دژ بە ڕێکخراوی داعش کە تێیدا جگەرگۆشەیەکی ئازا و بە جەرگی لەبەرچاوی خۆی شەهید کرا و ئامادەی بەجێهێشتنی سەنگەرەکانی شەڕیش نەبوو، لە ناهەقی و بێ ویژدانیی زیاتر نییە، جگە لە سووکایەتی بە خەباتی (پ. م) و نیشتمان.

با دادگەکان خەریکی دەستگیرکردنی ئەوانە بن کە لە بەغدا و پەرلەمانەکەی ڕۆژانە بە چاوی خۆیان دەبینن، کەچی بەرانبەر هەرێمەکەمان و پیلانگێڕی شەیتانئاسا دژی دەکرێت و ئەوانە نە تەنیا بێدەنگن، بەڵکوو بەشدارن لە پلاندانان بۆ لاوازکردنی هەرێم و نەهێشتنی ئەو دەستکەوتانەی هەزاران قوربانی لەپێناودا دراوە.

بڕۆن یەخەی ئەوانە بگرن، ئەوانەی بوونەتە کەڕەنای دوژمن و ناحەزانی ئەم هەرێمە، نەک پێشمەرگەیەکی ئازا و دڵسۆزی ئەم نیشتمانە.

لە کۆتاییدا دەڵێین، هەموو پێشمەرگە و نیشتمانپەروەرێک پشتیوانی کاکە حەمەیە.

ئەمڕۆ ئەمریکییەکان دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان

هەڵبژاردنی نیوەی خولی 2026 چارەنووسی دەسەڵاتی ترامپ و کۆنگرێس یەکلا دەکاتەوە

لە سۆنگەی تاقیکردنەوەیەکی سیاسیی یەکلاکەرەوەدا بۆ ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکا دونالد ترامپ، ئەمڕۆ سێشەممە، 3ی تشرینی دووەمی 2026، پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنی نیوەی خولی ئەمریکا بەڕێوەدەچێت، کە تیایدا چاوەڕوان دەکرێت نزیکەی 210 ملیۆن هاووڵاتی ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەن. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە جەماوەرییە مللانێیەکی بەهێز لەسەر تەواوی 435 کورسییەکەی ئەنجومەنی نوێنەران بەخۆیەوە دەبینێت، کە تێیدا کۆمارییەکان بە 219 کورسی بەرانبەر 214 کورسی دیموکراتەکان سەردەستن و دیموکراتەکانیش تەنیا پێویستیان بە دەستکەوتێکی سنورداری بۆ وەرگرتنەوەی کۆنترۆڵی ئەنجومەنەکە؛ هاوکات کێبڕکێ لەسەر 35 کورسی ئەنجومەنی پیران لە کۆی 100 کورسی ئەنجام دەدرێت کە 23یان لە ژێر دەستی کۆمارییەکاندایە (53 کورسی بەرامبەر 47 کورسی زۆرینەن)، جگە لەوەش مللانێکە دریژەدەبێتەوە بۆ هەڵبژاردنی پارێزگارەکان لە 36 ویلایەت و سێ ناوچەی سەر بە ئەمەریکا (دورگەی گوام، دورگەکانی ماریانای باکوور، و دورگەکانی ڤێرجنی ئەمەریکی)، تاوەکو نەخشەی نوێی هاوسەنگی هێز لە کواپیتۆڵ و چارەنووسی نیوەی دووەمی ویلایەتە سەرۆکایەتییەکەی ترامپ بە تەواوی دیاری بکات.

شاخەوان عەبدوڵڵا سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق:

پشتیوانی لە داواکارییەکانی خەڵکی کەرکووک دەکەین و هەوڵی زیادکردنی کارەبای نیشتمانییان بۆ دەدەین



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، پشتیوانیی خۆی بۆ خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کەرکووک دژی گرانکردنی نرخی ئەمپێری مۆلیدە ئەهلییەکان ڕاگەیاند و دەڵێت، لەگەڵ وەزیری کارەبای عێراق گفتوگۆیان کردووە بۆ ئەوەی پشکی کارەبای نیشتمانیی پارێزگاکە زیاد بکرێت.

دوێنێ دووشەممە 2ی تشرینی دووەمی 2026، د. شاخەوان عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەی کەرکووک بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە کرد، لە نزیکەوە و بە وردی بەدواداچوون بۆ شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان و خۆپیشاندانی شارستانییانەی خەڵکی گەڕەکە جیاوازەکانی کەرکووک دەکەن، کە لە بەرانبەر «بەرزکردنەوەی نارەوای نرخی ئەمپێری مۆلیدە ئەهلییەکان و سەپاندنی بارگرانیی زیاتر بەسەر گوزەرانی ڕۆژانەیاندا» هاتوونەتە دەنگ.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا، د. شاخەوان عەبدوڵڵا پشتیوانیی فراکسیۆنەکەی بۆ ڕەوایەتیی داواکارییەکانی خەڵکی کەرکووک دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە کە «ڕەوا نییە خەڵکی شاری کەرکووک کە لەسەر کانگای وزە و سامانی وڵات دەژین، باجی کەمتەرخەمیی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و ئەم بڕیارە نادادپەروەرانەیە بدەن.»

هەروەها سەبارەت بە هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکە، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئاشکرای کرد کە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەوڵ و بەدواداچوونی بەردەوامدان و ڕایگەیاند: «لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیری کارەبا، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی گفتوگۆمان تایبەت بوو بە زیادکردنی پشکی کارەبای نیشتمانی بۆ پارێزگاکە، تاوەکوو دەستبەجێ ئەم بارگرانییە لاببرێت و نرخەکان کەم بکرێنەوە.»

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشدا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دڵنیایی داوەتە هاوواڵاتیانی کەرکووک کە تاوەکوو جێبەجێکردنی تەواوی داواکارییە ڕەواکانیان و هەڵگرتنی ئەو بارگرانییە قورسە، لە گوشار و بەدواداچوونی بێوچانی خۆیان بەردەوام دەبن.

بەرپرسی لقی ٢٢:

پارتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان پێداگرە و چاوەڕوانی بەدەمەوەهاتنی لایەنەکانە



بەرپرسی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە زۆر گرنگە لایەنەکان بێنە پێشەوە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان.

حوسێن کەلاری بە ZNAی ڕاگەیاندووە: «ئەوەی گرنگە، پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ پێکهێنانی حکوومەت، پابەندبوون بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەوە باشترین هۆکارە بۆ سەقامگیریی سیاسی. هەروەها لە زمانی گوتبێژی پارتیانەوە باس لەوە کراوە کە بەرەوپێشچوونێکی باش هەبووە لە گفتوگۆکان لەسەر پێکهێنانی حکوومەت و هیواداریین ئەم بابەتە بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێت.»

بەرپرسی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی ڕاشیگەیاند: «ئێمە لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەماندایین و لیستی زۆرینە ڕادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکوومەت؛ هەتا پەرلەمان کارا نەکرێت، چۆن حکوومەت پێکهێنرێت؟ بۆیە پارتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان پێداگرە و چاوەڕوانی بەدەمەوەهاتنی لایەنەکانە.»



کاتێ یاسا دەکرێتە ئامرازی ناوزڕاندنی کەسایەتیی تێکۆشەر

کاکە حەمە بە نموونە

ئازاد حاجی شەریف

دوێنێ بابەتێک بووە مایەی سەرنج و تێڕامانی خەڵکی کوردستان، ئەویش بڕیاری دەستگیرکردنی کاکە حەمەی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بوو. لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نییە کەس لە سەرووی یاسا بێت، بەڵام کاتێ یاسا دەکرێتە ئامراز بۆ لێدان لە کەسایەتییەکی تێکۆشەر و پێشمەرگەیەکی دێرینی وەک کاکە حەمە جێی پرسیارە.

ئەو بابەتەی کراوەتە بیانوو بۆ دەستگیرکردنی کاکە حەمە، بارەگایەکی حزبی سۆشیالیستە، کە وەک وتەبێژی ئەو حزبە ڕایگەیاند لە ساڵی 1991ـەوە بارەگای حزبەکەیانە، ئەوەش ڕاستە لە دوای ڕاپەرینی ساڵی 1991ـەوە زۆربەی بینا و مومتەلەکاتی حکوومەتی بەعس بوون بە بارەگای حزبەکانی کوردستان، زۆر لەو بینایانە تاپۆکران، کەواتە لێرەدا نابێ بانێک و دوو هەوا بێت.

وەک تێبینی دەکرێت، ئەگەر ئەو شوێنە بۆ هەر مەبەستێک چاوی خرابێتەسەر، بەڵام حزبەکەی کاکەحەمە تازە نەچووەتە ناوییەوە، بەڵکوو 35 ساڵ لەمەوبەر بووەتە یەکێک لە بارەگاکانی ئەو حزبە.

کاکە حەمە تێکۆشەرێکی دیاری گەلەکەمانە، هەمیشە بەرگریکارێکی دڵسۆز و بە وەفابووە بۆ خاکی کوردستان، لە شەڕی تیرۆریستانی داعش بەشدارییەکی کارای کرد و کوڕەکەشی لە یەکێک لە شەڕەکانی کەرکووک لە شەڕی دژی داعش شەهید بوو، کاکە حەمە ئەوەندە بە هەڵوێست بوو، نەیویست سەنگەر چۆڵ بکات و لەگەڵ جەنازەی کوڕەکەی بچێتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، دەمێکە ماشێنی پەلاماردان بە ناوزڕاندن لە بەرانبەر کاکە حەمەدا خراوەتەگەڕ، ئەو گرووپ و تاقمانەی لە جیاتی داگیرکەران سوکایەتی بە پێشمەرگە و تێکۆشەران دەکەن، چەند ساڵێکە پەلاماری ئەو تێکۆشەرەش دەدەن، هەر لەبەر ئەوەی هەڵوێستی کوردانەی هەیە. زۆرجار هێشتا کاکە حەمە لێدوانی بەتەواوی بڵاونەبۆتەوە، تاقمە حازربەدەستەکانی ناشیرینکردنی نیشتمان بەناوی ملمالێنێی حزبایەتی، پەلاماری دەدەن. بۆیە هەق نەبوو لەو کات و ساتەدا ئەو بڕیارە بکرێتە ئامرازێکی لێدان لە کەسایەتی ئەو تێکۆشەرە، چونکە بڕیارەکە هێزی یاسایی لەدەست دەدات و مۆرکێکی ناشکرای سیاسیی پێوە دەلکێت.

کاکە حەمە و هەموو کاکە حەمەکان نابێ لەسەرووی یاسابن، دلنیام ئەویش نایەوێ یاسا پشتگوێ بخرێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە یاسا بکرێتە بەرگی کەیسی سیاسی، مەبەستیش ئەوە نییە تێکۆشەران لە دەرەوەی یاسا بن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کاکە حەمە هەڵوێستی ڕاشکاوانەی هەیە و ئێستا باجی ئەو هەڵوێستانە دەدات، دەنا دەکرا بەجۆرێک قسە لەبارەی ئەو خانووە کرابا کە پێویست بوو لە جیاتی ئەوێ بە شوێنێکی دی و بینایە قەرەبوو بکرێنەوە، چونکە دوای ڕاپەڕین زۆر لەو جۆرە شوێنانەی سەردەمی بەعس خەڵک چووە ناویانەوە و دواتر لە شوێنی دی قەرەبوو کراونەتەوە، بە کوردی و پوختی دەکرا ئەو کەیسە سیاسییە بە یاساییکراوە، پێش ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە بە دانوستان و قەرەبووکردنەوەیەکی شایستە کۆتایی پێهاتبا.

بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پێشوازی لە شاندێکی کونسوڵگەریی بەریتانیا دەکات



بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، لە پێشوازیکردنی لە شاندێکی کونسوڵگەریی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر، تاوتوێی دوا پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکان، پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و دۆخی شنگالی کرد و جەختی لەسەر پەرەوکردنی دیالۆگ و ڕێزگرتن لە دەستوور کردەوە.

لە چوارچێوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکاندا، مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە تۆم برۆملی، بەرپرسی نوێی بەشی سیاسی و خاتوو هاریەت بێڵ لە کونسوڵگەریی گشتیی شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) لە هەولێر کرد. لە سەرەتای دیدارەکەدا هوشیار سیوەیلی پیرۆزبایی لە بەرپرسە نوێیەکە کرد و سوپاسی ڕۆڵی خاتوو هاریەت بێڵی لە پێشخستنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکاندا کرد.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، هەردوولا ڕا و بۆچوونیان دەربارەی گرژییە هەرێمایەتییەکان و ئاستەنگە ئەمنی و ئابوورییەکان ئاڵوگۆڕ کرد. بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ڕوونی کردەوە کە هەرێمی کوردستان بەشێک نییە لە ململانێ و ناکۆکییە هەرێمییەکان و ناپێتە بەشێکیش لێی، بەڵکوو باوەڕی تەواوی بە دیالۆگ و قبوڵکردنی یەکتری لە چوارچێوەی یاسادا هەیە. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، تەوەرێکی سەرەکیی گفتوگۆکان تیشکخستنە سەر پرسی بودجە و مافە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بوو، تێیدا جەخت لە گرنگیی گەیشتن بە چارەسەرێکی دادپەروەرانە و دەستووری کرایەوە کە سەقامگیریی ئابووریی عێراقیش بەهێز بکات. هەروەها دۆخی ئەمنیی شنگال و مەترسیی گرووپە چەکدارەکان لەسەر دەسەڵاتی دامەزراوە فەرمییەکان تاوتوێ کرا و دووپات کرایەوە کە چارەسەری ڕیشەیی کێشەکان تەنیا لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە دەستوور و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانەوە دەبێت.

لە کۆتاییدا، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئاماژەی بەوە دا کە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگە لە ئاسایشی ناوچەکە و جەختی لە بەردەوامیی هاوئاهەنگی و گفتوگۆکان لەگەڵ کونسوڵگەریی بەریتانیا کردەوە بۆ بەهێزکردنی ئاشتی و سەقامگیری.

پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵای سووریا ڕەچاوی تایبەتمەندیی ناوچەکە و شوناسی زانکۆی ڕۆژاڤا بکات

ئەنجومەنی زانکۆی ڕۆژاڤا: سازش لەسەر شوناسی کوردی و خوێندن بە زمانی دایک ناکەین

دوێنێ دووشەممە 2ی تشرینی دووەمی 2026، ئەنجومەنی زانکۆی ڕۆژاڤا لە ڕاگەیێندراوێکدا بڵاویکردەوە، بڕیارەکانی ئەم دواییەی وەزارەتی خوێندنی باڵای سووریا سەبارەت بە یەکگرتنەوەی زانکۆکەیان، لە ئاست چاوەڕوانی و مافە ڕەواکانیاندا نییە و بەتەواوی لە واقیعی ناوچەکە دوورن؛ جەختیش دەکاتەوە کە سازش لەسەر شوناسی کوردی و خوێندن بە زمانی دایک ناکەن. زانکۆکە داواکارییەکانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕکردووەتەوە:

* پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕەچاوی تایبەتمەندیی ناوچەکە و شوناسی زانکۆی ڕۆژاڤا بکات.
* بۆ ئەمسااڵی خوێندن پێگەی زانکۆکە وەک خۆی بمێنێتەوە، تاوەکوو لە ڕێگەی دیالۆگەوە فۆرمووڵێکی هاوسەنگ دەدۆزرێتەوە.
* ڕێگری بکرێت لە داخستنی هیچ بەشێک.
* ڕەچاوکردنی خوێندن بە زمانی کوردی، چونکە قوتابیان 12 ساڵە بە زمانی دایک دەخوێنن و گواستنەوەیان بۆ زانکۆ عەرەبییەکان کێشەیان بۆ دروستدەکات.
* ڕەچاوکردنی دۆخی سەختی ئابووری، کە ڕێگرە لە بەردەم چوونی قوتابیان بۆ پارێزگاکانی دیکە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیێندراوەکەدا، بڕیارە بە واتای پەراوێزخستنی زمانی کوردی دێت و لە ڕێپێوانەکەیاندا ڕایانگەیاند: داوا دەکەین پرۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی کوردی بخوێندرێن و لە دەستووردا وەک زمانێکی فەرمی لە وڵاتدا دانی پێدا بنرێت.

شایانی باسە، خۆپیشاندانەکەی دوێنێ دووشەممە لە چوارڕیانی (عوسمان سەبری)ـیەوە دەستی پێ کرد و تاوەکوو بەردەم باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە لە ناوەڕاستی شاری قامیشلۆ بەردەوام بوو. لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا، قوتابیان چەندین دروشمیان بۆ گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی حکوومەتی سووریا بەرز کردەوە و جەختیان لەوە کردەوە کە سازش لەسەر مافەکانیان ناکەن.

قوتابیانی قامیشلۆ دژی سنووردارکردنی خوێندنی کوردی ڕژانە سەر شەقامەکان



بڕیارێکی حکوومەتی سووریا بۆ سنووردارکردنی خوێندنی زمانی کوردی، ناڕەزایەتیی بەرفراوانی قوتابیانی لە شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لێ کەوتووەتەوە. بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردەی سووریا کە ماوەی سێ مانگە دەرچووە و تێیدا وانەی کوردی تەنیا بۆ سێ بەشەوانە لە هەفتەیەکدا کەم کراوەتەوە، لەلایەن خەڵک و قوتابیانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە هێشتا قبووڵ نەکراوە. بە گوێرەی ئاڤا، لە دژی ئەم بڕیارە، دوێنێ دووشەممە، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی شاری قامیشلۆ ڕژانە سەر شەقامەکان و داوای پاراستنی مافی خوێندن بە زمانی دایکییان کرد.

خۆپیشاندەران باس لەوە دەکەن کە ئەم بڕیارە نادادپەروەرانەیە بدەن.»

هەروەها سەبارەت بە هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکە، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئاشکرای کرد کە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەولێر و بەدواداچوونی بەردەوامدان و ڕایگەیاند: «لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیری کارەبا، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی گفتوگۆمان تایبەت بوو بە زیادکردنی پشکی کارەبای نیشتمانی بۆ پارێزگاکە، تاوەکوو دەستبەجێ ئەم بارگرانییە لاببرێت و نرخەکان کەم بکرێنەوە.»

لە کۆتاییدا ڕاگەیەندراوەکەشدا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دڵنیایی داوەتە هاوواڵاتیانی کەرکووک کە تاوەکوو جێبەجێکردنی تەواوی داواکارییە ڕەواکانیان و هەڵگرتنی ئەو بارگرانییە قورسە، لە گوشار و بەدواداچوونی بێوچانی خۆیان بەردەوام دەبن.

بەرپرسی لقی ٢٢:


پارتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان پێداگرە و چاوەڕوانی بەدەمەوەهاتنی لایەنەکانە

بەرپرسی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە زۆر گرنگە لایەنەکان بێنە پێشەوە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان.

حوسێن کەلاری بە ZNAی ڕاگەیاندووە: «ئەوەی گرنگە، پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ پێکهێنانی حکوومەت، پابەندبوون بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەوە باشترین هۆکارە بۆ سەقامگیریی سیاسی. هەروەها لە زمانی گوتبێژی پارتیانەوە باس لەوە کراوە کە بەرەوپێشچوونێکی باش هەبووە لە گفتوگۆکان لەسەر پێکهێنانی حکوومەت و هیواداریین ئەم بابەتە بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێت.»

بەرپرسی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی ڕاشیگەیاند: «ئێمە لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەماندایین و لیستی زۆرینە ڕادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکوومەت؛ هەتا پەرلەمان کارا نەکرێت، چۆن حکوومەت پێکهێنرێت؟ بۆیە پارتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان پێداگرە و چاوەڕوانی بەدەمەوەهاتنی لایەنەکانە.»

مەحما خەلیل بەفەرمی وەک بەرپرسی لقی ١٧ی پارتی دەستبەکار بوو



لە مەراسیمێکی فەرمیدا و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و ئیداری، پرۆسەی ڕادەستکردن و وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی لقی ١٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، تێیدا مەحما خەلیل وەک بەرپرسی نوێی لقی شنگال دەستبەکار بوو.دوێنێ دووشەممە، ٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٦، لە بارەگای لقی ١٧ی پارتی، مەراسیمی ڕادەستکردن و وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی لقەکە ئەنجام درا.

مەراسیمەکە بە ئامادەبوونی نەوزاد هادی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای نەینەوای پارتی، هەروەها جێگران و ئەندامانی مەکتەب و نوێنەرانی بەشەکانی ڕێکخستن و دارایی مەکتەبی سیاسی بەڕێوەچوو.
لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکەدا، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرانی حزب، نوێنەرانی دامودەزگا حکوومی، ئیداری، ڕۆشنبیری و ئەمنییەکانی پارێزگای نەینەوا ئامادەی بوون، مەحما خەلیل بەفەرمی لە شوێنی نازم هەرکی وەک بەرپرسی نوێی لقی ١٧ دەستبەکار بوو.
بەپێی زانیارییەکان، ئەم ئاڵوگۆڕە لە کەشێکی ڕێکخستنی حزبییانەدا بەڕێوەچووە و تێیدا جەخت لەسەر بەردەوامیی کارکردن بۆ خزمەتکردنی زیاتری ناوچەکە، بەهێزکردنی ڕێکخستنەکان و پەیڕەوکردنی ڕێبازی بارزانی کراوەتەوە.

ڕێبوار تاڵەبانی: ڕێککەوتنی شنگال بەبێ کورد سەدا سەد پێشێلکاریی دەستوورە

شنگال خاکی کوردستانە و بابەتی ناوچە کوردستانییەکان جێگەی سازشکردن نییە

ڕاوێژکارێکی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە هەر ڕێککەوتنێک سەبارەت بە ڕەوشی شنگال بەبێ بەشداریی کورد ئەنجام بدرێت، پێشێلکارییەکی ئاشکرای دەستووری تێراقە. جەختیش دەکاتەوە کە شنگال خاکی کوردستانە و بابەتی ناوچە کوردستانییەکان جێگەی سازشکردن نییە.



ڕێبوار تاڵەبانی، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە «نەگونجاوە کەسانێک بڕیار لەسەر ناوچەیەک بدەن کە هی ئەوان نییە. مێژوو دەیسەلمێنێت کە زۆرینەی دانیشتووانی ویلایەتی مووسڵ کورد بوون، بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووریش ئەو ناوچانە کوردستانیین و دەبێت کورد لە هەموو ئاستەکانی بڕیاردا لەوانەش سەربازی و یاسایی بەشدار بێت.» تاڵەبانی ئاماژەی بە هەوڵەکانی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق و سەردەمی بەعس کرد بۆ گۆڕینی ناسنامەی ئەو ناوچانە و گوتی «حکوومەتەکانی پێشوو هەموو ڕێگەیەکیان تاقیکردەوە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا و ناسنامەی ناوچە کوردستانییەکان، بەڵام سەرئەنجام شکستیان هێنا و ناوچەکان بۆ ئامێزی کوردستان گەڕانەوە.» لە کۆتایی لێدوانەکەیدا، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەت گوتیشی، «نابێت نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەرانبەر ئەم پێشێلکارییە دەستوورییە بێدەنگ بن. ڕاستە ناکۆکیی سیاسی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکاندا هەیە، بەڵام ناسنامەی ناوچە کوردستانییەکان کە سەدان هەزار کەس لەپێناویدا بوونەتە قوربانی، بابەتی نیشتمانیین و بە هیچ جۆرێک سازشیان لەسەر ناکرێت.»

شرۆڤەکارێکی سیاسیی ئەمەریکا: ڕەنگە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هێرش بکرێتە سەر وێستگەیەکی ئەتۆمیی ئێران

تەکەر کارڵسن، شیکەرەوە و پێشکەشکاری دیاری ئەمەریکی لە هەژماری خۆی لەسەر تۆڕی ئێکس نووسیویەتی، لەوانەیە تەنیا چەند ڕۆژێکی مابێت بۆ دەستپێکردنی هێرشێکی ئەتۆمی بۆ سەر وێستگەیەکی ئەتۆمیی ئێران، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی گوشارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئیدارەی ترەمپ. بەپێی ئاڤا، لە پۆستێکی دووردرێژدا کارڵسن نووسیویەتی: بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، گوشارێکی زۆر لە ئەمەریکا دەکات بۆ ئەنجامدانی هێرشێک بۆ سەر کێوی کۆڵینگ ناسراو بە چیای پیکاس، کە یەکێکە لە شاراوەترین وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێران.
کارڵسن ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات «هیچ چەکێک لە کۆگاکانی ئەمەریکادا نییە بتوانێت 300 پێ (نزیکەی 90 مەتر) بەردی گرانییت ببڕێت بۆ ئەوەی بچێتە ناو تونێلەکان، بۆیە تەنیا بژاردە هێرشی ئەتۆمییە.)).
کارڵسن باسی لەوەش کردووە: ڕۆژانە نەتانیاهۆ پەیوەندی بە ترەمپەوە دەکات بۆ ئەم مەبەستە». کارڵسن پێشبینی کردووە ترەمپ تاوەکو 7ی ئەم مانگە بڕیاری کۆتایی بدات.
ئەو شرۆڤەکارە سیاسییە ئەمەریکییە ئاماژەشی بە دوودڵیی ترەمپ کردووە لە بڕیاردان. بەپێی وتەی کارڵسن، پیت هێگسێت، وەزیری جەنگ و براد کۆپەر، فەرماندەی سێنتکۆم لەگەڵ مارکۆ ڕوبیۆ، وەزیری دەرەوە و جۆن ڕاتکلیف، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی، پشتیوانی لە هێرشەکە یان هەڵوێستی نەتانیاهۆ دەکەن، بەڵام هەر یەکە لە جەی دی ڤانس، جێگری سەرۆک و ستیڤ ویتکۆف نیگەرانی تایبەت پێیان وایە هێشتا دەرفەت بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران هەیە.



عێراق حەوت ترلیۆن دینار لە بودجە بۆ کڕینی سیستمی بەرگریی ئاسمانی تەرخان دەکات



عێراق لە بودجەی ساڵی 2027 بڕی حەوت ترلیۆن دیناری تەرخانکردووە بۆ کڕینی سیستمی بەرگریی ئاسمانی لە تورکیا و کۆریای باشوور.
حکوومەتی عێراق لە ڕەشنووسی بودجەی 2027 پارەیەکی زۆری بۆ بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی ئاسمانی تەرخانکردووە، دەیەوێت بواری بەرگریی ئاسمانی لە ڕێگای کڕینی درۆن، ڕادارو پێشکەوتوو و مووشەک بەهێز بکات.
بۆ ئەم مەبەستەش گرێبەستی لەگەڵ کۆریا و تورکیا کردووە. بەپێی ئاڤا، سەباح نوعمان وتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بە میدیای فەرمی حکوومەتی عێراقی گوتووە، وەزارەتی بەرگریی عێراق دەیەوێت سەرلەنوێ سیستەمی بەرگریی ئاسمانی بەشێوازێکی پێشکەوتوو، بەهێز بکاتەوە، ڕادارو مەودا کورت، مامناوەند و درێژ، سیستمی دژە مووشەکی و درۆن بکرێت.
سەباح نوعمان ئەوەشی ئاشکرا کردووە، عێراق گرێبەستی بۆ کڕینی سیستمی بەرگریی ئاسمانی پێشکەوتوو و تورکیا واژۆ کردووە، ئەم دوو سیستمە (کۆری و تورکییەکە) پێکەوە کاردەکەن بۆ دروستکردنی تۆرێکی بەرگریی ئاسمانیی یەکگرتوو، کە دەتوانێت لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی چەندین جۆری جیاوازی مەترسیی ئاسمانی ببێتەوە.
بەپێی زانیارییەکانی هەمان سەرچاوە، لە بودجەدا تەرخانی دارایی بۆ سیستمی بەرگریی عێراق، نزیکەی حەوت ترلیۆن دینار تەرخان کراوە. هەروەها عەلی زەیدی سەرۆکوەزیرانی عێراق، ڕێنمایی داوە، سەرەڕای گوشارە دارایەکانی سەر عێراق، سندووقێکی تایبەت بۆ دابینکردنی دارایی پێویست بۆ بەرگریی ئاسمانیی عێراق دروست بکرێت.
شایانی باسە، دوای کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق، ئێستا حکوومەتی عێراق ڕووبەڕووی ئاڵنگاری قورس بووەتەوە بۆ پاراستنی کایەی ئاسمانی، بە تایبەت لە کاتێکدایە وڵاتانی ناوچەکە بەهۆی شەڕی ئەم دواییە، ڕووبەڕووی تەنگەژەی قورس بوونەتەوە لە پاراستنی ئاسمانی وڵاتەکەیان.

عێراق گرێبەستی تێپەڕبوونی ئینتەرنێت لەگەڵ ئەوروپا واژۆ دەکات

عێراق گرێبەستێکی ستراتیژی بۆ تێپەڕبوونی هێڵی ئینتەرنێتی سێ وڵات بە خاکی خۆیدا بەرەو ئەوروپا واژۆ دەکات. هاوکات لەگەڵ بەردەستبوونی ئینتەرنێتی ستارلینک، وەزارەتی گەیاندنی عێراق بڕیاری داوە خێرایی ئینتەرنێت بە ڕێژەی 20% زیاد بکات.
عومەر عەبدولڕەزاق، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی گەیاندنی عێراق، بە K24ی ڕاگەیاندووە، ڕۆژی چوارشەممە، 9ی کانونی یەکەم، لە پەراوێزی هەڵبژاردنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی گەیاندن؛ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی عێراق لەگەڵ نوێنەرانی سێ وڵات گرێبەستێک واژۆ دەکات. بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتنە هێڵی ئینتەرنێتی ئەو سێ وڵاتە بە خاکی عێراقدا تێدەپەڕن و دەگەنە تەواوی وڵاتانی ئەوروپا. هەروەها ئاماژەی بەوە دا، ئەم پرۆژەیە دەتوانێت پێگەی عێراق وەک ناوەندێکی هەرێمی بۆ گواستنەوەی داتا پتەوتر بکات و ڕێڕەوێکی نوێش بۆ پەیوەندیی نێودەوڵەتیی ئینتەرنێت دروست بکات. عومەر عەبدولڕەزاق باسی لەوە کرد، ئەمە لە داهاتوودا دەتوانێت گرنگیی عێراق لە بواری تەکنەلۆژیا و پەیوەندیی دیجیتاڵی زیاد بکات. گوتیشی، ڕێککەوتنەکە وا دەکات متمانەی زیاتری کۆمپانیاکان و وڵاتان لەگەڵ عێراق بۆ بواری ئینتەرنێت و دیجیتاڵی دروست بێت.
بە شێوەیەکی گشتی لە سەرتاسەری عێراق نزیکەی 50 کۆمپانیای جۆراوجۆر ئینتەرنێت دابین دەکەن، دیارترین ئەو کۆمپانیایانەش بریتین لە سوپەرسێڵ نێتۆرک، ئێرپ لینک، زەین، ئاسیاسێڵ، ئۆنلاین، تۆرۆس، ئای کیو، عێراق سێڵ و ڕێگەی سورەیا. ئەم هەنگاوانە لە کاتێکدان، لە ماوەی ڕابردوودا دابینکردنی ئینتەرنێت لە عێراق لە ڕێگەی ستارلینکەوە بەردەست بووە. هاوکات مانگی ڕابردوو وەزارەتی گەیاندنی عێراق بڕیاری دا خێرایی ئینتەرنێت بە ڕێژەی 20% زیاد بکرێت و بگاتە 50 میگابایت لە چرکەیەکدا.



منداڵانی ماڵی ئازیزانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە هەولێر سەردانی پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب دەکەن

عومەر ئەحمەد حەسەن: لە ڕێگەی خولی پەروەردەیی و ڕاوێژکاریی دەروونییەوە ئازیزانمان بەرەو ئامانجە گەورەکان ئاراستە دەکەین



خەبات - ساسان دەروێش

ماڵی ئازیزان لە دەزگای خێرخوازیی بارزانی، بە هاوکاری و پشتیوانیی دارایی، خزمەتگوزارییەکانی خۆی لە بواری تەندروستی، پەروەردە و ڕەخساندنی کاتی خۆش بۆ سوودمەندەکانی پێشکەش دەکات.





ماڵی ئازیزان یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، کە خزمەتگوزارییە مادەدی، تەندروستی و پەروەردەییەکانی بۆ منداڵان، بەساڵاچووان، ئاوارە و پەنابەران پێشکەش دەکات، بە مەبەستی ئەوەی سوودمەندەکانی وەک ئازیزانی خۆی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ژینگەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و ئارامییان بۆ دابین بکرێت. لەوبارەیەوە، عومەر ئەحمەد حەسەن، بەڕێوەبەری ماڵی ئازیزان و بێهاوژینانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، لە گفتوگۆیەکدا بۆ خەبات گوتی: ماڵی ئازیزان لە سێ هۆبەی سەرەکی پێک دێت. هۆبەی یەکەم، هۆبەی داتا و زانیارییە، کە لە ئەنجامدانی کارەکاندا لە پێشکەوتووترین بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان سوود وەردەگرێت. هەروەها هۆبەی دووەم، هۆبەی پەروەردەیی و پڕۆگرامە، کە لە چوارچێوەی ئەپڵیکەیشنی ئازیزاندا دوو ئامانجی سەرەکی هەیە، یەکەمیان پێشکەشکردنی کۆمەڵێک خول و سیمیناری پەروەردەییە، دووەمیان پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی دەروونی بۆ ئازیزان و کەس و کارییانە، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕووی دەروونییەوە یارمەتییان بدەین و چارەسەری پزیشکیی پێویستیان بۆ دابین بکەین . عومەر ئەحمەد حەسەن، سەبارەت بە بەشداریی منداڵانی ماڵی ئازیزان لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر، گوتی: ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦، بە ئامادەبوونی سەرۆک مەسعود بارزانی و بە دروشمی "من کوردستانیم"، خولی هەژدەیەمی پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر کرایەوە. جێگەی دڵخۆشییە کە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکان بە گرووپ و لەگەڵ مامۆستاکانیان سەردانی بەشەکانی پێشانگەکەیان کرد و قوتابییانیان هاندا بۆ خوێندنەوە. لە پاڵ ئەمەشدا، لەگەڵ ئازیزانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی گەڕانێکمان بە نێو پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب کرد. گرنگە کتێب بکەینە هاوڕێی خۆمان، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی ڕووناتر هەبێت و ئازیزانمان بەرەو سەرکەوتن و ئامانجە گەورەکان ئاراستە بکەین. لە چوارچێوەی ئەم سەردانەدا، بەشێک لە منداڵانی ماڵی ئازیزان سەردانی ستاندی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی لە بەرلینیان کرد، ئەو ئینستیتووتەی پێشتر ڕایگەیاندبوو کتێبە چاپکراوەکانی خۆی بە بێبەرامبەر پێشکەشی قوتابییان دەکات.

د. فەریاد فازڵ عومەر، سەرۆک و دامەزرێنەری ئینستیتووتی خوێندنی کوردی لە بەرلین، بە گەرمی پێشوازیی لە منداڵانی ماڵی ئازیزان کرد و کتێبەکانی وەک دیاری پێشکەشیان کرد. د. فەریاد فازڵ عومەر، لەوبارەیەوە گوتی: سوپاسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەکەم کە ئەم منداڵە چاوگەشانەیان هێناوەتە لای ئێمە. بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێ دەکەین. ئەمساڵ نزیکەی ٨٠ کتێب چاپ و بڵاو دەکەینەوە و لەو کتێبانە دەکەینە دیاری بۆ منداڵان، بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە زانست و زانیاریی ناوەڕۆکەکانیان وەربگرن ،کتێبەکانی کە بە زمانی شیرینی کوردی نووسراون و تایبەت بە خۆیانن. هەروەها سوپاسی سەرۆک بارزانی دەکەین، کە هاوکار و پشتیوانێکی گەورەی ئێمەیە، و بەردەوام دەبین لە کار و چالاکییەکانمان.

جەنگی دەروونی



خدر مەنتک

بەشی یەکەم

پێشەکی

جەنگ هەمیشە بە تانک و تۆپ و سوپا ئەنجام نادرێت، جۆرێکی دیکەش لە جەنگ هەیە؛ کە مەیدانەکەی خاک و سنوور نییە و ئامانجەکەشی ڕووی لە جەستە نییە. جەنگێکە کە دەکرێت لە دوورەوە بەڕێوە بچێت، بەبێ ئەوەی دەنگی فیشەکێک بەرز ببێتەوە، بەبێ ئەوەی هێزێکی چەکدار بچێتە ناو شارێک و بەبێ ئەوەی لە سەرەتادا کەسێک هەست بکات لەگەڵ جەنگێکدا ڕووبەڕووە. ئەم جەنگە لەوانەیە بە هەڕەشەیەک دەست پێ بکات، بە نمایشکردنی هێزێک بەردەوام بێت، بە پەیامێکی ترسێنەر پەرە بستێنێت و بە دووبارەکردنەوەی هەمان پەیام جێگیر ببێت. لەوانەیە خەڵک بە تێپەڕبوونی کات هەست بکەن کە هەڕەشەکە هەمیشە لەسەر سەریانە، هیچ بڕیارێک ناتوانێت بارودۆخەکە بگۆڕێت و هەر هەوڵێک بۆ گۆڕانکاری بە شکست کۆتایی دێت. ئەو کاتە پرسیارەکە ئەوە نییە کە چەند سەرباز و چەند چەک لەبەردەستدایە؛ بگرە پرسیارەکە ئەوەیە کە بەرانبەر تا چەند توانیویەتی ویست و هیوای ئەو کۆمەڵگەیە لاواز بکات. ئەمەیە یەکێک لەو بابەتانەی کە لە سیاسەت و مللانێی نێوان دەوڵەتاندا بە «جەنگی دەروونی» ناسراوە.

بۆ ئەوەی لە جەنگی دەروونی و سیاسەتی دەروونیی وڵاتانی ناوچەکە دڕ بە کورد، تێ بگەین پێویستە لەوەوە دەست پێ بکەین کە ئەم جەنگە چییە و چۆن کار دەکات.

جەنگی دەروونی چییە؟

جەنگی دەروونی، لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێت(Psychological War-fare) هەروەها بە زمانی عەرەبی پێی دەگوترێت:(الحرب النفسیە)، ئەم جەنگە بەوە پێناسە دەکرێت:«بریتییە هەڵمەتێکی ڕێکخراو و هەمەلایەنەیە کە تێیدا پڕوپاگەندە، هەواڵ، دەنگۆ، وێنە، فیلم، هەڕەشە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی کاریگەریدانان لەسەر هەست و بیرکردنەوە بەکاردەهێنرێن. ئامانجیشی ئەوەیە هەڵوێست و باوەڕی کۆمەڵێکی دیاریکراو بگۆڕدرێت، بۆ ئەوەی ڕەفتار و بڕیارەکانی لەگەڵ هەڵوێستی خەڵکی فراوانتر کردووە.

بەڵام بنەمای جەنگی دەروونی هەر ئەوەیە: هەوڵدان بۆ گۆڕینی هەست، هەڵسەنگاندن و بڕیاری بەرامبەر. ئەوەی گۆڕاوە، ئامرازەکان و خێرایی و فراوانیی کاریگەرییەکەیەتی.

جەنگی دەروونی بەرامبەر بە گەلی کورد

تورکیا؛ نکۆڵیکردن لە ناسنامە و دروستکردنی وێنەیەکی نەرێنی یەکێک لە نمونە مێژوویییەکانی پەنابردن بۆ جەنگی دەروونی، شێوازی مامەڵەکردن بووە لەگەڵ ناسنامەی کورد لە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیادا. ساڵانێکی زۆر، لە گوتاری فەرمیی دەوڵەتی تورکیدا هەوڵ دراوە بوونی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز نکۆڵی لێ بکرێت. هەر لەو چوارچێوەیەشدا زاراوەی «تورکی شاخاوی» (Moun-tain Turks) بۆ کورد بەکارهاتووە؛ زاراوەیەک کە کوردی وەک گەلێکی جیاواز قەبووڵ نەدەکرد و هەوڵی دەدا ناسنامەی کوردی لە چوارچێوەی ناسنامەی تورکیدا بتوێنێتەوە.

ئەمە تەنها کێشەیەکی وشەسازی نەبوو؛ کاتێک زمان و ناسنامەی گەلێک ڕەت دەکرێتەوە، مێژوو و مافەکانی ئەو گەلەش دەخرێنە ژێر پرسیارەوە. دەوڵەتی تورک گەلی کوردی نەک وەک گەلێکی خاوەن زمان و مێژوو، بەڵکوو وەک گرووپێک دەناساند کە گوایە ناسنامەی خۆی بە هەڵە تێگەیشتووە. بەم شێوەیە، داواکارییەکانی بۆ ماف و ناسنامەش وەک داواکارییەکی نائاسایی پیشان دەدران.

دواتر، لە گوتاری سیاسی و میدیایی تورکیا، زاراوەی «تیرۆریست» بووە یەکێک لە ناونیشانە سەرەکییەکانی باسکردنی بزووتنەوە چەکدارییە کوردییەکان. بێگومان، ڕێکخراوە چەکدارییەکان و کردارەکانیان دەکرێت بە پێی کردار و بەڵگە هەڵبسەنگێندرێن؛ بەڵام کێشەکە ئەو کاتە دروست دەبێت کە ناونیشانی تیرۆر لە سنووری ڕێکخراوێکی چەکداری تێپەڕێت و ببێتە چوارچێوەی ناساندنی تەواوی گەلی کورد و مافخوازیی کورد و هەر دەنگێکی ناڕازی.

لە تورکیا، پرسی کورد لە هەندێک قۆناغدا بە زاراوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، جودابیخوازی و تیرۆرەوە گرێدراوە. بە تایبەتی لە ڕووداوەکانی کۆبانی لە ساڵی ٢٠١٤ و قۆناغەکانی دواتردا، گوتاری میدیایی لە هەندێک شوێندا بە شێوەیەک گۆڕاوە کە لەگەڵ ئاراستەی سیاسیی حکوومەتدا پەیوەندی هەبووە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر کەسێک داوای مافی زمانی خۆی بکات، ئەگەر هاووڵاتییەک لە کۆبانی یان دەرەوەی کوردستان ناڕەزایەتی دەربڕێت، ئەگەر کەسێک خوازیاری چارەسەری کێشەی سیاسی کورد بێت، ئایا دەبێت هەموویان لە هەمان چوارچێوەی تیرۆردا بخوێندرێنەوە؟ کاتێک جیاوازیی نێوان ناسنامە، مافخوازی و کرداری چەکدارییەکان دەشاردرێتەوە، وێنەیەکی گشتیی نادروست لە کورد دروست دەبێت. ئەمەش بەشێکە لە جەنگی دەروونیی دژ بە گەلی کورد.

فیلم و زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان

جەنگی دەروونی هەمیشە لە وتاری سیاسی و هەواڵی فەرمییەوە ناگاتە بینەر. هەندێک جار فیلم و زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان کاریگەرییەکی زیاتر هەیە، چونکە بینەر لەگەڵ چیرۆک و کەسایەتییەکاندا دەژی و پەیامەکە بە شێوەیەکی هەستی وەردەگرێت.

سینەمای باوی تورکیا و بەرهەمەکانی وەک Kurtlar Va-disi: Iraq و فیلمەکانی دیکە، پرسی کورد و ملمانێ سیاسییەکانیان لە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی و ئەمنییەوە پیشان داوە. لەو جۆرە بەرهەمانەدا، هەندێک جار کورد وەک هەڕەشەیەک بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگە پیشان دەدرێت و ژیانی ئاسایی و مێژوو و مافەکانی لە چیرۆکەکەدا ون دەبن. جەنگی دەروونی زۆرجار لەوێدا دەست پێدەکات کە وێنەیەکی دیاریکراو بەردەوام دووبارە دەکرێتەوە، تا بینەر بە تێپەڕبوونی کات ئەو وێنەیە وەک ڕاستییەکی سروشتی قبووڵ بکات.

ئێران؛ کورد وەک بەشێک لە «پیلانی دەرەکی»

ئێرانیش لە هەندێک باردا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد، لە چوارچێوەیەکی ئەمنی و پڕوپاگەندەییەوە سوود وەردەگرێت. یەکێک لە شێوازەکانی ئەوەیە کە ناڕەزایەتییە مەدەنی و سیاسییەکان بە هێزە دەرەکییەکانەوە پەیوەست بکات، یان هەوڵ بدات پرسی ماف و ناسنامەی کورد وەک هەڕەشەیەک بۆ یەکپارچەیی وڵاتەکە پیشان بدات. نموونەیەکی دیاریکراو لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٢٢دا، ڕوویدا. ڕاپۆرتی Freedom House لەسەر ئازادیی ئینتەرنێت لە ئێران، باس لە هەژمارە ساختە و زانیاریی چەواشەکارەکانی پەیوەست بەو خۆپیشاندانانە دەکات. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، هەندێک هەژماری ساختە و میدیای پشتیوانی حکوومەت هەوڵیان دا خۆپیشاندانەکان وەک بزووتنەوەیەکی جودابیخوازانە پیشان بدەن، نەک وەک ناڕەزایەتییەکی گشتیی کۆمەڵگە.

هەروەها، ڤیدیۆگەلێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کرانەوە کە تێیاندا هێزە ئەمنییەکانی ئێران بە جلوبەرگی پێشمەرگە دەردەکەوتن و خەڵکیان لە شارە کوردییەکاندا دەترساند. ئەم جۆرە کرداره ئەگەر بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاو بکرێتەوە، دەتوانێت وێنەیەکی ساختە لە خۆپیشاندانەکان دروست بکات و ناڕەزایەتییە مەدەنییەکان بە شەڕێکی چەکداری و پیلانێکی دەرەکی بگۆڕێت.

ئەمە نموونەیەکە لەوەی چۆن زانیاریی چەواشەکار دەتوانێت بیبێتە ئامرازی جەنگی دەروونی: ڕووداوێک ڕوو دەدات، لەسەر ڕووداوەکە چیرۆکێکی نادروست دروست دەکرێت، پاشان ئەو چیرۆکە بە دووبارەکردنەوە و بڵاوکردنەوەی فراوان هەوڵ دەدات شوێنی ڕاستییەکە بگرێتەوە.

کەنالی کوردی هەمیشە بە مانای دڵسۆزی بۆ کورد نییە

ئێران وەک دەوڵەتێک کە گەلی کورد لە ناو سنوورەکانی خۆیدا دەژین، لە ڕێگەی کەناڵ و پلاتفۆرمە کوردیزمانەکانەوە پەیامی خۆی دەگەیەنێتە بینەری کورد. هەندێک لەم کەناڵانە و پلاتفۆرمە ئۆنلاینانە بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و تۆمەتبارکردنی حزب و کەسایەتییە کوردییەکان بەکارهاتوون. هەروەها، لە هەندێک حاڵەتدا، پەخشکردنی دانپێدانانی زۆرەملێی لە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتدا بەکارهاتووە بۆ ناوزڕاندنی ئەو کەسانە و لاوازکردنی وڕەی چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

کاتێک تۆمەتبارێک لەبەردەم کامێرا دانپێدانانێک دەکات، بینەر زۆرجار نازانێت ئەو دانپێدانانە لە چ بارودۆخێکدا وەرگیراوە و ئایا ئازادانە بووە یان نا. بەڵام پەخشکردنی ئەو وێنەیە دەتوانێت وەک حوکمێکی پێشوەختە کاریگەری لەسەر بڕچوونی گشتی دروست بکات.

عێراق؛ لە جەنگی سەربازیی بەعسەوە بۆ جەنگی دەروونیی عێراقی نوێ

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی عێراق، بە تایبەتی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، دەبینین کە شەڕی سەربازی دژ بە کورد لەگەڵ هەوڵی کاریگەریدانان لەسەر بیروڕای گشتی هاوکات بووە. ڕژێمی بەعس پێشمەرگە و شۆڕشەکانی کوردی لە هەندێک گوتاری فەرمی و میدیاییدا وەک هەڕەشەیەک بۆ یەکپارچەیی عێراق پیشان دەدا و هەوڵی دەدا کورد بە پەیوەندی بە دوژمنانی دەرەکییەوە تۆمەتبار بکات.

لێرەدا جەنگی دەروونی چۆن کار دەکات؟ دەوڵەتێک هێرش دەکاتە سەر کۆمەڵگەیەک، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات هێرشەکە وەک پاراستنی ئاسایش و یەکپارچەیی وڵات پیشان بدات. بەو شێوەیە، ڕۆڵی قوربانی و تاوانبار دەگۆڕدرێت؛ ئەوەی هێرش دەکرێتە سەری دەخرێتە شوێنی تۆمەتبار و ئەوەی هێرش دەکات هەوڵ دەدات خۆی وەک پارێزەری دەوڵەت بناسێنێت.

لە مێژووی عێراقدا، هەڵمەتەکانی ئەنفال و سیاسەتی تەعریبی ناوچە کوردنشینەکان نموونەی تاوان و سەرکوتی ڕژێمی بەعسن. بۆ تێگەیشتن لە جەنگی دەروونی، تەنها سەیرکردنی هێرشی سەربازی بەس نییە؛ پێویستە ئەوەش بپشکنین کە میدیای دەوڵەت چۆن ڕووداوەکانی دەگێڕایەوە، چ زانیارییەکی دەشاردەوە و چۆن هەوڵی دەدا کردارەکانی وەک کردارێکی ڕەوا پیشان بدات.

بەڵام بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد گۆڕانی بەسەردا هات. لە عێراقی نوێدا، هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق ناسێنرا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە دامەزراوەیەکی فیدراڵی. بەڵام دانپێدانانی دەستووری بە مانای کۆتاییهاتنی ململانێی سیاسی و گوتاری نەرێنی بەرامبەر کورد نەبوو.

یەکێک لە نموونە دیارەکانی ئەم گوتارە، بەکارهێنانی زاراوەی «شیمال عێراق» (باکووری عێراق) لە جیاتی «هەرێمی کوردستان». لە دوای ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، لە هەندێک بەڵگەنامە و گوتاری فەرمیی بەغدا، هەرێمی کوردستان بە «پارێزگاکانی باکووری عێراق» ناوبرا. لە نموونەیەکدا، لە ڕەشنووسی بودجەی ساڵی ٢٠١٨دا، زاراوەی «پارێزگاکانی باکووری عێراق» بەکار هاتبوو، لە کاتێکدا دەستووری عێراق ناوی «هەرێمی کوردستان»ی بە فەرمی ناساندووە.

هەروەها، وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە تێبینییەکی ناوخۆییدا داوای لە فەرمانبەرانی کردبوو لە داواکارییەکانی مۆڵەتی گەشتدا ناوی «هەرێمی کوردستان» بەکارنەهێنن و تەنها «عێراق» بنووسن. هەمان ئاراستە لە تۆڕی میدیایی دەوڵەتی عێراقیشدا بینرا؛ کاتێک بەشی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە ڕێکخستنی ناوخۆیی تۆڕی میدیای عێراق گۆڕا و بڕیار درا لە جیاتی بەشێکی ناوەندی، لە هەر پارێزگایەکدا نووسینگەی جیاواز هەبێت. ئەمە تەنها جیاوازی ناو نەبوو؛ چونکە ناوەکان لە سیاسەتدا مانایان هەیە. کاتێک ناوێکی دەستووری و ناسراو لە بەڵگەنامە و گوتاری فەرمی لادەبرێت و ناوێکی جوگرافیایی جێگەی دەگرێتەوە، ئەمە دەتوانێت وەک هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی تایبەتمەندیی سیاسی و دەستوورییی هەرێم لێک بدرێتەوە. لەوێدا جەنگی دەروونی لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی زاراوەیەکەوە کار دەکات؛ تا ئەوەی لە بنەڕەتدا مافێکی دەستوورییە، بە هێواشی وەک ناونیشانێکی ئاساییی جوگرافیایی پیشان بدرێت.

لقی 16ی هەولێر سیمینارێکی بۆ مامۆستا زکری موسا بەرپرسی راگەیاندنی بارەگای بارزانی ساز کرد



بەئامادەبوونی ئاری نانەکەلی ئەندامی بەرپرسی لقی 16ی پارتی، بەشی پێگەیاندن و رۆشنبیری و راگەیاندن سیمینارێکی بەرفراوانی بۆ مامۆستا زکری موسا بەرپرسی راگەیاندنی بارەگای بارزانی لەژێر ناوی بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد و شیکردنەوەی بابەتەکانی پەرتوکە بەنرخەکەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی سازکرد.

لەمیانی سیمینارەکەدا مامۆستا زکری موسا ئاماژەی بە بەشێك لە رووداوە گرنگەکانی نێو پەرتوکی بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کرد کە سەرۆك مەسعود بارزانی لەپەرتوکەکەیدا دەیان بەڵگەنامەی بڵاوکردۆتەوە هەریەکەیان گوزارشت لەرووداوگەلێك و قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی رزگاریی نیشتمانیی گەلەکەمان و رووداوە گرنگ و مێژوویییە سەربازی و سیاسییەکان دەکەن و دەرخەری واقیعی تەواوی رووداوەکانن، بۆیە گرنگە هەر تاکێکی کورد بۆ ئاشنابوون بەمێژووی پڕ لەخەبات و قوربانیدانی میللەتەکەمان بەوردی پەرتوکەکە بخوێنێتەوە .

دواتر بەرپرسی لق داوای لەئامادەبووان کرد گرنگی زیاتر بە تەواوی کۆڕو سیمنارەکان بدەن و ئەو زانست و زانیارانەی لێوەی فێر دەبن بیگەیەننە کەسانی دیکە بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکەوە بەشداری لەپێشکەوتنی زیاتری گەل و نیشتمانەکەمان بکەین.

کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کارەبا و پیشەسازییە گەورەکان دەبێت

بەرهەمی کێڵگەی کۆرمۆر زیادی کردووە



سەرۆکی ڕێکخراوی وزەی کوردستان باس لەوە دەکات کە کێڵگەی کۆرمۆر بەرهەمی خۆی بەرز کردووەتەوە و چاوەڕوان دەکرێت ئەو زیادکردنە بێتە هۆکاری گرنگ بۆ ئاسانکاری لە پرسی کارەبا و پیشەسازیی گەورە.

بەرهەم گەردی، سەرۆکی ڕێکخراوی وزەی کوردستان، گوتی: دواییین داتای کێڵگەی کۆرۆمۆر ئەوەیە کە ڕۆژانە 700 بۆ 750 ملیۆن پێ سێجا غازیان بەرهەم هێناوە و ئێستا پرۆژەیەکیان هەیە بە ناوی (کەی ئێم 250) کە ئەمە زیادکردنی 250 ملیۆن پێ سێجایە، ئەم پرۆژەیە تەواو بووە، تەنیا هەندێك ڕێکاری تەکنیکی ماوە تاوەکوو حکوومەت ڕەزامەندییان پێبدات بە بۆڕیی غازەوە ئەویش هەنارەدە بکرێت، بڕیارە دوای ساڵی نوێ بەرهەمی ڕۆژانەی ئەو کێڵگەیە بگاتە یەك ملیار پێ سێ جا غازی سروشتی، بڕیارە بەرهەمی ئەم کێڵەیە بۆ وێستگەکانی کارەبا بەکار بهێنرێت، دوای ئەوەی پێداویستیی کوردستانی پرکردەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بەشێکی دەنێردرێتە دەرەوە کە ئێستا کێڵگەکە ڕێککەوتنی هەیە بۆ هەناردەکردنی غازی سروشتی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کەرکووك."

ڕاشیگەیاند: ئەم زیادکردنەی بەرهەمی کۆرمۆر زۆر گرنگە، جگە لەوەی بابەتی کارەبا دابین دەکات، غازی سروشتییش بەکار دەهێنرێت بۆ پیشەسازیی گەورە کە ئێستا بەشێکی زۆری جیهان پشتیان بە غازی سروشتی بەستووە."

پرسەنامە

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی کەژۆ عەلی هەرکی

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی دیاری کۆمەڵایەتی کاك (کەژۆ عەلی هەرکی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزمانی هەرکی و دۆستانتان دەکەین، هاوبەشی خەمی هەموو لایەکین. لە خودای گەورە داواکارین دڵنەوایی بە خانەوادەتان ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.

* * *

بەڕێز، کاك جەزا جەمیل سۆفی نەجم،

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی نیشتیمانپەروەر کاك (جەمیل سۆفی نەجم) باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە و دۆستانتان دەکەین، هاوبەشی خەمتانین. لە خودای گەورە داواکارین دڵنەوایی بە بەڕێزتان و کەسوکارتان ببەخشێت و گیانی باوکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.

* * *

بەڕێزان لە خانەوادە کەریم محەمەد مستەفا،

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك (کەریم محەمەد مستەفا)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و دۆستانی خوالێخۆشبوو دەکەین، هاوبەشی خەمی هەموو لایەکین. لە خودای گەورە داواکارین دڵنەوایی بە خانەوادەتان ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوو بەر دلۆڤانی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.

إنا لله وإنا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

پرسەنامە

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بۆ هەڤاڵی بەڕێز (یوسف ئەنوەر)

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوای خوشکی بەڕێزتانمان پێگەیشت، بە خەمناکییەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان و هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتییان ئاراستەی ئێوەی هێژا و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەر و بەڕێزەکەتان دەکەین و، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.

ئومێدەوارین دڵنەوایی و هاوخەمی دۆست و ئازیزانتان ببێتە مایەی سەبووری و ئارامگرتنتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئێوەش لە کۆستی دیکە بە دوور بن.

* * *

بۆ ماڵباتی هەڤاڵی کۆچکردوو (دانا عەبدوڵڵا ڕەشید ماینداڵی)

بە خەم و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵی خوالێخۆشبوو (دانا عەبدوڵڵا ڕەشید ماینداڵی) مان بیست، بە خەمناکییەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و بنەماڵە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. ئومێدەوارین دڵنەوایی و هاوخەمیی دۆست و کەسوکار و بەشداربووانی ئەو کۆستە ببێتە مایەی سەبووری و ئارامگرتنتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە. داواکارین لە خوای گەورە خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئێوەش لە خەم و خەفەت و کۆستی دیکە بەدوور بن.

إنا لله وإنا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

دابەشکردنی چەکی پارەی گەنمی جوتیاران بۆ ساڵی 2016 دەستپێدەکات



بەڕێوبەرایەتی بازرگانی دانەوێڵەی هەولێر، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاگادارییەک ئاراستەی ئەو جوتیارانە دەکات کە لە ماوەی ڕابردوودا سەردانی سایلۆی هەولێریان کردبوو سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە لە پارەی چەکی گەنمی ساڵی (2016) ماویانە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە، ڕێکەوتی 2026/1/3، کاتژمێر (9:00)ی بەیانی، جوتیاران لە سایلۆی هەولێر ئامادەبن بە مەبەستی وەرگرتنی چەکی پارەکانیان.

هاوکات، بەڕێوبەرایەتییەکە چەند مەرج و تێبینییەکی گرنگی بۆ وەرگرتنی چەکەکان خستووەتەڕوو و جەختی لەوە دەکاتەوە کە دەبێت خودی خاوەن چەک خۆی ئامادەبێت، یان ئەو کەسەی نوێنەرایەتی دەکات بریکارنامەی (وەکالە)ی فەرمی و نوێکراوەی ساڵی (2026)ی پێبێت. سەبارەت بەو خاوەن چەکانەی کە کۆچی دواییان کردووە، بەڕێوبەرایەتییەکە ڕایگەیاند کە پێویستە دابەشنامەی (شەرعی یان یاسایی) لەگەڵ بریکارنامەی گشتیی سەرجەم وارسەکان بهێنرێت.

40%ی پرۆژەی ستراتیژیی ئاوی بەردەڕەش تەواو بووە



کارکردن لە پرۆژەی ستراتیژیی ئاوی بەردەڕەش بەردەوامە و تاوەکو ئێستا نزیکەی 40%ی کارەکانی تەواو بووە، پێشبینیش دەکرێت لە مانگی حوزەیرانی ساڵی داهاتوودا بکەوێتە کار. ئەم پرۆژەیە ئاوی پاك بۆ هەموو سنووری دەڤەری بەردەڕەش دەگوازێتەوە و کێشەی کەمئاویی 105 گوند و زیاتر لە 185 هەزار کەس بەتەواوی چارەسەر دەکات.

ئەندازیار ڕێبەر نازم خورشید، بەڕێوەبەری ئاوی بەردەڕەش، دەڵێ: "ماوەی تەواوبوونی پرۆژەکە 900 ڕۆژ بوو، بەڵام پێشبینی دەکەین پێش وادەی دیاریکراو تەواو بکرێت و لە مانگی حوزەیرانی ساڵی داهاتوودا کۆتایی پێبێت." لە چوارچێوەی قۆناغی یەکەمی پرۆژەکەدا، تۆڕی گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بۆ 105 گوند دادەنرێت. بەمەش، کێشەی کەمئاوی لە قەزاکە، هەرسێ ناحیەی، ڕۆقیا، دارەتوو و کەلەك و زیاتر لە 105 گوند و چوار ناوچەی گەورە بە یەکجاری کۆتایی دێت.

پرۆژەی ستراتیژیی ئاوی بەردەڕەش بە گۆڕەی زیاتر لە 400 ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت و سەرچاوەی سەرەکیی دابینکردنی ئاوەکەی دەبێتە زێی گەورە. بە تەواوبوونی ئەم پرۆژە ستراتیژییە کە توانای بەرهەمهێنانی 72,000 مەتر سێجا ئاوی لە ڕۆژێکدا هەیە، زیاتر لە 250 بیری ئاو لە سنوورەکە دادەخرێن، ئەمەش نەك تەنیا کێشەی بێئاوی هاوڵاتیان چارەسەر دەکات، بەڵکو یارمەتیدەرێکی گەورە دەبێت بۆ پاراستنی یەدەگی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەکەدا.

پرۆژەکە لە چەندین بەشی سەرەکی و پێشکەوتوو پێکهاتووە، وەك وەرگر بۆ وەرگرتنی ئاو لە زێ، وێستگەی پاڵاوتن بە بەکارهێنانی پێشکەوتووترین ئامێر و تەکنەلۆژیا، لەگەڵ تۆڕی دابەشکردنی ئاو.





لە چواچێوەی هەوڵەکانی زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی لە سەنتەری شاری هەولێر، دوێنێ دەیان دار لەشەقامی بەردەم بازاڕی سیروان و نێو بازاڕی سەنتەری شار، لەلایەن تیمەکانی ئەندازەی پارکەکان چێندران.

زیاتر لە 200 بارهەڵگری پیاز شەش ڕۆژە لە دەروازەی خوسرەوی ڕاگیراون

زیاتر لە 200 بارهەڵگری پیاز لە دەروازەی سنووریی خوسرەوی گیریان خواردووە و بەهۆی ڕێکارە کارگێڕییەکانەوە ڕێگەیان پێ نادرێت تێپەڕ ببن، ئەمەش وای کردووە بارەکانیان بەرەو تێکچوون بچێت و زیانی گەورە بە خاوەنەکانیان بگەیێنێت. دەروازەی سنووریی خوسرەوی یەکێکە لەدەروازە بازرگانییەکان، ماوەی شەش ڕۆژە زیاتر لە 200 بارهەڵگر کە پیازیان پێیە لەم دەروازەیە ڕاگیراون و بەهۆی کەمتەرخەمیی ئیداری و دەرنەکردنی مۆڵەتی دەربازبوون، ناتوانن مامەڵە گومرگییەکانیان ڕاپەڕێنن.


خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژی بۆ کورد و ئابووری لە ژیاندا..

چۆن ڕەفتاری مرۆڤ کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی هەیە؟

د. نەسرەدین ئیبراهیم گولی*



ڕیچارد داوکینز (Richard Dawkins) زانای بەریتانیی بواری بایۆلۆجی و یەکێك لە شوێنکەوتووانی ڕێبازی چارلز داروین (Charles Darwin, 1809-1882)، لە بەرهەمە بەپێزەکانی خۆیدا لەبارەی جیناتەکانەوە لەو بڕوایەدایە کە جیناتەکان تایبەتمەندییەکیان هەیە کە بەرهەمی جیهانی سروشتی و زیندووبوونەوەیە، ئەویش "خوویستی یان خۆپەرستی"یە، کە حەز دەکات هەموو شت یان مادده خاو و سەرەتاییەکانی پێویست بۆ ژیان تەنها بۆ خۆی بێ، و هەموو ڕەفتار و جووڵەکان لە ژیاندا بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن، و هەر ئەوەیە کە پاڵ بەو بوونەوەرە زیندووانە بنێ کە لە پێناو مانەوەی خۆیاندا، بۆ نموونە: دارێك هەندێ لە گژوگیا دەوروبەری خۆی وشك بکات و لە نێویان ببات، و گیانەوەرێك ئەوەی دیکەیان ڕاو دەکات و دەخوات، و بە هەمان شێوە مرۆڤەکان، لە هەوڵی بەدەستهێنانی شت و پێداویستییەکانی ژیاندا، بەر لە هەموو کەس بیر لە خۆی دەکاتەوە ئینجا کەسانی دیکەی دەوروبەری، تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەی خۆی، و ئەوە بناغەیەکی بایۆلۆجیی هەیە.



لە لایەکی ترەوە زانایانی وەکوو گرێگ کاروسۆ (Gregg D. Caruso) لەو بڕوایەدان کە لەسەر بنەمای توێژینەوە زانستییە نوێ و هاوچەرخەکان مرۆڤەکان بەرپرسی ڕەفتارەکانی خۆیان نین، چونکە لە ڕووداو و هەڵوێستە جیاوازەکاندا، بەر لە کاردانەوە و بڕیاردان، مێشکی مرۆڤ لە میانەی پرۆسە کیمیاوییە فسیۆلۆجییە ئاڵۆزەکانی خۆیەوە، بەر لە ئەنجامدانی ئەو کارە لە لایەن مرۆڤەوە، زەمینەی ئەنجامدانی دەرەخسێنێت و ناچاری دەکات ئەو کارە بکات بەر لەوەی کە خۆی بە خەیاڵی خۆی، بە ویستی خۆی بڕیار لە بارەیەوە بدات، بەڵام لە هەمان کاتدا زانایانی دیکە و لەوانەش پرۆفیسۆر دکتۆر تەقیێ کیمیایێ ئەسەدی، پسپۆڕی مێشک و دەمارەکان لە زانکۆکانی ئەمەریکا، کە ئەزموونی پەنجا ساڵ کار و توێژینەوەی لەو بوارەدا هەیە، لەو بڕوایەدایە کە ئێمەی مرۆڤەکان بە حۆکمی ئەوەی کە لە ڕووی بایۆلۆجییەوە مەحکومین بە ژیانی کۆمەڵایەتی، بۆیە ناچارین لە میانەی ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی خۆمانەوە لەگەڵ کەسانی دەوروبەر، چ لە نێو خێزان، و چ لە نێو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو قوتابخانە، زانکۆ، فەرمانگە، و لە ئاستی بەرز لە نێو گوند و شار و نەتەوەدا، بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکەین و بجوڵێین کە لە چوارچێوەی ڕێسا (norm) و بەها کۆمەڵایەتی و یاساکانی ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەیەدا، چ ئەوانەی نەنووسراو و عورفین، و چ ئەوانەی نووسراو و دەقی یاسایین، دابن تاوەکو تووشی ئاستەنگ و لەمپەر و کۆسپی کەسێتی و کۆمەڵایەتی و یاسایی نەبین.

بە واتایەکی دیکە دکتۆر ئەسەدی داکۆکی لە "بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی" دەکات و ئەوەش بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێنێتەوە کە ڕەفتارە بچووك و مەزنەکانمان کاریگەرییان لە سەر هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە دەبێت. نموونەی ئەوەندە زۆرن کە هەزاران لاپەڕە بەشی نووسینی ناکات، تەنها ئاماژە بە دوو نموونە دەدەین: ڕەفتارە نابەرپرسیارانەکەی سەدامی گۆڕبەگۆڕ ژیانی خەڵکی وڵاتەکەی، بەتایبەت کوردی، کردبووە دۆزەخێك، کە ئاسەوارەکانی تا سەدان ساڵی دیکە قەرەبۆ ناکرێنەوە. لە توونس خۆسووتاندنی کاسبکارێك بەهاری عەرەبیی بەدوای خۆی هێنا. لە لایەکی ترەوە ئەو یۆتۆپیایەی کە ئەفلاتون بیری لێدەکردەوە و دواتر کەسانی وەك فارابی، و ئینجا کە لە سەدەکانی دواوەدا بەرەی چەپی مارکسیزم-لێنینیزم، و بە هەمان ئاراستە ئیسلامی سیاسیی لە بزاڤە تیرۆریستییەکانی وەك داعشدا و بە پڕۆپاگەندە و بەڵێنی بێبنەما بە خەڵك بۆ خۆشترکردنی ژیانیان و پێشکەشکردنی هەموو شت و خزمەتگوزارییەك بێ بەرامبەر، ئارەزووی بنیاتنانەوە و هاتنەدیی ئەو "شارە خەیاڵی و خیالپالاوی"ـییەیان داوە و دەدەن، دەرکەوت بلقێکی سەرئاو و خەیاڵێکی سەراوانە، و ئایدیۆلۆجیایەکی ناواقیعی و هەڵخەڵەتێنەر بوو، کە بەڵگەی دیاریشی چەندەها حکوومەت و وڵاتن کە لە ماوەی مێژوودا، چ سۆڤیەتی جاران و وڵاتان و حکومەتە کۆمۆنیستییەکان، و چ دەوڵەتە کارتۆنییەکەی ئیسلامی سیاسیی وەکوو داعش، بوون، کە فریان بە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و ئازادی و مافی مرۆڤ نەبوون، و لەگەڵ لۆجیك و بنەماکانی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی مرۆڤەکان نەدەگونجان، و بۆیەش هەرەسیان هێنا، پاش ئەوەی کە وڵات و کۆمەڵگەی دارماو و وێرانەیان لە دوای خۆیان بەجێهێشت.

لە بەرامبەریاندا، لە چەرخی ئێستادا و دوای تاقیکردنەوەی زۆر جۆری حکوومەت و سیستەمی سیاسی و ئابووری، وێڕای کەموکوڕییەکانی، بەڵام سیستەمی سەرمایەداری لە پەنای سیستەمی دیموکراسی پەیدا بووە، و تاکە سیستەمە کە تا ئێستا توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و بەپێچەوانەی دوو سیستەمی سەرەوە، توانیویەتی بەشێکی زۆر لە مافە جیاوازەکانی مرۆڤەکان و نەتەوە و کۆمەڵگەکان دەستەبەر بکات، و نهێنی سەرکەوتنیشی گونجانە لەگەڵ بنەماکانی بایۆلۆجی و سایکۆلۆژیای مرۆڤ، کە وەکوو لە تیۆریی سایکۆلۆژیای پەرەسەندنی داروینیدا هاتووە، لە ڕکابەری و کێبڕکێی ژیاندا و بە پێی تواناکانی جەستەیی و سایکۆلۆژی و عەقڵییەکانی خۆیان هەر کەس ئەوەندەی بەردەکەوێ کە شایستەیەتی. لە سیستەمی دیموکراسیانەی سەرمایەداریدا کەسێکی وەك ئیلون ماسك، بە ڕەنج و ماندووبوون و هەوڵ و کۆششی خۆی ملیارەها دۆلاری دەستکەوتووە، کە کەسێکی دیکەی کە ئەو توانایەی نییە و هیچ هەوڵێك نادات و هیچی دەست ناکەوێت. ئەوە ڕێك هاوتەرییە لەگەڵ بنەماکانی تیۆریی داروین و دەگونجێ، و ڕێك پێچەوانەی بنەماکانی مارکسیزم-لینینیزمی چەپە، کە هەوڵ دەدات ئەو جۆرە بازرگانانە ناچار بکات 90% داهات و سامانەکەی بدات بە دەوڵەت تا ئەویش بیدات بە کەسێك کە هیچ کارێك نکات و خۆی ماندوو نەکات و بۆیەش هیچی نییە.

و لە ئێستادا هەرێمی کوردستانیش وەک زۆر وڵات و کۆمەڵگەی دیکەی ئەم جیهانە بەرەو سیستەمی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد هەنگاو دەنێ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە میللەتانی وەک ئێمە کە، بەداخەوە و لە سایەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە یەک لە دوای یەکەکانی وەکوو سەدامی گۆڕبەگۆڕ ناچارکراون پشت بە داهاتی وەک "نەوت بەرامبەر خۆراک" ببەستن، لەگەڵ ئەو گرانییەی کە لە جیهانی ئێستادا لە ئارادایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرچاوەکانی ژیان و خۆراک بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان کەم ببێتەوە و خواستی زیاتر لە سەر بێ. لە لایەکی ترەوە بە هۆی زاڵبوونی ڕەفتاری نادابەروەرانەی هەندێ کەس و لایەن، گوزەرانی ژیان لە جیهاندا سەختتر ببێ، و ئەوە بووەتە هۆی دروستکردنی بارگرانی لە سەر مرۆڤایەتی، و بە هەمان شێوە لە هەرێمی کوردستانیش.

بەڵام ئەگەر بە دیوێکی تریشدا بڕوانینە بابەتەکە مرۆڤەکان خۆیان بەشێکن لە هۆکاری سەختیی ژیان لە سەر خۆیان و خێزان و کۆمەڵگە و وڵاتەکەی خۆیان. نموونەکانی وەک ئەوەی خوارەوە بەڵگەن لە سەر ئەم گریمانەیەمان: دراوسێیەکی ئەولاتری من جاری وا هەفتانە 3-2 جار ئۆتۆمۆبیلە تایبەتەکەی خۆی بە ئاوی ماڵان دەشوات، ئەو ئاوەی کە پرۆژەی پاڵاوتنی ئاو لە شارەکەم مانگانە ملیۆنان دینار لە پارەی باج و داهات خەرجی بەرهەمهێنانی دەکات و دەبوایە بۆ خواردنەوە و ژیان بە کار بهێنرێت. ئەگەر لە کاتژمێر دوانزدەی نیوەڕۆ بە کۆڵانەکانی شارەکەتدا بە پێ بڕۆی لە چەندەها خانوودا دەبینی گڵۆپەکانی بەردەرگا و ژووره چۆڵەکان، بالکۆنەکان داگیرساون و هەندێکیان بە ساڵان ناکوژێنەوە. هەندێ کەس و خێزان، تەنانەت هەندێکی کەمداهاتیش، ماوەماوە کەلوپەلی نێو ماڵ، تەنانەت ئەوانەشی کە ساخن و لە کار نەکەوتوون بگرە نوشن، وەک لاساییکردنەوە یان کێبڕکێ لەگەڵ خزم و کەسوکار یان دراوسێیەکەی، دەگۆڕێ بە بێ ئەوەی پێویست بەم کارە بکات. بەداخەوە و وێڕای زیانە تەندرووستییەکانیان، منداڵانمان بە قەد بودجەی هەندێ وڵات (چیپس و پەپسی و شەربەت) بەکار دەهێنن، لە کاتێکدا کە لەم دواییانە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان فرۆشتنیان لە قوتابخانەکان قەدەغە کردووە.

لە یادمە ئەو کاتەی بەر لە بیست ساڵ بۆ خوێندنی دۆکتۆرا لە مۆسکۆ دەمخوێند، بۆ کاری زانستی نزیکەی 4 ساڵ هاتووچۆی ماڵی سەرپەرشتی نامەی دکتۆراکەی خۆم، دکتۆر ئێڤگێنی میخایلۆڤیچ نیکرێڤ، دەکرد و بە سەرسوڕمانەوە ئەو هەموو ساڵە تێبینیم کرد تەنانەت یەك کەوچکیشی نەگۆڕی. جارێکیان هەر بەم بۆنەوە پرسیاری ئەو ڕەفتارەم لێیکرد، و وەڵامی دایەوە کە "پارە بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان وەک خواردن و خواردنەوەیە، نەك بۆ بەفیڕۆدان و گۆڕینی ئەو شتانە. بۆیە ئەگەر پێویست بێ بە 40 ساڵیش ئەو کارە ناکەین. ئەوە بۆمان بووەتە کولتوور و فەرهەنگ و خومان پێوە گرتووە". ئایا بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی سەرەوەی کۆمەڵگەی ئێمە و ئەو مامۆستایە چەند لە یەکتری دوورەن؟ کامیان لە بەهای سامان و داهاتمان تێدەگەین و ڕێزی لێدەگرین؟

ڕۆژانە کەسانی وەک نموونەکانی سەرەوە، کە زۆر کەسمان خۆمان شایەتیانین و بەچاوی خۆمان دەیانبینین، بە ئیرادی یان بێ ویستی خۆیان، بە پلان یان لەخۆڕا، باس لە بوونی گەندەڵی فلان و فیسار کەس و لایەن دەکەن، بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك لە بەردەستیان بێ تا ئەم قسەیە بسەلمێنن، لە کاتێکدا کە خۆیان و بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە بچووکەی کە هەیانە و سنووردارە بە ڕێبەرایەتیی خێزانێك، هەمان گەندەڵی لە ئاو و کارەبا و زۆر شتی دیکە دەکات، بۆ نموونە لە شوێنی کاری خۆی لە کارگە یان دامەزراوەیەکی فەرمی یان هەر شوێنێکی دیکە. ئەگەرچی ئەو بەفیڕۆدانەی ئاو و کارەبایە لە لایەن ئەو کەسە نابەرپرسانە خۆی باجەکەی دەدات و پارەکەی لە گیرفانی خۆی دەردەکەوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆڵەبۆڵەکەی و لاف لێدانی ڕۆژانەی دەبێتە هۆی ئاژاوە، و قۆستنەوەی لە لایەن ئەو قەڵەمبەدەست و خۆڕۆشنبیر و بەناو خەمخۆرانەی کە بەم بەهانەیەوە دادەبەزنە سەر حکومەت و تۆی ڕق و قین بەرامبەر بە حکومەتی کوردستان لە دڵی خەڵکدا بچێنن، و متمانەی خەڵك بۆ حکومەتەکەی خۆیان کەم بکەنەوە و دڵی نەیاران و دوژمنانی کورد خۆش دەکەن، بە بێ ئەوەی باس لە گەندەڵیی خۆدی ئەو کەسانە بکەن کە بە بەفیڕۆدانی ئاو و کارەبا مەترسی لە سەر هەرێمی کوردستان زیاد دەکەن. کاریگەریی ئەو جۆرە ڕەفتارە نابەرپرسیارانە و بەفیڕۆدانی ئاو و کارەبا و جۆرەکانی دیکەی لەو جۆرە ئەو کاتە دەردەکەوێ کە ئەم کەسە خاوەن مارکێت یان شوێنێکی بازرگانی و لەو جۆرە بێ و لە بری قەرەبۆکردنی ئەو پارەیەی کە خۆی هۆکاری بەهەدەردانیەتی شتومەك و کەلوپەلی مارکێتەکەی خۆی گرانتر دەکات و زیان بە کڕیارانی دەگەیەنێ.

ئەوە لە کاتێکدایە کە هەموومان دەزانین تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری بودجە و داهاتدا سنووردارە، و پشت بە هەندێ سەرچاوە دەبەستێ کە بۆ نموونە پەترۆڵە، کە تاکە سەرچاوەی داهاتی حکومەتە. هەرچەندە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی هەمەچەشنکردنی ئەم سەرچاوەیە دەدات بەڵام ئەو کارە قورسە و کاری شەو و ڕۆژێك نییە و بە ساڵها کاتی پێویستە. لە لایەکی ترەوە ڕژێمی بەعس بە یارمەتیی جاش و موستەشارەکانی خۆی هەزاران گوند و شاری لێ تێکداوین، و چەکدارانی (پ. ك. ك.)ـەش هۆکاری چۆڵکردنی هەزاران گوندن، کە جاران لە دابینکردنی بژێوی ژیانی دانیشتوانەکەی پشکی شێریان بەرکەوتبوو. هەروەها بەشێکی زۆری خەڵکی هەرێم پشت بەو مووچەیە دەبەستن کە حکومەتی فیدراڵ بۆ لێسەندن لە حکومەتی هەرێم هەموو کارێکی کرد و ئێستاش بۆ دانی سەدان بیانۆ دەهێنێ و سەدان لەمپەر و کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەم هەرێم، و بە چەندەها ڕێگە و بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەر پێی حکومەتی هەرێم بەرتەسکتر دەکات وەك بڵێی بیەوێ وەکچۆن خۆیان دەیانەوێ بچووکمان بکەن و لە قاڵبمان بدەن. ئاماژەکان وا دەردەخەن کە ئەوان پەندیان لە ڕابردوو وەرنەگرتووە و بە هەمان نەفەسی جاران و بەعس و داگیرکارانەوە ژێر بە ژێر پیلان دەگێڕن، و لەم ئاراستەیەدا بچووکترین دەرفەت و بەهانەکان دەقۆزنەوە، کە نموونەی وەك ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە خورماتوو لە سەر داوای یان سکالای عەرەبێکی هاوردە کوردێك، کە هیچ زەوییەکی کشتوکاڵیشی نەبووە، خراوەتە بەندیخانە، وەکوو لە کەناڵە تەلەفزیۆ ڕاگەیاندنی ڕوودادا هاتووە. ئەو نموونەیە و سەدان تری هاوشێوە تەنها ڕووداوێکی نەخوازراو و لەناکاو نین کە لە خۆیەوە ڕووی دابێ، بەڵکو ئەوە هۆشدارییەکە بۆ ئێمەی میللەتی کورد، و وامان پێدەڵێ کە لە پەنای ئەو ئاوە مەندەی ئێستا هەیە گۆمێکە قووڵ و کوشندە، کە چاوەڕوانی دەرفەتێکە کە کوردی تێدا بخنکێنن. بەتایبەت کە لە سایەی کەڵەڕەقی و بێپەروایی و گوێمەدەریی هەندێ کەس و لایەن، ئێستا نێو ماڵی کورد ئەوەندە پەرش و بڵاو و پەرتەوازەیە، کە ئەگەر دوژمنان لە خۆیان ڕا دیتبایە، وەک چۆن بەعس و داعش کردیان جارێکی دیکە ئەنفالیان دەکردین و کچ و ئافرەتانیان وەك کەنیز و سەبیە لە بازارەکانی وڵاتان دەیانفرۆشت. هەموو ئەو ڕاستییە تاڵانە هۆشدارین بۆ تاك بە تاکی کوردستانیان، بە هەموو نەتەوەکانییەوە، کە قووڵتر بیر لەم ڕەفتارانە بکەین، و وەکچۆن لە تێکچوونە دەروونییەکاندا ڕاچەنین و ڕاچەڵکین (impulsive)ـی دەماری و جەستەییەکانی پێشوەختە هۆشداری هاتنی هێرشێکی جەستەیی یان دەروونی و دواتر دۆخێکی سەختی بایۆلۆجی و سایکۆلۆژیان پێدەدەن، دەبێ بزانین ئەم ڕەفتارانەی نەیارانمان "گوڵ" نین پێشکێشمان دەکرێن، بەڵکو "درك"ـن کە دەکرێ دوور و نزیك وەك چقڵی کوشندە چاوەکانمان کوێر بکەن. بۆیە لەم کاتەدا ئەرکی ڕۆشنبیران و مامۆستایان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن قورستری دەبێ تاوەکو لە ڕێگەی خۆیانەوە هۆشیاری بڵاوبکەنەوە و ئاراستەمان بکەن بەرەو پەیڕەوکردنی ژیانێکی ئابووریانە، نەك لە سەر بنەمای تێکدانی ژیان و نێوماڵی خۆیان، بەڵکو لە سەر بنەمای ئەوەی کە بە پێی توێژینەوە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکان مەزنترین کێشە و گیروگرفتەکانی نێو خێزانەکان و کۆمەڵگە هەر لە شتە بچووکەکانی وەک پێدانی پارەی کارەبا و ئاوی ماڵێك، کە بە هۆی هەست نەکردن بە بەرپرسیارەتی و بەفیڕۆدانیان، بە گرانی لە سەر خێزانەکە دەشکێتەوە، لە کاتێکدا کە حکوومەت مافی خۆیەتی لە بری ئەو خەرجییەی کە لە دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە کردوویەتی، باج لە خەڵك وەربگرێ. بەڵام خێزانێك بە هەر هۆکارێك یان کەمتەرخەمییەکی ناچار بێ پارەیەکی زیاتر بدات، بە پلەی یەکەم خۆی بەرپرسیاری ئەم دۆخەی خۆیەتی. با گلەییەکان لە خۆمانەوە دەست پێبکەین و چاکسازییەکان لە خێزان و ئەندامانی خێزانەکانمانەوە ڕوو بدات، و پەنا بۆ بۆڵە بۆڵ نەبەین، و بزانین کە بۆڵەبۆڵەکان جگە لە زیانی دەروونی بۆ خۆمان و کۆمەڵگەمان، زیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیشی هەیە. ئەوە بانگەشە بۆ خۆهەڵقورتاندن لە ژیانی تایبەتی و ئازادییە کەسییەکان نییە، بەڵکو گریانەی پێشگیرییەکی پێشوەختانەیە بۆ ڕووداوی نەخوازراو، هەمان ئەو ئامانجەی کە زانست هەوڵی بۆ دەدات. زۆرێك لەو گیروگرفتە مادییانە بە کەمێ دەستپێوەگرتن دەگاتە نزمترین ئاستی خۆی.

ئێمە لەم قۆناغە هەستیارەدا بەرامبەر بە خۆمان و خێزانەکانمان و کۆمەڵگە و حکومەتی کوردستان، کە بە خوێنی هەزاران شەهید و بریندار و ماندووبوونی سەدان هەزار پێشمەرگەی قارەمان و دەیان ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری و بەدبەختی و ژیانی نەمر و نەژین لە وڵاتانی بێگانە دەستمان کەوتووە، با بە هۆی گڵۆپێکی داگیرساوی بەردەم دەرگای حەوشەمان لە کاتژمێر دوانزدەی نیوەڕۆدا، نەخەینە مەترسییەوە. ئێمە بەرامبەر نەوەکانی داهاتووش بەرپرسیارین. با ئێمە بە پێی بیردۆزی سایکۆلۆژیای پەرەسەندنیی داروین (Evolutionary Psychology)ـییەوە هەنگاو بەرەو "خۆگونجاندن" بنێین و لە یادی نەکەین کە لە مێژووی سەرهەڵدانی ژیانەوە لە 3 ملیار و 850 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا لە بەکتریایەکەوە، "خۆگونجاندن" باشترین و بەهێزترین چەک و سەرکەوتووترین ڕێگە بووە لە بەردەم ئەو زیندەوەرانەی نیازی مانەوەیان هەبووە، بۆیە ئەوانەی کە لە ئێستادا دەیانبینین هەن و ماون، چ گژوگیا و دارودرەختەکان، و ئەو هەموو جۆرە جیاوازانەی گیانەوەران، و تەنانەت مرۆڤەکان، و لە ژیاندان، ئەوانەن کە خۆیان لەگەڵ ژینگە گونجاندووە، و ئەوانەی کە نەماون وەک دایناسۆر و مامووت و نئاندرتال و... هتد، و ئەو میللەتانەی کە تەنها ناویان ماوە، هەمووی لە یەك وشەدا خۆی دەبینێ: "نەگونجان". کەواتە "گونجان" نهێنیی مان و ژیانە.

***پرۆفیسۆری یاریدەدەر / زانکۆی زاخۆ**

سەقامگیریی سیاسی و ئایندەی کوردستان..

ڕوانگەیەک بۆ ئەتەکێتی سیاسی و ڕۆڵی میٚژوویی سەرۆک بارزانی



عەتا جەلال*

لە جیهانی هاوچەرخدا، سیاسەت تەنها هونەری بەڕێوەبردنی دەسەڵات نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکە لە ڕەوشت، بەرپرسیارێتی و ئەتەکێتێکی تایبەت کە بنەماکەی لەسەر دیالۆگ، ڕێزگرتن و پێکهێنانی هاوسەنگی دادەمەزرێت. لە هەرێمی کوردستاندا، لە سایەی تێکۆشان و دیدگا ستراتیژییەکانی سەرکردایەتییەکی سیاسیی کارامەدا، چەمکی "ئەتەکێتی سیاسی" وەکوو کولتورێکی بنیادنان ناسراوە، کە تێیدا بەرژەوەندی نیشتمانی هەمیشە لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییە حزبی و تاکەکەسییەکانەوە دانراوە. لەم چوارچێوەیەدا، ڕۆڵی سەرۆک بارزانی وەک ڕابەرێکی نیشتمانی، وەک تەوەری سەرەکی لە پاراستنی ئارامی و چەسپاندنی سەقامگیریدا دەردەکەوێت، کە کاریگەرییەکەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی تێپەڕاندووە و بووەتە مایەی سەقامگیری بۆ عێراق و ناوچەکەش.

کاتێک باس لە ئەتەکێتی سیاسی دەکرێت لە ئەزموونی حوکمڕانی کوردستاندا، بە ڕوونی ڕەنگدانەوەی لێبوردەیی و پێداگری لەسەر پێکەوەژیان دەبینرێت. لەو قۆناغە سەختانەی کە ناوچەکە پێیدا تێپەڕیوە، لە قەیرانە ئابووریەکانەوە بگرە تا هەڕەشە ئەمنییەکان، هەمیشە پێویستی بە هاوسەنگییەکی ورد و داڕێژراو هەبووە. سەرۆک بارزانی بە حیکمەت و ئەزموونی دوورودرێژی سیاسی خۆی، توانیویەتی مۆدێلێکی تایبەت لە سەرکردایەتی پێشکەش بکات کە بنەماکەی لەسەر دیالۆگی نیشتمانی و دووركەوتنەوە لە تۆڵەسەندنەوەی سیاسی بنیادنراوە. ئەم شێوازە لە مامەڵە، کە خۆی لە ئارامکردنەوەی بارودۆخە ئاڵۆزەکان و کرانەوە بەڕووی هەموو لایەنەکاندا دەبینێتەوە، لووتکەی پێگەیشتنی ئەتەکێتی سیاسییە لە سەرکردایەتی ئەم هەنگاوە ڕەوا و دیموکراتییەی کرد. ڕیفراندۆم سەلماندی کە داواکاری سەربەخۆیی و ئازادی، مافێکی سروشتی خەڵکی کوردستانە کە بە شێوازێکی ئاشتییانە و لە ڕێگەی دەنگدانی مەدەنییەوە بە جیهان ڕاگەیەندرا، و بووە بەڵگەنامەیەکی میٚژوویی بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد. ڕۆڵی کاریگەری سەرەکی هاوسەنگی لە فاکتەرێکی سەرەکی هاوسەنگی لە عێراقدا دەرکەوتووە. لە سەرۆکایەتیکردنی قۆناغەکانی ڕزگاری و پاشان بونیاتنانەوەی سیستەمی نوێی عێراق، ناوبراو هەمیشە هێزێکی ڕاگر بووە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا. کاتێک ئاڵۆزییەکان لە نێوان هەولێر و بەغدا سەریان هەڵدا، دیدگای سیاسی سەرۆک بارزانی بە ئاراستەی چارەسەری ئاشتییانە و دەستووری بووە، نەک پەرەسەندنی ناکۆکییەکان. ئەم ستراتیژە تۆندوتۆڵە، سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان، بناغەی بۆ ئارامی و هێورکردنەوەی دۆخی سیاسی عێراق دابین کردووە و کردییە جێگەی متمانەی زۆرێک لە هێزە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

لە ئاستی ناوچەییشدا، سەرۆک بارزانی وەک سەرکردەیەکی خاوەن دیدگا ناسراوە کە دەزانێ چۆن هاوسەنگی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕابگرێت. لە جەنگی دژی تیرۆردا، کە پێشمەرگە قارەمانەکان بە ڕێنمایی ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی توانیان گەورەترین هەڕەشەی تیرۆریستی (داعش) تێک بشکێنن، ڕۆڵی سیاسی و دیپلۆماسی سەرۆک بارزانی لە پێناوی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا. دیدگا و حیکمەتی سیاسی سەرۆک بارزانی تەنها سنووردار نەبووە بە ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بەڵکو وەک سەرکردەیەکی کاریگەری نەتەوەیی، هەمیشە خەمخۆری پاراستنی ئاشتی و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد بووە لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا.

سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی میٚژوویی و یەکلایەکەرەوەی گێڕا لە دەستپێکردن و پشتگیریکردنی پڕۆسەی ئاشتیدا لە تورکیا. بە بەکارهێنانی کلیلە دیپلۆماسییەکان و پێگەی نێودەوڵەتی خۆی، هەوڵی جددی دا بۆ نێزیک کردنەوەی لایەنەکان و شکاندنی بەستەڵەکی چەندین دەیە لە ململانێ و ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری، هەمیشە جەختی لەوە کردووەتەوە کە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتی تاقە ڕێگەی دروستە بۆ دەستبەری مافەکانی گەلی کورد.

لە قۆناغە ئاڵۆزەکانی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستاندا، سەرۆک بارزانی وەک چەتری کۆکەرەوەی هێز و لایەنە سیاسییە جیاوازەکان دەوڕێکی سەرەکی بینی. لە ڕێگەی ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی ڕێککەوتننامەکانی هەولێر و دهۆک، کۆدەنگی و یەکڕیزی لایەنە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کردە ئامانج، تاوەکو بتوانن بە یەکگرتوویی ڕووبەڕووی مەترسییەکان ببەنەوە و مافە ڕەواکانیان بپارێزن.

ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، لوتکەی **ئیرادەی نیشتمانی و مافی بڕیاردانی چارەنووس**

لە میٚژووی هاوچەرخی گەلی کوردستاندا، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ساڵی ٢٠١٧ وەک وەرچەرخانێکی میٚژوویی و گەورەترین دەربڕینی ئیرادەی ئازادانەی نەتەوەیەک تۆمار کراوە. سەرۆک بارزانی بە بڕوابوونێکی نەگۆڕ بە مافی بڕیاردانی چارەنووس، کۆکردنەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ سەرکوتکردنی تیرۆر، نیشانەی بااڵی تێگەیشتنی سیاسی بوو بۆ پاراستنی سەقامگیری ئاسایشی ناوچەکە و جیهان. ئەم سەرکەوتنە سەربازییە هاوکات لەگەڵ دانایی سیاسی، پێگەی هەرێمی کوردستانی وەکوو هاوبەشێکی متمانەپێکراو چەسپاند.

سەیرکردنی ئایندەی کوردستان لەم ڕوانگەیەوە، پێویستی بە پاراستن و پەرەپێدانی ئەو کولتورە سیاسییە هەیە کە لەسەر بنەمای ئاشتەوایی و پێکەوەژیان بنیادنراوە. ئایندەی گەشاوەی کوردستان لە گرووپ و تاکەکاندا نا، بەڵکو لەو یەکڕیزییە نیشتمانییەدا دەبینرێت کە هەمیشە خاڵی بەهێزی سەرکردایەتی بارزانی بووە. چەسپاندنی دیموکراسییەکی تەندروست، بەهێزکردنی دامەزراوەکانی هەرێم، و بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی کراوەی دیالۆگ، ئەو ڕێگایەن کە دەتوانن مسۆگەری ئارامی بەردەوام بن. لە کۆتاییدا، دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت کە میٚژووی سیاسی سەرۆک بارزانی کتێبێکی کراوەیە پڕ لە وانەی نیشتمانپەروەری و لێزانی سیاسی. ڕۆڵی دیار و نەپچڕاوی ناوبراو لە ڕاگرتنی هاوسەنگییەکان، چەسپاندنی پایەکانی ئاشتی، سەرپەرشتیکردنی بڕیارە چارەنووسسازەکان و دابینکردنی سەقامگیری، وەک میراتێکی گەورە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە و بناغەیەکی پتەو پێکدێنێت کە نەتەوەکەمان لەسەری دەتوانێت بەرەو ئایندەیەکی گەشتر و ئارامتر هەنگاو بنێت.

*نووسەر و ڕۆژنامەنووس.

خوێندنەوەیەکی میٚژوویی..

سیاسەتی ئەمەریکا بەرانبەر کورد لە بەڵگەنامەکانی سەدەی بیستەمدا




پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم

میٚژووی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی عێراق و میللەتی کورد، ڕەگ و ڕیشەیەکی درێژی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی سەدەی بیستەم. لەو میٚژووەدا، سیاسەتی واشنتن بەرامبەر کورد و عێراق، لە هەمان کاتدا بەپێی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە هەندێک بارودۆخیشدا بەردەوامییەکی جیاوازی هەبووە.

یەکێک لە بەڵگەنامە گرنگەکانی ئەم قۆناغە، بەڵگەنامە و یادداشتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە بە ناوی (Robert C. Strong) «ڕۆبەرت سی سترۆنگ» ی تێدایە. بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی ئەمریکا دەری دەخەن کە سترۆنگ لە ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٣) نێردراوی ئەمریکا بووە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە پرۆسەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی بابەتە سیاسییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشدار بووە. ئەم بەڵگەنامە بۆ خوێندنەوەی میٚژووی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ناوچەکە گرنگن، چونکە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە گەورەکانی ئەو سەردەمەدا کاری کردووە، بەتایبەتی لە بارەی ئەمنیەت، هاوسەنگیی هێزەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لە ناو ئەم چوارچێوەیەدا، کێشەی کوردیش یەکێک بووە لەو بابەتانەی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە سیاسەتی ناوچەکەدا کاریگەریی هەبووە. کورد، بەهۆی بارودۆخی سیاسیی و جوگرافیایی خۆیەوە، لە نێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و هێزە نێودەوڵەتییەکاندا بووەتە بەشێک لە هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دروست دەبێت: ئایا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد لە سەدەی بیستەمدا لەسەر بنەمای پشتیوانیی بەردەوام دامەزراوە، یان زیاتر پەیوەندی بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی واشنتنەوە هەبووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەتوانین پشت بە بەڵگەنامە میٚژووییەکانی ئەو قۆناغە ببەستین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا پەیوەست بووە بە بەرژەوەندییە فراوانەکانی واشنتن لە ناوچەکەدا.

بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی لە جیاتی تەنها پشتبەستن بە گێڕانەوە سیاسییەکان، میٚژوو لەسەر بنەمای بەڵگە و دۆکیومێنت بخوێنینەوە. بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ٩ی نیسانی ١٩٦٣، کە ناوی(Robert C. Strong) « ڕۆبەرت سی. سترۆنگ» لە بەشداربووانی کۆبونەوەکەدا هاتووە، نمونەیەکە لەو دۆکیۆمێنتانەی کە دەتوانین بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ئەمریکا لەو سەردەمەدا و لە ئێستاشدا سوودی لێ وەربگرین و لەبەرچاوی بگرین. ئەمەش گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ تۆڕەرانی میٚژووی سیاسیی کوردستان، چونکە پێویستە پەیوەندییەکانی کورد و هێزە گەورەکانی جیهان بە چاوی میٚژوویی و دوور لە ڕوانگەیەکی تاک لایەنە بخوێندرێتەوە. لەبەر ئەوە، بەراوردکردنی قۆناغە میٚژووییە جیاوازەکان، وەک سەردەمی (Robert C. Strong) لە ساڵانی ١٩٦٠دا و هەڵوێستی هەندێک بەرپرسی ئەمریکی لە ناوچەکەدا لە ئەمڕۆدا، پرسیارێکی گرنگمان بۆ دروست دەبێت: ئایا تا چەند گۆڕانی ناوی بەرپرسان و شێوازی دیپلۆماسییەکان، گۆڕانی بنەڕەتی لە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی دەوڵەتە گەورەکاندا دروست دەکات؟



SECRET

FROM WASHINGTON TO FOREIGN OFFICE

Cypher/OTP

FOREIGN OFFICE AND DIPLOMATIC DISTRIBUTION

Sir D. Ormsby Gore

No.530 D. 1.32.a.m. February 16, 1963
February 15, 1963 R. 5.10.a.m. February 16, 1963

PRIORITY
SECRET
Addressed to Foreign Office telegram No.530 of February 15.
Repeated for information to: Baghdad, Ankara, Tehran
and Saving to: Damascus

Baghdad telegram No.138: Iraq.

When we were seeing the Director of the Office of Near Eastern Affairs at the State Department this morning Mr. Strong said the Department had learned from the United States Embassy at Baghdad that there were signs of an increase of tension between the new Iraqi Government and the Kurds. He understood the United States Embassy had discussed the matter with Her Majesty's Embassy and that both were concerned at this trend, which the Department had not expected.

2. Mr. Strong said that if the Kurds resumed full scale military action this could have unfortunate results. He assumed it was the Communist element among the Kurds who were trying to stir up the trouble. If the new Iraqi régime had to devote its resources to tackling the Kurds at the present time they would be less able to deal with Communist and other opposition elements who might, Mr. Strong thought, then be able either to stage a take-over or at any rate to force the new Government to reach a compromise with them. Equally, if the Iraqi Government were prevented by its other opponents from dealing with the Kurdish problem the Kurds might seize the opportunity to try to create some sort of autonomous Kurdish State. In that event the Kurds would have to look for external support, for which they would no doubt turn to the Soviet Union. In either of these events the Soviet Union was likely to reap the profit. Western interests, Mr. Strong continued, lay in the maintenance of the new Iraqi régime, which was probably the best we could hope to have in Iraq at present.

SECRET / 3. Mr. Strong

ڕۆژەڤ



کاروان محەمەد سینۆ

دوای هەڵبژاردنی نیوەیی ئەمەریکا؛
چوار سیناریۆ بۆ دابەشبوونی دەسەڵات لە واشنتن هەیە

ئەمڕۆ کە هەڵبژاردنی نوێکردنەوەی نیوەیی کۆنگرێسی ئەمەریکا ئەنجام دەدرێت، ململانێی نێوان کۆماریيەکان و دیموکراتەکان تەنیا لەسەر کۆنترۆڵکردنی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران کورت نەبووەتەوە، بەڵکو دریژەدەبێتەوە بۆ دواڕۆژی دەسەڵاتەکانی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە دوو ساڵی کۆتایی خولی دووەمیدا. هاوکات، ئەمە تاقیکردنەوەیەکی زۆر هەستیارە بۆ ئاستی ئامادەیی کۆشکی سپی تا دان بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا بنێت، ئەگەر بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ترەمپەوە دەرچوون.

لەگەڵ ئاماژەکانی ڕاپرسییەکان بۆ دابەزینی جەماوەریی ترەمپ، چوار سیناریۆی ئەگەری بۆ دابەشبوونی نوێی دەسەڵات لە واشنتن دەردەکەون:

سیناریۆی یەکەم: کۆماریيەکان هەردوو ئەنجومەنەکە ببەنەوە.

ئەگەر کۆماریيەکان زۆرینە بپارێزن (کە بەپێی ڕاپرسییەکان دوورەدەست دیارە) ترەمپ دڕێژە بە کارەکانی دەدات و بواریکی بەربڵاوتری دەبێت بۆ تێپەڕاندنی ئەولەویەتە ئابووری، یاسایی و کۆچبەران، لەگەڵ کەمکردنەوەی دەرفەتی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی.

سیناریۆی دووەم: دیموکراتەکان ئەنجومەنی نوێنەران ببەنەوە.

ئەگەر زۆرینەی نوێنەران بۆ دیموکراتەکان بڕوات و کۆماریيەکان پیران بپارێزن (بەهۆی دەنگی یەکلاکەرەوەی جەی دی ڤانس)، واشنتن دەچێتە قۆناغی دابەشبوونی دامەزراوەییەوە. دیموکراتەکان سەرۆکایەتیی لێژنەکان بەدەستدەهێنن و لێکۆڵینەوە لە بڕیارەکانی ئیدارەی ترەمپ دەکەن، بەڵام پیرانی کۆماری و ڤیتۆی سەرۆک ڕێگر دەبن لە سەپاندنی ئەجێندایان.

سیناریۆی سێیەم: دیموکراتەکان کۆنترۆڵی ئەنجومەنی پیران بکەن. گەورەترین گورز لە ترەمپ لە دۆسیەی دامەزراندنی دادوەران، باڵوێزەکان و بەرپرسانی سیاسی دەبێت، چونکە پیران دەسەڵاتی پەسەندکردنیان هەیە و دەتوانن کاندیدەکان پەکبخەن یان دوا بخەن، سەرەڕای ئەوەی توانای تێپەڕاندنی یاسایان نابێت.

سیناریۆی چوارەم: کۆنترۆڵی تەواوەتی دیموکراتەکان لەسەر هەردوو ئەنجومەن.

ئەمە گەورەترین وەرچەرخانە و ڕێگە خۆش دەکات بۆ هەوڵی لێپرسینەوەی سیاسی (Impeachment) لە ترەمپ، هەرچەندە لابردنی سەرۆک پێویستی بە دوو لە سەر سێی دەنگی ئەنجومەنی پیران هەیە و ترەمپیش مافی ڤیتۆی دەمێنێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، پرسیارە قورسەکە ئەوەیە؛ ئەگەر کۆماریيەکان بدۆڕێن، ئایا ترەمپ دان بە ئەنجامەکان دەنێت؟.

ڕاپرسییەکان نیشانی دەدەن کە زۆرینەی ئەمەریکییەکان متمانەیان بەوە نییە ترەمپ ئامادە بێت بە ئاسانی دان بە شکستدا بنێت. لەم حاڵەتەدا سێ ئەگەر لەسەر هەڵوێستی ترەمپ هەن:

١) دان بە ئەنجامەکەدا بنێت و تاوانەکە بخاتە ئەستۆی بەرپرسە ناوخۆییەکان.

٢) گومان لە بەشێک لە بازنەکان دروست بکات و داوای ژمارەنوە بکات.

٣) تۆمەتەکان گشتگیر بکاتەوە و گومان بخاتە سەر تەواوی پرۆسەکە.

سەرباری ئەم ئاڵۆزییانە، سەرۆکی ئەمەریکا هیچ دەسەڵاتێکی تاکلایەنەی نییە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی کۆنگرێس کە لەلایەن ویلایەتەکانەوە بەڕێوەدەچن، بەڵام لێدوان و گومانەکان دەتوانن کەشوهەوای سیاسی و بازاڕە فیدراڵییەکان ئاڵۆز بکەن.

دەقی وەرگێڕانی بەڵگەنامەکە بە کوردی:

نهێنی/ لە واشنتنەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە

تەلەگرافی ژمارە ٥٣٠ی ٥ ی ئادار 1963.

کۆپییێک بۆ زانیاری بۆ: بەغدا، ئەنقەرە، تاران و بۆ دیمەشق.

تەلەگرافی بەغدا ژمارە ١٣٨: عێراق.

کاتێک بەیانیی ئەمڕۆ لە وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری ئۆفیسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک کۆبوونەوە، بەڕێز سترۆنگ ڕایگەیاند کە وەزارەت لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا زانیاری پێگەیشتووە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی گرژییەکانی نێوان حکومەتی نوێی عێراق و کوردەکان. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد کە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا ئەم بابەتەی لەگەڵ باڵیۆزخانەی بەریتانیا(جەنابی شاهانە) تاوتوێ کردووە و هەردوولا بەرامبەر بەم ڕەوتە نیگەرانن؛ کە ئاراستەیەک بووە وەزارەتی دەرەوە چاوەڕوانی نەدەکرد.

٢- بەڕێز سترۆنگ گوتی: ئەگەر کورد دەست بە چالاکیی سەربازیی بەربڵاو بکەنەوە، ئەمە ئەگەری هەیە دەرئەنجامی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە. ناوبراو پێشبینی دەکات کە ڕەنگە توخمە کۆمۆنیستەکانی ناو کورد بن کە هاندەر بن بۆ دروستکردنی ئەم ئاڵۆزییانە. ئەگەر ڕژێمی نوێی عێراق ناچار بێت سەرچاوەکانی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کورد لەم کاتەدا تەرخان بکات، توانای کەمتر دەبێتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمۆنیستەکان و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەدا؛ بە باوەڕی بەڕێز سترۆنگ، ئەوەش زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی ئەو لایەنانە یان دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن یانیش بە هەر جۆرێک بێت حکومەتی نوێ ناچار بکەن لەگەڵیاندا بگاتە ڕێککەوتن. بەهەمان شێوە، ئەگەر حکومەتی عێراق لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەیەوە ڕێگری لێ بکات لە بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ڕەنگە کورد ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ هەوڵدان لە پێناو دامەزراندنی جۆرێک لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی. لە حاڵەتێکی وەهادا، کورد ناچار دەبێت بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی دەرەکی پەنا بباتە بەر وڵاتانی دیکە، کە بە بێگومان لەم پێناوەدا ڕوو لە یەکێتیی سۆڤیەت دەکەن. لە هەر یەکێک لەم دوو حاڵەتەدا، ئەگەری زۆر هەیە یەکێتیی سۆڤیەت دەستکەوت و قازانجەکان بچنێتەوە. بەپێی وتەکانی بەڕێز سترۆنگ، بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە پاراستنی ڕژێمی نوێی عێراقدا دەبینرێتەوە، کە لە ئێستادا ڕەنگە ئەمە باشترین ڕژێم بێت هیوای خواستنی لە عێراقدا هەبێت.

نهێنی/ بەڕێز سترۆنگ

جووتیاران خەریکی ڕنینەوەی بەرهەمی ئەمساڵن

هەناری هەرێمی کوردستان بازاڕەکانی پڕ کردووە

جووتیارێك: ساڵانە سەدان تەن هەنار لە نازەنین بەرهەم دەهێندرێت

خەبات : تریفە ئازاد

کوردستان هەمیشە وەک یەکێک لە ناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە بە بوونی خاکی بە پیت، ئاوی ژێرزەوی و سەرچاوەی سرووشتیی گونجاو بۆ کشتوکاڵ. هەنار وەک یەکێک لە دیارترین و گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لێی بەرهەم دەهێنرێت و وێڕای ئەوەی وەکو میوەیەکی بەسوود دەخورێت، بۆ چەندین بەرهەمی تریش سوودی لێ وەردەگیرێت.

ناودارترین ناوچەکانی بەرهەمهێنانی هەنار لە کوردستان

هەرێمی کوردستان بەهۆی هەمەجۆریی کەشوهەوا، بوونی دۆڵ، ناوچەی شاخاوی و دەشتایی، شوێنێکی زۆر گونجاوە بۆ گەشەکردنی دەرختی هەنار. هەر ناوچەیەک لەم هەرێمە خاوەنی تایەتمەندییەکی جوگرافیی جیاوازە کە تام و بۆنێکی تایبەت بە هەنارەکەی دەبەخشێت. دیارترین ئەو ناوچانەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بە هەنارە بەناوبانگەکانیان دەناسرێن.

شارەزوور و هەڵەبجە وەک پایتەختی هەناری کوردستان دەناسرێن بەوەی ناوەندی سەرەکیی بەرهەمهێنانی باشترین و بەناوبانگترین هەنارن. بەتایبەت دەشتی شارەزوور و دەوروبەری پارێزگای هەڵەبجە بەهۆی نەرمیی خاک و زۆریی سەرچاوەی ئاوەوە، شوێنێکی نموونەیین. هەناری هەڵەبجە نەک تەنیا لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لە دەرەوەی وڵاتیش ناوبانگی دەرکردووە و ساڵانە لە وەرزی پێگەیشتنی هەناردا فیستیڤاڵی تایبەتی بۆ ڕێکدەخرێت. هەروەها هەناری هێران و نازەنین، ئاژگە و بەشێکی تەقتەق بە هەناری ناوازە و کوالێتی بەرز ناسراون.

ئاستی بەرهەمهێنانی هەناری ئەمساڵ و داتا ئابووریەکان

بەپێی دواییین ئامار و زانیارییەکان، بەرهەمهێنانی هەنار لەمساڵ و ساڵانی ڕابردوودا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کە لە چەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە:

1. **فراوانبوونی ڕووبەری باخەکان:** ڕووبەری گشتیی باخەکانی هەنار لە هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە و ئێستا سەدان دۆنم زەوی تەرخان کراون تەنها بۆ چاندنی داری هەنار.

2. **قەبارەی بەرهەم و کاریگەریی کەشوهەوا:** ئەمساڵ بارودۆخی کەشوهەوا لە هەندێک قۆناغدا مایەی نیگەرانی بوو، بەڵام بە گشتی سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێوەبردنی دروست لەلایەن باخەوانەکانەوە توانییان ئاستێکی باش و قەبارەیەکی بەرچاو لە بەرهەم مسۆگەر بکەن کە بازاڕەکانی ناوخۆی پێ دەوڵەمەند بوو.

ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم بەرهەمهێنەرانی هەنار

سەرەڕای ئەوەی هەناری کوردستان کوالێتییەکی زۆر بەرز و ناوبانگی جیهانی هەیە، بەڵام باخەوانان و جووتیاران هێشتا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و ئاستەنگی جدی دەبنەوە کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر داهاتی ئابووریی ئەم کەرتی کشتوکاڵییە هەیە:

• **هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکی:** یەکێک لە گەورەترین کێشەکان ئەوەیە کە لە کاتی پێگەیشتن و دروێنەکردنی هەناردا (مانگەکانی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم)، بەرهەمی دەرەکی بە بڕێکی زۆر و نرخێکی کێبڕکێکار دێتە ناو بازاڕەکانی هەرێمەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی هەناری ناوخۆیی بۆ ئاستێک کە هەندێکجار ناتوانێت خەرجییەکانی باخەوان دابین بکاتەوە. هەناری کوردستان سامانێکی گەورەی سروشتی و ئابووریە کە خاوەنی تایبەتمەندییەکی ناوازەیە لە جیهاندا. ئەمساڵیش، سەرەڕای بوونی کێبڕکێی بازاڕ و ئاستەنگە ئابووریەکان، باخەوانانی کوردستان بە خۆڕاگریی خۆیان توانییان بەرهەمێکی نایاب پێشکەش بە بازاڕەکان بکەن.

ئافرەتێك: سركەی هەناری ئێمە بە تەواوی سرووشتییە و ئاو یان ماددەی دیكەی تێناكرێت



سووده تەندروستییەکان و بەرهەمە ماڵییەکان

وەرزی پێگەیشتنی هەنار بە شێوەیەکی گشتی لە مانگی ئەیلولەوە تا مانگی کانوونی دووەمە. لە دوو ساڵی ڕابردووشدا سەدان تەن هەناری کوردستان ڕەوانەی وڵاتانی ئەورووپا، کەنداوی عەرەبی و شارەکانی ناوەڕاست و خواروو عێراق کراوە.

زانیارییە پزیشکییەکان باس لەوە دەکەن کە ئاوی هەنار و پەلکەکەی سوودی تەندروستیی زۆریان بۆ مرۆڤ هەیە، **لەوانەش:** پاڵپشتیکردنی تەندروستیی دڵ، باشترکردنی پێست و کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن. هاوکات بەهۆی تامە جیاوازەکانەوە، ئاوی هەنار یەکێکە لە خواردنەوە خوازراوەکان و دەتوانرێت چەندین بەرهەمی وەکو دۆشاو و سرکەی لێ دروست بکرێت.

لە سنووری پارێزگای هەولێر، هەناری گوندی نازەنین بەناوبانگە و بە کانگەی هەناری زۆرباش دادەنرێت.

عەیشە سەعید، کە دانیشتوویەکی گوندی نازەنینە، ساڵانە لەگەڵ پێگەیشتنی هەنار دەست بە دروستکردنی شەربەتی هەنار، سرکە و بەرهەمی تر دەکات. ناوبراو دەڵێت:

شەربەتی هەنار تەنیا ئاوی هەنارەکەیە، دوای گوشینی نابێت هیچ شتێکی تێبکرێت و لەناو ساردکەرەوە هەڵیدەگرین. بۆ دروستکردنی سرکە، ئاوی هەنارە بێ هیچ زیادکراوێک دەخرێتە سەر ئاگر تاوەکو دەکوڵێت و خەست دەبێتەوە. هەناری ترش بۆ سرکە زۆر گونجاوە، چونکە هەناری شیرین سرکەکەی شیرین دەکات و خەڵک حەزی لێ ناکات.

سەبارەت بە ساغکردنەوەی بەرهەمەکەش دەڵێت: ئێمە کرێیارمان هەیە، ئەوانەی لە ئێمەی دەکڕن لە بازاڕەکان دەیفرۆشنەوە، هەروەها خەڵکانی تریش تایبەت بۆ کڕینی سرکەی خەست دێنە نازەنین و زۆرجار خزمانیش داوای دەکەن.

• ئارام نازەنینی، کە خاوەن باخی هەنارە و ساڵانێکە سەرقاڵی دروستکردنی سرکەیە و باس لەوە دەکات: دوای مانگی ١٠ کاتێکی گونجاوە بۆ دروستکردنی سرکە، و مەرجە هەناری سرکە بارانی لێ نەدات. ئێمە سرکە لە مەکینە نادەین وەک ئێستا لە هەندێک شوێن باوە، بەڵکو بەدەست دایدەتەکێنین و دوای پاڵاوتنی دەنکەکەی، ئاوەکە دەخەینە مەنجەڵی گەورە و نزیکەی شەش کاتژمێر دەیکوڵێنین.

ئارام دەشڵێت: سرکە خواردنێکی سرووشتی و پڕ لە سوودە، پێویستە لە هەموو ماڵێکدا هەبێت. جیا لەوەی تەندروست و پاکە، لە زۆر خواردندا بەکاردێت. بۆیە باشترە وەک بەرهەمێکی خۆماڵی گرنگیی پێ بدرێت و خەڵک واز لە سرکەی هاوردە بێنن، کە نازانرێت تەنیا تامە یان چەند ماددەی پارێزەری تێدەکرێت بۆ ئەوەی تێکنەچێت.

بۆچی نرخی گۆشتی سوور هەر گرانە و دانابەزێت؟

هۆکار و چارەسەر

دیار حەسەن

کەرتی ئاژەڵداری لە هەرێمی کوردستان، وەک یەکێک لە پایە گرنگەکانی ئاسایشی خۆراک و ئابووریی ناوخۆیی، لە قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە ئاڵنگاریدا دەژیت. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ئەم کەرتە تووشی قەیران بووەوە کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر بژێویی هاوواڵتیان هەبووە، دیارترین نیشانەی ئەم قەیرانەش بەرزبوونەوەی نرخی گۆشتی سوور بووە لە بازاڕەکاندا. کە ئێستا نرخی یەك کیلۆ گۆشتی خۆماڵی 22 هەزار دیناڕە. ئەم دۆخە نە تەنیا باری ئابووریی خێزانە کەمدرامەتەکانی قورس کردووە، بەڵکو مەترسییەکی جددیی لەسەر دارمانی ژێرخانی سامانی ئاژەڵیش دروست کردووە.

هۆکارەکانی گرانبوونی نرخی گۆشتی سوور

1. بەرزبوونەوەی نرخی ئالیك و پێداویستییە سەرەتاییەکان: یەکێک لە گەورەترین کۆسپەکان لە بەردەم خاوەن ئاژەڵەکاندا، گرانیی نرخی جۆرەکانی ئالیك (وەک جۆ، گەنمەشامی، و سۆیا) و کێڵگەکانی لەوەڕاندنە. زۆربەی ئەم کەرەستە سەرەتاییانە هاوردە دەکرێن و بە نرخێکی گران دەگەنە دەست جووتیاران، ئەمەش تێچووی بەخێوکردنی ئاژەڵی زۆر بەرز کردووەتەوە و وای کردووە بەخێوکردن لە ڕووی ئابوورییەوە قازانجی کەمبێت یان تەنانەت زەرەرمەند بێت.

2. کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوا و وشکەساڵی: لە ساڵانی ڕابردوودا، کەمیی بارانبارین و وشکەساڵی کاریگەریی نەرێنیی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو و بەرهەمهێنانی پوش و پاوان هەبووە. ئەمە خاوەن کێڵگەکانی ناچار کردووە پشت بە ئالیکی دەستکرد و گرانبەها ببەستن بۆ پێدانی خۆراک بە ئاژەڵەکانیان، کە ئەمەش باری دارایی ئەوانەی قورستر کردووە.

3. نەبوونی نەخشەڕێگای ستراتیژی: سەرەڕای گرنگیی ئەم کەرەتە، بەڵام هاوکارییە دارایی و لۆجستییەکان بۆ پەلکێشکردنی خاوەن کێڵگەکان و دابینکردنی دەرمان، ڤاکسین و پێداویستییە ڤێتێرنەرییەکان بە ئاستی پێویست نەبووە. یان پاڵپشتیی ڕاستەوخۆ بۆ بەرهەمهێنەران، بۆشاییەکی گەورەی لە بازاڕدا دروست کردووە.

4. سەرهەڵدانی نەخۆشیی گواستراوەکان: بڵاوبوونەوەی هەندێک نەخۆشیی ڤایرۆسی و بەکتریایی لەنێو ئاژەڵاندا زیانی گەورەی بە سامانەکە گەیاندووە و بووەتە هۆی لەناوچونی ژمارەیەکی زۆر لە مەڕ و بزن و مانگا، ئەمەش ڕێژەی خستنەڕووی گۆشتی لە بازاڕدا کەمکردووەتەوە. بەرزبوونەوەی نرخی گۆشتی سوور تا ئەو ئاستەی کە لە ئێستادا دەبینرێت، تەنها کێشەیەکی بازاڕی نییە، بەڵکو قەیرانێکی فراوانترە. گۆشتی سوور سەرچاوەیەکی گرنگی پڕۆتین و پێکهاتە خۆراکییەکانە بۆ گەشەی تەندروستی مرۆڤ. کاتێک نرخەکەی بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستێک کە بەشێکی زۆر لە هاوواڵتییان ناتوانن دابینی بکەن، ئەمە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر باری تەندروستیی کۆمەڵگا، بەتایبەت منداڵان و تووێژە لاوازەکان دەبێت.

• زیادبوونی هاوردەکردن و پشتبەستن بە دەرەوە: کاتێک بەرهەمی ناوخۆیی بە ڕێژەی پێویست نەبێت و نرخی بەرز بێت، حکوومەت و بازرگانان ناچار دەبن پەنا بۆ هاوردەکردنی گۆشت لە دەرەوەی وڵات بەرن. ئەمەش نەک تەنیا دەبێتە هۆی دەرچوونی سەروەت و سامانی بیانی لە هەرێمەوە، بەڵکو هەڵی کار بۆ بەخێوکەرانی ناوخۆش کەم دەکاتەوە و ئابووریی ناوخۆ لاواز دەکات.

• کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار: زۆرێک لە ئاژەڵداران و خێزانە گوندنشینەکان دەستبەرداری ئەم پیشە بپاڕێزێت.

نازەنینە: سەرچاوەیەکی سەرەکی هەنار بۆ سرکە و شەربەت



مێژوویی و ڕەسەنە بوون و ڕوویان لە شارەکان کردووە، ئەمەش هاوسەنگیی دیمۆگرافی و ئابووریی گوندەکانی تێکشکاندووە.

بۆ ڕزگارکردنی کەرتی ئاژەڵداری و دابەزاندنی نرخی گۆشتی سوور بە شێوازێکی زانستی و بەردەوام، پێویستە هەنگاوی خێرا و کارا بنرێن:

1. پەرەپێدانی پڕۆژەی ئاژەڵداریی مۆدێرن: دەبێت وەبەرهەمهێنان لە کەرتی ئاژەڵداریدا لە شێوازی نەریتییەوە بگۆڕدرێت بۆ شێوازی مۆدێرن و پیشەسازی، کە تێیدا تێچووی بەرهەمهێنان کەمتر و بەرهەم زۆرتر بێت.

2. ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و بازاڕ: پێویستە چاودێریی توند بەسەر نرخی گۆشت و هاوردەکردندا هەبێت بۆ ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و بەرزکردنەوەی نایاسایی نرخەکان لەلایەن هەندێک لە قۆرخکارانی بازاڕەوە.

3. گرنگیدان بە پڕۆژەکانی پەرەپێدانی لەوەڕگاکان: دروستکردنی پۆندی ئاو و خاوێنکردنەوەی کانییەکان لە ناوچە لەوەڕگاکان دەتوانێت یارمەتیدەرێکی گەورە و باش بێت بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەخێوکردن.

کەرتی ئاژەڵداری لە هەرێمی کوردستان هێزی بزوێنەری ئابووریی گوندەکان و پارێزەری ئاسایشی خۆراکە. چارەسەرکردنی قەیرانی گۆشتی سوور تەنیا لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی کاتیی نرخەکانەوە ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە ستراتیژێکی گشتگیر و درێژخایەن هەیە کە تێیدا پارێزگاری لە بەرژەوەندیی بەرهەمهێنەر و بەکاربەر پێکەوە بکرێت.

هۆکارەکانی لاوازی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی لە ئێستادا



ڕاپۆرت / مسلم دۆلەمەری

لە کۆندا یان باشتر بڵێین لە سەردەمانی باب و باپیرانمان ماڵەکان بچووك و سادە و ساکار بوون، بەڵام دڵەکان گەورە و پڕاوپڕ بوون لە پەیوەندییە گەرمە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و خزمایەتی بە تایبەتی، کەچی ئێستا ماڵەکان زۆر گەورە و مۆدێرنن، بەڵام دڵەکان بچووك و پەیوەندییەکان لەوپەڕی خەراپیدان. لەم ڕاپۆرتەدا ڕاو بۆچوونی ژمارەیەك لە هاوووڵاتیان سەبارەت بەم باسە دەخەینە ڕوو.



مینا سیامەند خەلیل لەو بارەوە دەڵێت: لە کۆندا ژیان سادەتر و قەبارەی ماڵەکان بچووکتر بوون، بەڵام خاوەن ماڵ دڵێکی گەورەی هەبوو، هەر تاکێك هەوڵی دەدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی بە گەرموگوڕی ڕابگرێت، بە پێچەوانەوە ئێستا ماڵ گەورە داهات زیاتر، بەڵام دڵەکان بچووك و سارد تر. ئەمە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکی قوواڵی کۆمەڵایەتییە کە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی گۆڕیوە. لە سەردەمی کۆندا، ژیان لە سەر بنەمای کۆمەڵگەی بچووك، گوند و هۆز ڕێکخرا بوو. خەڵك پێویستییان بە یەکتری هەبوو بۆ کشتوکاڵ، ئاسایش و ئارامی و پاراستنی پەیوەندی و چارەسەری کێشەی یەکتر. ئەم پێویستییە هاوبەشە وایدەکرد کە سەردان و یارمەتیدانی یەکتری ببێتە شێوازێکی ژیان، نەك تەنها ئەرکێك، بەڵام لەگەڵ پیشەسازی و شارستانی بوون، ژیان بۆتە تاکە کەسی تر. مرۆڤ ئیتر بۆ مانەوە پێویستی بە کۆمەڵگەی گوندی نییە، بەڵکو دەتوانێت بە هەزاران کیلۆمەتر لە دوورەوە کار بکات و بژێوی ژیانی دابین بکات و ژیان بەڕێ بکات. ئەم گۆڕانکارییە بەهایەکی کۆمەڵایەتی جیاوازی لەگەڵ خۆی هێناوە.

تەکنۆلۆژیا، پەیوەندی ئاسانتر، بەڵام سارد تر: تەکنۆلۆژیا پەیوەندییەکانی ئاسانتر کردووە، بەڵام یەکتر بینینەکان کەم بوونەتەوە. سەردانکردن بۆتە "کارێکی زیادە" کە دەبێت لە نێوان کار و خێزاندا جێگەی بکرێتەوە. لە کۆندا خزمایەتی مانای پشتبەستن و یاراستن و هاوکاری بوو، ئێستا زۆر جار بۆتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی کە بە شێوەی فەرمی ئەنجام دەدرێت .

لەوەند ئەحمەد عەزیز ڕای وایە :ئەگەر سەیری ژیانی ڕابردوو بکەین، دەبینین خەڵك لە ماڵە بچووکەکاندا دەژیان، بەڵام جێگەیان بۆ خزم، دراوسێ، هاوڕێ و تەنانەت بێگانەش هەبوو. خوانەکان سادە بوون، بەڵام بەردەوام بە کەسانی زیاترەوە هاوبەش دەکران. دارایی کەمتر بوو، بەڵام دەستەکان زیاتر بۆ یارمەتیدانی یەکتر دڕێژ دەکران. سەردان پێویستی بە بانگهێشتنامە و بڕیارێکی پێشوەختە نەبوو، دەرگای ماڵ دەرگای خۆشەویستی بوو، نەك تەنها دەرگای خانوویەك، بەڵام ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا کە زۆربەمان ماڵی گەورەتر، ئامراز و ئاسانکاریی زیاتر بۆ ژیان و ڕێگەی پەیوەندیکردنی خێراترمان هەیە، کەچی هەندێك پەیوەندیی خێزانی لاوازتر بوون. پەیوەندییەکانمان لە شاشەی مۆبایلدا بەردەوامن، بەڵام لە ژیانی ڕاستەقینەدا لە یەکتر دوورین. زانیاریمان لە بارەی ژیانی یەکتر زۆرە، بەڵام تێگەیشتن لە ئازار و پێویستییەکانی یەکترمان کەمە. لەوانەیە هۆکارەکەی لە گۆڕانی شێوازی ژیانماندا بێت. لە ڕابردوودا، خێزان و کۆمەڵگە پشت و پەنا و سەرچاوەی سەرەکیی یارمەتی بوون. سەختییەکان وایان دەکرد خەڵك زیاتر پێکەوە بن و بارەکانی ژیان بەش بکەن. ئەمڕۆ گوشارە ئابوورییەکان، سەرقاڵی بە کار، گۆڕانی لە خواستەکان و سەرقاڵبوون بە جیهانی دیجیتاڵی، زۆر جار کات و هێزی پەیوەندییەکانمان کەم دەکەنەوە. ئەمە واتای ئەوە نییە کە ڕابردوو بێ کێشە بوو یان مرۆڤی ئەمڕۆ دڵسۆز نییە، بەڵکو یادمان دەخاتەوە کە هیچ پەیوەندییەك بە بێ چاودێری و بەردەوامی بە هێز نامێنێت .لە ژیانی پڕ سەرقاڵی ئەمڕۆدا، شوێنی یەکترمان لە پێشینەی گرنگییەکانماندا کەمتر کردۆتەوە، ئەمەش بە پاساوی نەبوونی کات یان سەرقاڵی و ماڵ و منداڵ. پێشکەوتنی ڕاستەقینە ئەوە نییە کە مرۆڤ بتوانێت بە تەنیا هەموو پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات، بەڵکو ئەوەیە، لەگەڵ هەموو پێشکەوتنەکانی، هێشتا پێویستی بە یەکتر هەبوون و بەهاکەی بناسیت. پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە پێشکەوتن بۆ چییە، ئەگەر لەگەڵ خۆیدا گەرمێتیی پەیوەندییەکانمان نەهێڵێت؟ کۆمەڵگە بە گەورەیی کۆشکەکانی گەورە نابێت، بەڵکو بە گەورەیی دڵی مرۆڤەکانی دەوڵەمەند دەبێت. ماڵێك کە تێیدا خۆشەویستی نییە تەنها باڵاخانەیەکە، بەڵام ماڵێك کە دەرگاکەی بۆ یەکتر کراوەیە، تەنانەت ئەگەر بچووکیش بێت، جیهانێکی گەورەی تێدایە .

نەجلا سادق عومەر گوتی: ئەگەر پرسیارێك لە خۆمان بکەین و بڵێین بۆچی هەموومان خۆزگە بە ژیانی جاران دەخوازین، ئەو کات سۆز و بەرەکەت و خزمایەتی و سەردانی یەکتر زور باشتر بوون، بەرەکەت لە نێو هەموو ماڵێکدا هەبوو و هەموویان وەکو یەك یەکسان بووین، بەڵام ئێستا هیچ سۆز و بەرەکەت و سەردانی کردن وەکو پێویست نەماوە، هەموو ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئێستای تەکنۆلۆژیا و لەخۆبایی بوون و ماڵ و سامان و نمایشکردنیان بۆ یەکتر. سەردەمی تەکنۆلۆژیا کارتێکردنی گەورەی لە مرۆڤی ئێستا کردووە و بۆتە هۆکاری نەبوونی دانیشتنی بە کومەڵ و مەجلیسی گەرمە کۆمەڵایەتییەکان. ئێستاکە سەردانی نەخۆش، جەژنە پیرۆزە کردن، سەرەخۆشی و پرسە هەمووی چۆتە چوارچێوەی پەیامێکی سارد و سڕی مۆبایلەکان، جگە لەوە حەسادەت و چاوچنۆکی زۆربەی مرۆڤەکانی ئێستا وای کردووە کە نەتوانن سەردانی یەکتری بکەن نەك لە ئاستی خزمایەتی و ناسیاویدا، بەڵکو لە ئاستی خێزانی و خوشك و برایەتیشدا ئەمە دروست بووە. ئێستا تاکەکان لە نێو کۆمەڵی خزمان و ناسیاوان لەو پەڕی تەنیایی یان بەڕێدەکەن و لەخۆبووردەیی کەم بۆتەوە.

شەهراز ئاراس محەمەد دەڵێت :بەڕای من ئەگەر بمانەوێت بە وردی لە جیاوازیی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕابردوو و ئەمڕۆ تێبگەین دەبێت لەوەوە دەست پێبکەین کە گەورەیی ماڵ بە مەتر و چوارگۆشە پێوانە ناکرێت، گەورەیی کۆمەڵگەش تەنها بە پێشکەوتنی مادی و تەکنۆلۆژی دیاری ناکرێت، بەڵکو بەوە دیاری دەکرێت کە مرۆڤەکانی چەندە لەگەڵ یەکتر نزیکن، چەندە هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر یەکتریان هەیە و چەندە ئازار و خۆشییەکانیان بەش دەکەن .

لە کۆندا سەرەڕای ئەوەی ژیان لە ڕووی ئابووری و تەکنۆلۆژییەوە سنووردار تر بوو پەیوەندییە مرۆییەکان بەهایەکی بەرزتریان







مینا سیامەند:
لە کۆندا خزمایەتی مانای پشتبەستن و یاراستن و هاوکاری بوو، ئێستا بووەتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی کە بە شێوەی فەرمی دەکرێت

لەوەند ئەحمەد عەزیز:
پەیوەندییەکانمان لە شاشەی مۆبایلدا بەردەوامن، بەڵام لە ژیانی ڕاستەقینەدا بەداخەوە لە یەکتر دوورین

نەجلا سادق:
مرۆڤ لە نێو کۆمەڵی خزمان و ناسیاوان لەوپەڕی تەنیایی ژیان بەڕێ دەکەن و لەخۆبووردەیی کەم بووەتەوە.

شەهراز ئاراس:
کێشەکە لە پێشکەوتندا نییە، بەڵکوو لەوەدایە کە ئایا توانیومانە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان بەها مرۆییەکانیشمان بپارێزین.



خەرمان کاوانی

ڕوانینێک لەسەر ڕەوشت
سامانی ڕاستەقینە و بەهای مرۆڤ

لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆماندا، زۆرجار سەرمایە و پارە بە جۆرێك دەپەرسترێت کە وایلێهاتووە هەندێك کەس وا بیربکەنەوە کە پارە تەنها «چلکی دەست» نییە، بەڵکو دەسەڵاتە بۆ شکاندنی کەرامەتی ئەویتر، یان پێوەرە بۆ هەڵسەنگاندنی بەهای مرۆڤ، بەڵام لە ڕاستیدا پارە کاتێك جوانە کە ببێتە ئامرازێك بۆ خۆشگوزەرانی، خزمەتکردن و دروستکردنی خۆشبەختی.

مەترسیی ڕاستەقینە لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە پارە دەبێتە پەردەیەك بە ڕووی «نەزانینی قسەکردن، ڕەق مامەڵەکردن و جیاکاری کردن» لە نێوان مرۆڤەکاندا. چەند ساڵێك پێش ئێستا، کاتێك لە سەرەتای ڕێگامدا بووم و ڕوومکردە یەکێك لەو خاوەن کارانە بۆ دەستکەوتنی هەلی کار، نەك تەنها بە بێڕێزی و ڕەق مامەڵەکردن پێشوازیی لێکردم، بەڵکو بە لوتبەرزییەکی سارەدوە پێی وتم: " ناتخەمە سەر کار، چونکە بەشی زمانی کوردیت خوێندووە جا کوردی چیە ئەوە ئەمنیش بەکوردی قسان دەکەم کوردیت تەواو کردووە، کەس ئیش بە کوردی ناکات". ئەو کاتە پێیان وابوو بەو قسە ڕەقانە و بەو جیاکارییە دەتوانن بااڵی هیواکانم بشکێنن. تەنانەت تا ئەمڕۆش، هەندێك جار کاتێك مرۆڤ سەیری ئەو جۆرە کەسانە دەکات، دەبینێت لەسەر هەمان شێوازی کۆنن و خۆیان بە گەورە دەزانن، تا ڕادەیەك کە تەنانەت سڵاویش وەاڵم نادەنەوە و پێیانوایە بە وەاڵمنەدانەوەی گەورەتر دەبن! لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا گەورەیی بە پشتگوێخستن و لوتبەرزی دەبێت، یان بە بەرهەم و کار و مرۆڤدۆستی؟

وەاڵمەکە، پێگەی ئەمڕۆی من و تۆیە. ئەو کاتەی ئەوان خەریکی جیاکاریکردن و شکاندنی کەسانی تر بوون، من خەریکی بنیادنان بووم. ئەمڕۆ، دوای ئەو هەموو بەربەستە، لە کوێم و ئەوان لە کوێن؟ ئەمڕۆ وەکوو مامۆستایەك لە پەیامنگایەکدا نەوەکان پەروەردە دەکەم، وەك سەرۆکی لێژنەی چالاکی کارەکان بەڕێوەدەبەم، بۆ ماوەی دە ساڵ قەڵەمم لە خزمەتی ڕاستی و کۆمەڵگەدا بووە. خاوەنی دوو کتێبی چاپکراوم، و بە دەیەها سیمینار، پانێڵ و دەرکەوتنی تەلەڤزیۆنی شانازی بە ڕێگەکەمەوە دەکەم. لە پاڵ ئەمانەشدا، وەك ئەندامی خۆبەخش لە گروپی ڕوانگە و چەندین کاری مرۆیی و خێرخوازیدا بەشدارم. پارە چلکی دەست نییە، بەڵکوو ئامرازێکە ئەگەر لە دەستی مرۆڤی تێگەیشتوودا بێت بۆ خۆشگوزەرانی و خزمەت بەکاردێت. بە پێچەوانەوە کاتێك پارە و کورسی دەبێتە هۆی نەزانینی قسەکردن، لوتبەرزی و ڕەق مامەڵەکردن، دەبێتە پێوەری ڕزینی ناوخۆی ئەو کەسەی کە خاوەنیەتی. ئەم ئەزموونە با پەیامێك بێت بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی ڕەق مامەڵەکردن و جیاکاری دەبنەوە: پارە دەگۆڕێت و نامێنێت، بەاڵم ئاکاری ناشیرین و جیاکاری هەمیشە وەکوو نیشانەیەکی سەرکۆنە لەسەر ناوی ئەو کەسانە دەمێنێتەوە کە پێیان وا بوو بە سەرمایە دەتوانن بەهای مرۆڤ بشکێنن

هیچ کات ڕێگە مەدە بێباکیی و نە نەریتپەرستیی کەسانی تر، خەونەکانت بکوژێت. زمانی تۆ، بڕوانامەی تۆ و هەوڵەکانت، گەورەترین چەکی تۆن بۆ سەلماندنی بوونی خۆت. ئێمە گلەیی ناکەین، گلەیی پیشەی خەڵکی لاواز و بێ بڕوایە، بەاڵم ئەمە ڕاستییەکی ڕووت و تاڵ بوو کە من وەکوو کچێك ڕووبەڕووی بوومەوە. ئەوان وایانزانی بەو مەرج و ڕەفتارە ڕەقانە دەتوانن زۆر شت بکەن، بەاڵم نەزانین و جیاکاریی ئەوان بوو بە سووتەمەنی بۆ سەرکەوتنی من. ئێستا، من زۆر لە سەرەتام، تا ئێستاش لە داوای هاوکاریم، بەاڵم پێش خۆم زۆر لێم ڕوونە کە هێشتا زۆر لە سەرەتام، بەاڵم لوتکەشم دور نییە. ئارامییەك لە ناخمدایە کە نە بە پەرینەوەی کورسی بەدەست دێت و نە بە پارە دەکرێت، ئارامی بۆ ئیستای من و داهاتووی هەموان. با ئەوان لە جیهانی تەسك و کاتیی خۆیاندا بمێننەوە، ئێمە بە قەڵەم و بە ئارامیی دەرونمان، ڕێگایەکی نوێ بۆ نەوەکانی داهاتوو نەخش بکەین.

کاتێك خێزانێك تووشی ناخۆشییەك دەبوو خزم و دراوسێکان تەنها تەماشاکەری بارودۆخەکە نەبوون، بەڵکو بە پێی توانای خۆیان لە چارەسەرکردنی کێشەکە بەشداربیان دەکرد ئەوەش کۆمەڵگەیەکی دروست دەکرد کە تێیدا مرۆڤ تەنانەت لە سەختترین ساتەکانیشدا هەستی بە تەنهایی نەدەکرد. ئەمڕۆ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا شێوازی پەیوەندییەکانیش گۆڕانیان بە سەردا هاتووە تەلەفۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانای پەیوەندیکردنیان زۆر کردووە، بەاڵم پەیوەندیی زۆر هەمیشە بە مانای نزیکیی زیاتر نییە، ڕەنگە مرۆڤ ڕۆژانە لەگەڵ دەیان کەس قسە بکا، بەاڵم کاتێك تووشی ناخۆشی دەبێت ئەگەر کەسێکی نزیکی نەبێت گوێی لێ بگرێت، ڕەنگە لە ژوورێکی پڕ لە خەڵکدا دابنیشین، بەاڵم لە ناخماندا هەست بە تەنهایی بکەین ئەمە یەکێکە لەو ناکۆکییانەی کە ژیانی مۆدێرن لەبەر دەمانی داناوە. واتا کێشەکە لە پێشکەوتندا نییە، بەڵکو لەوە دایە کە ئایا توانیومانە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان بەها مرۆییەکانیشمان بپارێزین؟ کاتێك سەرکەوتن تەنها بە کۆکردنەوەی سامان و گەیشتن بە ئامانجە کەسییەکان پێوانە دەکرێت ڕەنگە لە بیر بکەین کە بەشێکی گرنگی سەرکەوتنی مرۆڤ لەوە دایە کە چەند کەسی لە دەوروبەری خۆی دڵخۆش کردووە چەند دەستێکی گرتووە. دەبێت فێری نەوەی نوێ بکەین کە سەردانکردنی دایك و باوك، پرسیارکردن لە حاڵی خزم، یارمەتیدانی دراوسێ، ڕێزگرتن لە پیران و هاوکاریکردنی کەسانی پێویست کارێکی کۆن یان بێ بایەخ نییە، بەڵکو بنەمای دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و بەهێزە.

ڕێگاچارە بۆ کاتێک کە ستریس ژیانی خێزانیت داگیر دەکات

تا/ لاپەڕەی ئافرەت

لەم ڕۆژانەدا ستریس بووە بە بەشێك لە ژیانمان و کاریگەری وێرانکەری زۆری لەسەر ئێمە هەبووە، بەاڵم چەند ڕێگایەك هەیە بۆ کۆنترۆڵکردن و دوورخستنەوەی لە ژیانت کە باشە بیزانیت. پێشنیارەکان زۆر ئاسانن، بەاڵم زۆر باشن بۆ ئەو کەسانەی کە ژیانیان پڕ لە دڵەڕاوکێیە.

لەوانەیە تۆ ئەزموونی ئەوەت کردبێت کە هەندێك جار ساتە زۆر سەخت و دڵەڕاوکێکان ژیانت داگیر دەکەن. ئەم ساتانە لەوانەیە بە هۆی زیانەکانی ڕابردووتەوە بن، بەاڵم بە گشتی هۆکاری جۆراو جۆر هەیە، بەاڵم پێویستە بزانیت کە چۆن دەبێت مامەاڵەی لەگەڵدا بکەیت بۆ ئەوەی ئەم ساتانە ئاسانتر تێبپەڕن.

بیر لەو ڕاستییە بکەوە کە هەستەکانت بە نرخن: هەست بە ترس و نیگەرانی لە هەندێك بار و دۆخی ژیاندا زۆر سروشتیە و هەرگیز مانای ئەوە نییە کە تۆ لاوازیت. کاتێك هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەیت، خولەکێك تەرخان بکە بۆ گوێگرتن لەو هەستە لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدەیت دووری بخەیتەوە. بیرکردنەوە، نووسینی یاداشتنامە یان قسەکردن لەگەڵ هاوڕێیەکدا تاقی بکەوە.

چوون بۆ سروشت: ڕێگایەکی ئاسان و خێرا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستریس هەنگاونان بۆ سروشت. سروشت جوانی و سەاڵمەتی بە بیرمان دەهێنێتەوە، هەم لە ڕووی دەروونییەوە هەستێکی هێورکەرەوە و ئارام دەبەخشێت. بۆ دروستکردنی ئەم بۆنخۆشکەرە پێویستتان بە کوپێك ئاو، دوو کەوچك ئەڵکۆڵ، پێنج شەش گەاڵ ڕەیحان، پێنج دڵۆپ ڕۆنی لیمۆیە. ئەوانە تێگەڵ بکەن و بە سپرایەك لە ماڵەوە بااڵوی بکەنەوە.

بۆیە هەوڵ بدە بەکاری بهێنیت بۆ باشترکردنی دەروونت. وەرزش بکە: ڕۆیشتن لە دەرەوە یان ئەنجامدانی هەر چالاکییەك کە لێدانی دڵت کەمێك بەرز بکاتەوە بە شێوەیەکی سروشتی ئەندۆرفین دەردەدات و دەروونت باشتر دەکات و بەرەنگاری ستریس دەبێت، بۆیە هەوڵ بدە مۆبایلەکەت دوور بخەیتەوە، وەرزش بکەیت و لە هەواڵە نەرێنییەکان دوور بکەونەوە.

کات لەگەڵ کەسێك بەسەربەرە کە خۆشت دەوێت: بەسەربردنی کات لەگەڵ هاوڕێ یان خێزان ڕێگایەکی باشە بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و یارمەتیت دەدات هەست بە باشی بکەیت.

هەموو پێنج خولەکێك جارێك مۆبایلەکەت مەپشکنە: هەموومان دەزانین کە دانانی مۆبایلەکەت بۆ ماوەیەك سوودی زۆری هەیە. ئەگەر تۆ کەسێکیت کە بەردەوام لە تۆڕە کۆمەاڵیەتیەکانیت، دڵنیابە لەوەی ئەم خووە بشکێنیت، چونکە دەبێتە هۆی فشارێکی زۆر، بۆیە هەوڵ بدە هەندێك کات لە ڕۆژدا دوور لە مۆبایلەکەت بەسەر ببەیت و هەر پێنج خولەك جارێك سەیری نەکەیت.

یارمەتی خەڵك بدە: هەوڵ بدە ڕێگایەك بدۆزیتەوە بۆ یارمەتیدانی کەسانی تر. بۆ نموونە، دەتوانیت خۆبەخش بیت لە گرووپە خێرخوازییەکان، خوێن ببەخشیت بە ئەوانەی پێویستیان پێیەتی، یان کات بە سەر ببەیت بۆ فێرکردنی شتێك. ئەنجامدانی ئەم کارە دەتوانێت خۆشگوزەرانی خۆت باشتر بکات و ئارامیی زۆرت بۆ بهێنێت.



بۆ کابانی ماڵ

لای زۆربەی ئافرەتان پاك و خاوێنی ماڵەوە تەنیا شوشتن و سڕینەوەی تەپ و تۆز و هەردەم حەزدەکەن کە کەسێك هاتە ماڵیان هەست بە بۆنی خۆشی نێومااڵ بکات. هەندێکجار ئەمکارە بە بەرهەمە کارگەییەکانی نێو بازاڕ دەکرێت، بەاڵم ئافرەتی کابان ئارەزوویان وایە شتی سروشتی و دەسکردی خۆیان بەکاربێنن. لیمۆ و ڕەیحانە یەکێك لەو مادە سروشتیانەن کە هەم بۆنیان خۆشە

وون بوون
دەفتەرگەرانی ئۆتۆمبێل ژمارە
تایبەت لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی نازناز نامق عزیز وون بووە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ووون بوون22/A 3717
دەفتەرگەرانی ئۆتۆمبێل ژمارە
تایبەت لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی ریڤان مظفر رشید وون بووە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وەزارەتی ناوخۆ / پارێزگای سلێمانی 22/A 8427
بەڕێوەبەرایەتی مولکایەتی
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی مولکەکانی پارێزگای سلێمانی
ژمارە: ٩٦٨٦
ڕێکەوت: ١ / ١١ / ٢٠٢٦
ئاگاداری

بۆ جاری یەکەم ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەین کە لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی مولکەکانی پارێزگای سلێمانی هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (٢٧) بیست و حەوت ئۆتۆمبێل بە شێوەی فرۆشتن جگە لە برگەی (١٩) نۆزدە بە شێوەی سکرابە سەبارەت بە (ئۆتۆمبێلەکانی دیوانی پارێزگای سلێمانی /هۆبەی ئامێرسازی) ئاماژە بە رونکردنەوەی لێپرسراوی هۆبەی ئامێرسازی بەڕێز (بەڵێن لەتیف کەریم) لە بەرواری (٢٠٢٦/٩/٦) وە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی/ ئامێرسازی ژمارە (٩٥٤ لە ٢٠٢٦/٢/١٩) بە پێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) بە زیادکردنی ئاشکرا ، هەر هاوڵاتییەک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکەدا دوای (٧) حەوت ڕۆژ پاش بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە هەردوو ڕۆژنامەی (خەبات ویاری) کاتژمێر (١٠) ی سەر لە بەیانی کۆبوونەوە لە هۆڵی پارێزگای سلێمانی ئامادە بن بەم مەرجانەی لای خوارەوە :
* ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٦) پێبێت .
* بارمتەی یاسایی بە پێی چەکی بانکی لە یەکێک لە بانکە حکومیەکان بە بڕی (٦٥،٠٠٠،٠٠٠) شەست و پێنج ملیۆن دینار .

تێبینی /
ئەگەر هاتوو ڕێکەوتی زیادکردنەکە بەر پشوی فەرمی کەوت ئەوا زیادکردنەکە دەکەوێتە ڕۆژی دواتر .

ئەحمەد عەلی ئەحمەد
جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ٥
ژمارە: ٤٠١٠/ش/٢٠٢٦
بەروار: ٢٠٢٦/١١/١
ئاگادارنامە
داواکار / غەمگین سعید احمد
داوالەسەرکراو / فیروت محمد پەسانەر

داواکار (خەمگین سعید احمد) داوایەکی بە ژمارە (٤٠١٠/ش/٢٠٢٦) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت وە لەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری جیابوونەوەی دادوەری بەهۆکاری جێهێشتنی بێ پاساوی مێرد) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار، دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە، وە ئامادەبوونتان لە بەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٦/١٢/١) سەعات (١١:٠٠) ی سەرلە بەیانی، بە پێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبن یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی-غیابی) داواکە ئەبینێ بە پێی یاسا.

دادوەر/ عبدالقادر أسعد مامە

* * *

سەرۆکایەتی شارەوانی خورماڵ
مولکایەتی
ژمارە: ١٠٩٦/٥٠٤
ڕێکەوت: ٢٧ / ١٠ / ٢٠٢٦
بابەت / فرۆشتنی کەل و پەلی لەکارکەوتوو

ئاماژە بە نوسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار/بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی ئامێر وکارگەکان بە ژمارە(٢٢٧٥) لە ٢٠٢٦/٢/٢٦ سەرۆکایەتی شارەوانی خورماڵ هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (٨٤) جۆر کەلوپەلی لە کار کەوتوو بە شێوەی زیاد کردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ هەرکەس و لایەنێک دەیەوێت بەشداری بکات لە ماوەی (٢٠) ڕۆژدا سەردانی شارەوانی خورماڵ بکات پێویستە بڕی (٢٠ ٪) ی کرێ خەمڵاندن لەگەڵ خۆی بهێنێت و کرێ ی بانگەواز و بڵاوکردنەوە و بڕی (٢ ٪)ی نرخی خەملاندنەکە لە سەر ئەو کەسەیە زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت ئەگەر ڕۆژی زیاد کردنەکە کەوتە ڕۆژی پشوو ئەوا دەکەوێتە ڕۆژی دوای پشووەکە .

صباح جمال ڕۆستم
سەرۆکی کاربەڕێکەری شارەوانی خورماڵ

* * *

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی چەرموو
بەشی کاروباری یاسایی
ژمارە: ٣٤٥٩
ڕێکەوت: ٢ / ١١ / ٢٠٢٦
ئاگاداری
زیادکردنی ئاشکرا

زانکۆی چەرموو هەڵدەستێت بە بەکرێدانی کۆشکی فۆتۆگرافەری زانکۆ لە بەر ڕۆشنایی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا بۆماوەی (١) یەک ساڵ، لە بەرواری (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییەوە کە ئەنجام دەدرێت لەسەرۆکایەتی زانکۆی چەرموو کاتژمێر (١٠) دە سەر لە بەیانی، هەر کەسێک ئارەزوومەندە بەشداری بکات سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆ چەرموو / بەشی کاروباری یاسایی بکات بەمەبەستی وەرگرتنی مەرج و ڕێنماییەکان.

تێبینی :
١- بەشداربوو بڕی بارمتەی یاسایی (٥٣،٠٠٠) پەنجا وسێ هەزار دیناری عێراقی دابنێت بەچەکی پەسەندکراو (شیک معتمد) کە دەرچوو بێت لەیەکێک لەبانکە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و ئاراستەی سەرۆکایەتی زانکۆی چەرموو کرابێت.
٢- کرێ ی بڵاوکردنەوە و بانگەوازەکانی ئەم ئاگادارییە ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەشداربووەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت.
٣- کرێی خزمەتگوزاری بەڕێژەی (٢٪) بڕی بەرامبەری بەکرێدان (بدل الايجار) ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەشداربووەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت.
٤- ئەو بەشداربووەی زیادکردنەکەی بۆدەردەچێت پابەندە بەپێدانی تەواوی خەرجی و رسوماتی گرێبەست.
٥- ئەگەر ڕۆژی زیادکردنەکە بەر پشووی فەرمی کەوت ئەوا زیادکردنەکە دەکەوێتە ڕۆژی دوای پشووەکە.
٦- بەشداربوو پێویستە لەڕۆژی زیادکردنەکەدا ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتمانی پێبێت
٧- ئەو بەشداربووانەی کە پێشتر لەگەڵ زانکۆی چەرموودا پێشێلکاری لە گرێبەستەکانی زانکۆمان هەبووە مافی بەشداریکردنیان نابێت .

پ. ی. د. هەڵەت ڕەشید عبدالله
سەرۆکی زانکۆ

* * *

دادگای کەتنی توندوتیژی خێزانی هەولێر / ١
ژمارە: ٤١٤/ت/٢٠٢٦
بەروار: ٤١٤/ت/٢٠٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو / عباس شیرزاد فرج
ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی / ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢ / ١٢ / ٢٠٢٦ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی (٧) لە یاسای (خێزانی)، بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بە پێی یاسا.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ١٠١/ت/٢٠٢٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١١/١
جاڕدان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە
(٢٢/C/ ١٣٢٧٠)
جۆری (تویوتا پیکەب) مۆدێل (٢٠١٦) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (کاوە نصرالدین صالح) لەڕۆژی (٢٠٢٦/١١/١٦) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠ ٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێنـدراوە بەنرخی (٢٦،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن دینار.

دادوەری یەکەم/ مسعود سعید صدیق

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر/١
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٦/١٠٥١
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١٠/٢٢
ئاگاداری
بۆ/ ازاد ئورن

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (مسعود ایهان احمد اونور) کە بڕی (١٧،١١٢،٧٥٢)حەڤدە ملیۆن و سەدو دوانزە هەزار و حەوت سەد و پەنجاو دوو دینارە ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ شارا حکمت علی

* * *

سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران
بەشی سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ٣٩٤٢ /٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠ / ٨ / ٢٠٢٦
بۆ/ بەڕێز (ریکار جعفر عولا) فەرمانبەر بە ناونیشانی شوفێر/١ لەسەر میلاکی سەرۆکایەتی زانکۆکەمان
ب/
ئاگادارکردنەوە (اخطار)

لەدوای تەواو بوونی مۆڵەتی بێمووچەت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٨/٤ و ئامادە نەبوونت لەسەر کار لەم ڕێکەوتە تاکو ئێستا بە بێ هۆ و ئاگادارکردنەوەمان، بەڕێزتان ڕادەگەیەنین کە پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ سەر کار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی وڵات بیت وە ماوەی (٣٠) ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی وڵات بیت، بەپێچەوانەوە بە دەستبەردار لە کارەکەت دادەنرێیت بەپێی برگەی (٣) لە مادەی (٣٧) لە یاسای خزمەتی ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ی ساڵی (١٩٦٠) هەموار کراو، وە کۆتایی بە ڕاژەکەت دێت.

پ. ی. د. شێرزاد سعید صدیق
ی. سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی بەوەکالەت

* * *

سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران
بەشی سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ٢ /٢ / ٢٣٨١
ڕێکەوت: ٢ / ٦ / ٢٠٢٦
بۆ/ بەڕێز (صدیق انور طاهر) بە ناونیشانی یاریدەدەری ئەندازیار لەسەر میلاکی سەرۆکایەتی زانکۆکەمان
ب/ ئاگادارکردنەوە (اخطار)

لەدوای تەواو بوونی ماوەی مۆڵەتی خوێندن و درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندنت بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١٥ و ئامادە نەبوونت لەسەر کار تاکو ئێستا بە بێ هۆ و ئاگادارکردنەوەمان، بەڕێزتان ڕادەگەیەنین کە پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ سەر کار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی وڵات بیت وە ماوەی (٣٠) ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی وڵات بیت، بەپێچەوانەوە بە دەستبەردار لە کارەکەت دادەنرێیت بەپێی برگەی (٣) لە مادەی (٣٧) لە یاسای خزمەتی ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ی ساڵی (١٩٦٠) هەموار کراو، وە کۆتایی بە ڕاژەکەت دێت.

پ. ی. د. شێرزاد سعید صدیق
ی. سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی بەوەکالەت

* * *

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەک
ژمارە: ١٥٥٣
ژمارەی کێشە: (١٣٠ / ٢٠٢٥)
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١٠/١٨
بۆ تاوانباری هەڵاتوو: مقدمی پۆلیس/ ریژین کریم حسین
ناوی دایکی: اشتی محمد
ب/ ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگایی پاشملە

لەبەر ئامادەنەبوونت لە بەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی (٦٨) لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧ ی ساڵی ٢٠٠٨) وە لەبەرئەوەی تاوانی هەڵاتنی ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٨/٢١ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس بۆیە دادگایی کردنت بە پاشملە کرا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/١٠/١١ بەپێی بەندی (٦٩) لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی (٧١) لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە :
١- سزادانت بە بەندکردنێکی سووک بۆ ماوەی (٤) چوار مانگ بە بەپێی بەندی (٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤ ی ساڵی ٢٠٠٨).
٢- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت بەپێی بەندی (٦٩/ چوارەم) لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧ ی ساڵی ٢٠٠٨).
٣- ماف دان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هەر شوێنێک بیت بەپێی بەندی (٦٩/ دووەم) لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧ ی ساڵی ٢٠٠٨).
٤- جەخت کردنەوە لەسەر هاووڵاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پاڵپشت بە بەندی (٦٩/ سێیەم) لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧ ی ساڵی ٢٠٠٨) وە بڕیاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بە تێکڕای دەنگ دەرچوو وە ڕاگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠٢٦/١٠/١١ وە قابیلی پێداچوونەوەیە (تەمییز)ە وە مافی ڕەخنەگرتنت (الأعتراض)ت هەیە بەپێی بەندی (٧١) لە هەمان یاسا لەسەر بڕیاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی (٩٠) نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەوەیش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بڕیارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵواسینی ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لە دوایین شوێنی نیشتەجێ بوونت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت، وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کە لە سەرەوە دیاری کراوە بڕیارە کە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

لیوای ماف پەروەر
ابراهیم عگید صدیق
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەک
بەوەکالەت
٢٠٢٦/١٠/١١

* * *

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
ژمارە: ١٥٠٤
ژمارەی کێشە: (١٣٥ / ٢٠٢٦)
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١٠/٨
جـــاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ پ.م/ سوارە رشید بابەکە ماماس
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو : پاریزگای هەولێر/ مصیف صلاح الدین / گوندی کوری
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا : نادیارە

دەبێت ئامادە بیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوە وە ی هە رێمی کوردستانی عیراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتە وە کە ئاراستەت کراوە بە پێی بەندی (٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤ ی ساڵی ٢٠٠٨) لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە بە رواری ٢٠٢٥/٦/٢٧ وە بە پێچەوانە وە ئەگەر ئامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیرێت وە بەندی (٦٩) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧ ی ساڵی ٢٠٠٨) لە دژت جێ بە جێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە :-
١ - حوکم دانت بە و سزایە ی کە لە سەرت دەچەسپێت .
٢ – دەسەلات دان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هە ر شوێنێك بیت.
٣ - پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤ - دەست بە سەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نە گواستراوەت .

لیوای ماف پەروەر
ابراهیم عگید صدیق
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بەوەکالەت
٢٠٢٦/١٠/٧

* * *

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
ژمارە: ١٤٩٠
ژمارەی کێشە: (١٣٥ / ٢٠٢٦)
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١٠/٦
جـــاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ن.ض.د ٣/ هارون قادر ابراهیم نبی
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو : پاریزگای هەولێر/ ناحیەی شەمامك / گوندی لاجان
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا : نادیارە

دەبێت ئامادە بیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی هە رێمی کوردستانی عیراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتە وە کە ئاراستەت کراوە بە پێی بەندی (٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤ ی ساڵی ٢٠٠٨) لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە بە رواری ٢٠٢٥/٢/٣ وە بە پێچەوانە وە ئەگەر ئامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیرێت وە بەندی (٦٩) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧ ی ساڵی ٢٠٠٨) لە دژت جێ بە جێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە :-
١ - حوکم دانت بە و سزایە ی کە لە سەرت دەچەسپێت .
٢ – دەسەلات دان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هە ر شوێنێك بیت.
٣ - پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤ - دەست بە سەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نە گواستراوەت .

لیوای ماف پەروەر
ابراهیم عگید صدیق
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بەوەکالەت
٢٠٢٦/١٠/٦

* * *

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
ژمارە: ١٤٩١
ژمارەی کێشە: (١٤٠ / ٢٠٢٦)
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١٠/٦
جـــاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عریف. اول/ معصوم کمال شاهین عکید
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو : ئیدارەی زاخۆ/ گەرەکی زاگروس
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا : نادیارە

دەبێت ئامادە بیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی هە رێمی کوردستانی عیراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتە وە کە ئاراستەت کراوە بە پێی بەندی (٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤ ی ساڵی ٢٠٠٨) لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە بە رواری ٢٠٢٥/٩/١٢ وە بە پێچەوانە وە ئەگەر ئامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیرێت وە بەندی (٦٩) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧ ی ساڵی ٢٠٠٨) لە دژت جێ بە جێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە :-
١ - حوکم دانت بە و سزایە ی کە لە سەرت دەچەسپێت .
٢ – دەسەلات دان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هە ر شوێنێك بیت.
٣ - پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت.
٤ - دەست بە سەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نە گواستراوەت .

لیوای ماف پەروەر
ابراهیم عگید صدیق
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بەوەکالەت
٢٠٢٦/١٠/٦

* * *

دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
ژمارە: ١٥٢٨
ژمارەی کێشە: (١٢٥ / ٢٠٢٦)
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١٠/١٣
جـــاردان
لە: دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ پ.پ.٤/ محمد صبحی جاسم سعید
شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوو : پاریزگای دهۆك/ ماسێك /١
شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا : نادیارە

دەبێت ئامادە بیت لە بەرامبەر ئەم دادگایە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە ئەگەر هاتوو لە ناوەوەی هە رێمی کوردستانی عیراق یاخود لە دەرەوەی بۆ ئەوەی وەلامی ئەو تۆمەتە بدەیتە وە کە ئاراستەت کراوە بە پێی بەندی (٥) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤ ی ساڵی ٢٠٠٨) لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە بە رواری ٢٠٢٣/١٠/٧ وە بە پێچەوانە وە ئەگەر ئامادە نەبوویت ڕێککاری یاسایی لە دژت وەردەگیرێت وە بەندی (٦٩) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧ ی ساڵی ٢٠٠٨) لە دژت جێ بە جێ دەکرێت کە تیایدا هاتووە :-
١- حوکم دانت بە و سزایە ی کە لە سەرت دە چە سپێت
٢– دەسەلات دان بە فەرمانبەرانی گشتی بە گرتنت لە هە ر شوێنێك بیت
٣- پابەندکردنی هاوولاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت
٤ - دەست بە سەرداگرتنی سامانی گواستراوەو نە گواستراوەت .

لیوای ماف پەروەر
ابراهیم عگید صدیق
سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ یەك
بەوەکالەت
٢٠٢٦/١٠/١٣

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ١
ژمارە: ٨١٧٣/ش/٢٠٢٦
بەروار: ٢٠٢٦/١١/٢
ئاگاداری ڕۆژنامە
داواکار / زانا جلال محمود
داوالەسەرکراو/ وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەرای کارەکەی

داواکار (زانا جلال محمود) داوایەکی بە ژمارە (٨١٧٣/ش/٢٠٢٦) لەم دادگایە تۆمارکردوە بۆ گۆڕینی ناوی مندالە ناکامەکەی لە (شا) بۆ (میلان) هەر کەسێک ڕێگری هەبێت سەردانی (دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ١) بکات لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی فەرمی بە پێچەوانەوە دادگا دادبینی دەکات بە پێی یاسا.

دادوەر/ طالب مجید شریف

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر / ٦
ژمارە: ٧٨٣٣/ش٢٠٢٦
ڕێکەوت: ٢ / ١١ / ٢٠٢٦
ئاگادارکردنەوە
بۆ/ داوالێکراو : (عثمان فتاح عثمان)، شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار (زینب خالد زیدان) داوای ژمارەی (٧٨٣٣/ش٢٠٢٦) لەم دادگایە دەرهەق بە تۆ تۆمار کردووە، تیایدا داوای (پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی) دەکات، لەبەرئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (گەرەکی ٩٤ی گوڵان- هەولێر) دادگا بڕیاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠٢٦/١١/٢٦ یان بریکارێکی یاسایی لە جیاتی خۆت ئامادەبێت، بە پێچەوانەوە دادبینی دەرهەق بە تۆ بە پاشملە بە پێی یاسا ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ محمد عبدالرحمن قاسم

وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران
بەشی یاسایی وگرێبەستەکان

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health

وزارة الصحة
المديرية العامة لصحة سوران
القسم القانونية والعقود

ژمارە : ٣٠١ / ٢
ڕێکەوت : ٢ / ١١ / ٢٠٢٦
گەلاوێژان / ٢٧٢٦ کوردی
No.:
Date: / /2026

جاڕدانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ جاری سێیەم

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی فرۆشتن وبە کرێدانی موڵك وماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی (٢٠٢١) ، لە ڕۆژی دووشەممە (٢٠٢٦/١١/٢) بۆ ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ناوی کەسی بەشداربوو تۆمار دەکرێت ، جاڕدانەکە بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی بۆ فرۆشتنی کەل و پەلی لە کار کەوتووی (بەڕێوەبەرایەتی و نەخۆشخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان) سەر بە بەڕێوەبەرایەتیمان لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران لە دوو شەم ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١١/٩) کاتژمێر (١٠،٣٠)ی بەیانی ئەنجام دەدرێت . کەسی بەشداربوو دەبێت وەک دڵنیایی (تامینات) لە بەشی ژمێریاری دیوان بە ڕێژەی (٢٠٪) ی کۆژمەی خەملێنراو کەمتر نەبێت دابنێت .

تێبینی :-
کڕیار پابەندە بە دانی لە ٢٪ نرخی پێشکەش کراو وە کرێ ڕاگەیاندن وخزمەتگوزاری .

د.کامران ملامحمد شێروانی
بەڕێوەبەری گشتی
٢٠٢٦ / ١١ / ٢
وەزارەتی تەندروستی
دەرچوو

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پلاندانان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان

حكومة اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التخطيط
المديرية العامه للديوان
مديرية العقود العامة

وەزارەتی پلان دانان
ژمارە:
بەروار: / / ٢٠٢
دەرچوو

ژمارە: ٢٤٢٢
ڕێکەوت: ١/ ١١ / ٢٧٢٦
دەرچوو
العدد:
التاريخ: ١ / ١١ / ٢٠٢٦

بڵاوکردنەوەی کەمکردنەوەی کراوە
ژمارە (١-٢٠٢٦)

- **ناوی کەمکردنەوە:** پرۆژەی (نۆژەنکردنەوە و دابینکردنی ئامێر و کەل و پەل و پێداویستی تاقیگەی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری سلێمانی)
- **شوێن:** هەرێمی کوردستان – پارێزگای سلێمانی
- **ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژە:** (١٢٠) ڕۆژی ڕۆژژمێری (تقويمي).
- **دەسەڵاتی گرێبەستکردن:** حکومەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی پلاندانان

١. وەزارەتی پلاندانان بانگهێشتی ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانە دەکات کە ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە لەم کەمگریە، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان لە دیوانی وەزارەتمان بکات بۆ بینین و وەرگرتنی بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١١/١) تاکو (٢٠٢٦/١١/١٥)، کاتژمێر (٩:٠٠)ی بەیانی تاکو (١:٠٠)ی دوای نیوەڕۆ جگە لە ڕۆژانی پشوو.
٢. ماوەی کارایی ئەم بڵاوکردنەوەیە (١٤) ڕۆژە و دوایین کات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١١/١٥) کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆیە، دوای ئەم وادەیە هیچ تەندەرێک وەرناگیرێت.
٣. پرۆژەکە بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦)ی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان دەبێت.
٤. کەمگریەکە دوو برگەی (نۆژەنکردنەوە) و (دابینکردن) لەخۆ دەگرێت بە دوو دەرخستەی جیاواز.
٥. (کۆمپانیا/بەڵێندەر)، پێشکەشکاری برگەی (دابینکردن) دەبێتە بەڵێندەری سەرەکی پرۆژەکە و دەتوانێ کاری برگەی (نۆژەنکردنەوە) ئەنجام بدات بە (مواصفات)ی بواری بیناسازی بەپێی ڕاسپاردەکانی لیژنەی سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکە.
٦. لە کاتی بوونی (هاوبەندی بەڵێندەرایەتی Joint Venture)، ڕێککەوتنی پەسەندکراوی نێوانیان لەخۆ بگرێت و بەڵێندەری سەرەکی نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی پێشکەشکردنی ئەم کەمگریە دەکات.
٧. پێویستە کۆمپانیا/بەڵێندەر تۆمارکرابێت و نوێ کرابێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٦، وە فەرمانی دامەزراندن و ناسنامەکانی کۆمپانیا/بەڵێندەر پێشکەش بکات.
٨. پێویستە پاکانەی باجی دەرامەت و دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات بۆ ساڵی (٢٠٢٦)
٩. پێویستە دەستەبەری بانکی بە بڕی (١٢،٠٠٠،٠٠٠) دینار لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکات.
١٠. بەڵگەنامەکانی کاری هاوشێوە و لیستی پرۆژە ئەنجامدراوەکان پێشکەش بکرێت.
١١. پشتگیریەکانی تایبەت بە کۆمپانیا/بەڵێندەر لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان لەخۆ بگرێت.
١٢. نرخی فرۆشتنی تەندەر (٣٠٠،٠٠٠) دیناری عیراقی دەبێت و گەڕانەوەی بۆ نیە.
١٣. کرێی بڵاوکردنەوە و ئاگادارییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنەی کە پرۆژەکەی پێ دەسپێردرێت.

پەیوەندی سەبارەت بە کەمگری
ژ.مۆبایل/ 07504489968
Email:contracts.mopkrg@gmail.com

د. دارا رشید محمود
وەزیری پلاندانان

بـاڵاجـۆ
گوندێکی ئاوەدان لە قەزای بازیان

کاروان محەمەد و یاسین ئەحمەد

گوندی باڵاجۆ یەکێکە لە گوندە دڵگیر و ئاوەدانەکانی قەزای بازیان، هەرچەندە مێژووی گوندەکەی ئێستا دێرین نییە، بەڵام چەندین بەڵگە هەیە، کە لە کۆنەوە ئاوەدانی لەم ناوچەیە هەبووە و مرۆڤی لێ ژیاوە، ئەم گوندە لە دەشتی بازیانی بەپیت هەڵکەوتووە و بە بناری شاخی بازیانەوەیە، دیمەنێکی ڕازاوە و شیرینی هەیە و لە دورەوە وەک تابلۆیەکی ڕەنگین دێتە بەرچاو.

شوێنی جوگرافی و ناوی گوندەکە

گوندی باڵاجۆ لەڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشووری بازیان و (11کم) لە ناوەندی قەزای بازیانەوە دوورە، شاخی پشتی گوند پێی دەوترێت شاخی شانشین کە لەبەردەم زنجیرە شاخی بازیانە، چەمی خاڵدان لە خوارووی گوندەکەوە تێدەپەڕێت و هەر لە کۆنەوە پێنج جۆگەی ئاودێری لە سنووری ئەم گوندەدا لەسەر هەڵبەستراوە، یەکێک لەو جۆگانە لە هەموویان درێژترە کە لە سنووری گوندی ئیبراهیم ئاواوە دەستپێدەکات بۆ سنووری گوندی شێخ مەن و پێی دەڵێن جۆگەی باڵاجۆ و ناوی گوندەکەش هەر لەوەوە هاتووە واتا جۆگەیەکی باڵا (باڵاجۆگە) یاخود جۆگەیەکی درێژ، باڵاجۆ سنووری لەگەڵ گوندەکانی(گومەتەکەچ، ئاڵی بزاو، هەنجیرە، ئاڵی گۆران، شێخ مەن و باڵۆڵان)دا هەیە.

مێژووی گوند

مێژووی ئەم گوندە زۆر کۆنە، بە بەڵگەی ئەوەی چەند گۆڕستانێکی لێیە کە مێژوویان نازانرێت، وەک: گۆڕستانی کانی کوزەڵە کە پێدەچێت مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٢٠٠) ساڵ لەمەوبەر، چونکە ژمارەیەک داری گەورە و کۆنی تێدایە، گوندەکە پێشتر (2کم) لەسەروو شوێنی ئێستاوە بووە و شوێنەواری کەلاوەی خانووی کۆنی ماوە کە پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوو، بەو جێگەیە دەڵێن(دێکۆن)، دەوترێت عارف ئاغای هەمەوەند لەوێ ژیاوە، دواتر چووەتە گوندی ئاڵی بزاو، هەروەها شێخ قادر شێخ مەحمود نەوەی شێخ حسێنی ئەلمەعی لە سەرەتای سەدەی بیست ماوەیەک لەم گوندە ژیاوە، شوێنەواری ئاشی ئاو لەم گوندە دۆزراوەتەوە.

ئەم گوندەی ئێستا لە ساڵی (1944–1947) ئاوەدان کراوەتەوە، ئەو ماڵانەی کە هاتوونەتە ئەم شوێنەی ئێستای گوندەکە (17– 18) ماڵ بوون، لە بنەماڵەی شێخان بوون لە ساداتی پیرخدری شاهۆ کە لە سەرەتای ساڵانی چلی سەدەی ڕابردوو لە ناحیەی باسنێی ناوچەی شارباژێڕەوە چوونەتە دێکۆن و دوو ساڵ لەوێ بوون و پاشان هاتوونەتە ئەم شوێنەی ئێستا و ئاوەدانیان کردووەتەوە، کاتێک ئەوان چوونەتە ئەو شوێنە کەسی لێ نەژیاوە، وەک وتمان پێشوتر خەڵکی لێ ژیاوە، دوای ساڵانێک چەند ماڵێکی دیکە لە بنەماڵەی شێخان لە گوندەکانی چۆڵمەکی بازیان و قلیاسانەوە هاتوونەتە ئەم گوندە و تیایدا نیشتەجێبوون.

سەرچاوەکانی ئاو و بواری ئابووری

چەندین کانی و سەرچاوەی ئاو لە سنووری ئەم گوندەدا هەیە وەک: کانی کوزەڵە، کانی کاك ساڵح، کۆڵەجۆ و کانی تاشەکە، بەهۆی وشکە ساڵی و کەمبوونەوەی ئاوی سەرچاوەکانەوە، بەناچاری بەشێکی دانیشتوانی گوند سوود لە ئاوی بیر وەردەگرن.

ئەم گوندە سەر بە کەرتی (11)ی باڵاجۆی کشتوکاڵییە، ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەم کەرتە (443) دۆنمە، (197) دۆنمی دێمە و (246) دۆنم بەراوە، (85) دۆنم زەوی شاخاوی هەیە، بژێوی خەڵکەکەی لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە، لەڕووی ئاژەڵدارییەوە ساڵ هەبووە (600–700) سەر ڕەشەوڵاخیان هەبووە، بەشێکی خەڵکەکەی لە ئێستادا بە شێوازی نوێ کشتوکاڵ دەکەن، کە ناسراوە بە(بەیتی پلاستیکی).

دانیشتوانی باڵاجۆ گرنگیان بە باخداری داوە و جگە لە باخی میوەی جۆراوجۆر زۆربەی ماڵەکان باخی چناریان هەبووە، چونکە چەمی خاڵدان جێگایەکی گونجاو بووە بۆ بەرهەم هێنانی دارچناریکی زۆر، بەڵام لە ئێستادا باخەچنار نەماوە چونکە ئەو سودەی نەماوە، کە جوتیارەکان بیکەن و درەنگ دێتە بەرهەم و لە ئێستادا چەند باخێکی میوەهات هەیە.

پرۆژەی خزمەتگوزاری

ساڵی(2011) پرۆژەی کارەبای نیشتیمانی بۆ ئەنجامدراوە، ساڵی (1976– 1977) قوتابخانەی تیادا کراوەتەوە، لە مامۆستاکانی (مامۆستا عەلی، لەتیف، ئیسماعیل و بورهان حاجی قادر) ساڵانی حەفتا دانیشتوانی گوند مزگەوتیان دروستکردووە، لە مامۆستا ئایینییەکانی ئەم مزگەوتە (مەلا ئەحمەدی بەگەجانی، فەقێ فاتیح شابەدینی و مەلا موحسین کە چەند فەقێیەکی لە خەڵکی گوندەکە هەبووە)، ساڵی (1998) ڕێکخراوێک مزگەوتی تیادا دروستکردەوە، لە موختارەکانی ئەم گوندە: حاجی شێخ ساڵح، شێخ ڕەحیم عەبدوڵڵا.

شۆڕش و کارەساتەکان

خەڵکی ئەم گوندە پشتیوان و بەشداری شۆڕشەکانی کوردستانیان کردووە و چەندین پێشمەرگە و شەهیدیان لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشەکانی دیکەدا هەیە، هەمیشە شوێنی پشودانی هێزەکانی پێشمەرگە بووە بۆیە چەندین جار لەلایەن سوپای عێراقی داگیرکەرەوە هێرشی کراوەتە سەر.

لە ساڵی (١٩٦٣) لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە ئەم گوندە تاڵان کراوە، ساڵی (١٩٨٦) سوپای عێراق هێرشی کردۆتە سەر گوند، بەڵام لەلایەن دانیشتوانی گوند و بەهاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و هێرشەکەیان تێکشکاندووە، بەرامبەر بە خۆڕاگری خەڵکی گوند، سوپای عێراق کۆیڕانە تۆپبارانی ناو گوندی کردووە، لە بەهاری ساڵی (1988) سوپای عێراق خانووەکانی ڕووخاند و گوندەکە چۆڵکرا.

بواری ئاوەدانی

ساڵی (1957) ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندە (100) کەس بووە و ساڵی (1988) و پێش ڕووخاندنی گوندەکە (29) خێزانی تیادا نیشتەجێ بووە کە ژمارەیان (191) کەس بووە، ساڵی (1996) چەند ماڵێك گەڕانەوە گوند و ئاوەدانیانکردەوە، ساڵی (2004) بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاری گوندەکە چۆڵکرایەوە کە لەو کاتەدا (14) ماڵ بوون ساڵی (2008) شێخ ڕەحیم شێخ عەبدوڵڵا گەڕایەوە گوند و ئاوەدانیکردەوە، چەند خێزانێکی دیکە لە ساڵانی دواتردا گەڕانەوە گوند، ساڵی (1999) ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندە (150) کەس بووە کە پێکهاتبوو لە (20) خێزان و لە ئێستادا حەوت ماڵی لێ دەژی کە نزیکەی (30) کەس دەبن.

لە ئێستادا تەنها پرۆژە خزمەتگوزارییەی مزگەوت و کارەبای نیشتیمانی هەیە، ڕێگەی گوند وێرانە و چەندین ساڵە دانیشتوانی گوند داوادەکەن کە قیرتاو بکرێت تا ئێستا ئەم داواکارییە جێبەجێنەکراوە.

لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو چەند کەسێکی دانیشتووی گوند بۆ یەکەمجار لە باڵاجۆ بە هاوبەشی ئۆتۆمبێلێکیان لە جۆری پیکاب شۆفرلێتیان کڕیوە، هەر لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەمجار محەمەد شێخ حسێن تراکتۆرێکی لە جۆری دێڤن کڕیوە، هەروەها هاوڵاتی جەلال شێخ ڕەشید لە کۆتایی ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەمجار لەناو گوند ڕادیۆی کڕیوە و لە ساڵی (1983) تەلەفزیۆنی کڕیوە.

سەرچاوەکان:

- کتێبی بازیان مێژوو و گەشەسەندنی، نووسینی: کاروان محەمەد و یاسین ئەحمەد.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ ڕەحیم عەبدوڵڵا ئەمین، دانیشتووی گوند.
- تێبینی و سەردانی مەیدانی نووسەران بۆ گوندی باڵاجۆ.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٢٦٤٨٦١ بەرواری ٢٠٢٦/٩/٦ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی تانیە جاسم ملا وون بووە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە: ٥٥٨٩/ب/٢٠٢٥/٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١١/٢
جاردان
بۆ داوالێکراو (رابعە خلیل صادق)

داواکار (سۆران کریم محمدامین) و (ظاهر صالح صادق) داوای ژمارە (٥٥٨٩/ب/٢٠٢٥/٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١٠/١٤) بریاری پاشەڕەی دەرهەقت دەرکردووە لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان بە پابەندکردنت بە تملیك کردنی مولکی ژمارە (١١٨/٨٩ ك ٤٥ وارش) وە لە بەر نەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ ١٢١ گولان) لە (٢٠٢٦/١٠/٢٧) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لە بریاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسای.

دادەر/ گۆران عبدالخالق عبدالقادر

***

دادگای باری کەسی بنەسڵاوە

ژمارەی داوا: ٨٦٩/ش/٢٠٢٥
جاردان
بۆ داوالێکراو (شەرمین احمد محمد) کە شوێنی دانیشتنت نادیارە.

ئەم دادگایە بریاری دا لە ڕۆژی (٢٠٢٦/١٠/٢١) لە داوای ژمارە (٨٦٩/ش/٢٠٢٥) کە (مولود عزیز رسول) داواکارە بە (برینی بژێوی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری (کرکوك مختاری گەرەکی رحیم ئاوا) بۆیە دادگا بریاری دا بریارەکەت پێ ڕابگەیەندرێت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی وە تۆش مافی پێداچوونەوە و نارەزایيت هەیە لە ماوەی یاسایی دا وە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بە پێی یاسا.

دادەر/ ڤیان شێخ نجم حسن

***

دادگای کەتنی تەق تەق

ژمارە: ١٠٣/کەتن/٢٠٢٦
ڕێکەوت: ٢٠٢١/١١/١
ئاگانامەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتبار (یعقوب کریم مصطفی)

لەبەر ئەوەی تۆمەتباری بە پێی ماددەی (٣٠) لە یاسای ماددەی هۆشبەر وە سەماندنی ئاداری شوێنی نیشتەجێت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردار و پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی بە پێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لە بەردەم دادگای کەتن لە تەق تەق لە ڕۆژی (٢٠٢٦/١١/٢٩) وە بە پێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە شێوەی پاشملە و بە پێی یاسا.

دادەر / هاوار گیلانی احمد

***

دادگای باری کەسی تەق تەق

ژمارە: ١/ت/٢٠٢٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١١/١
جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٣١٤٣٤/ هەولێر - بارهەڵگر) جۆری (نیسان بیکب دبل قارە) مۆدێل (٢٠٠٢) ڕەنگ (سپی) کە گێڕ عادی و بۆیاغ عامە و قوپاوی لە هەردوو دەرگای لای سەکن و بوون شوخت لە لاشەکەیدا هەیە , وە ساڵیانەکەی بەناوی کۆچکردوو (خلیل عمر علی) لە ڕۆژی (٢٠٢٦/١١/١٧) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێ دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لە کات و شوێنی دیاریکراو پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت وە تۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بە نرخی (٧,٥٥٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن و پێنج سەد و پەنجا هەزار دینار .

دادەر / هاوار گیلانی احمد

***

مدیریه الجنسیة و المعلومات المدنیة لمحافظة اربیل
شؤون المعلومات المدنیة
الواقعات

عدد/ ١٢٩٢٦
تاریخ/ ٢٠٢٦/١٠/٢١

اعلان

قدم المواطن (شەیدا شاخوان سیف الدین) دعوی تبدیل اسمه من (شەیدا) الی (سیداد) فمن لدیه اعتراض مراجعة خلال ١٥ یوم من تاریخ نشره فی الجریدة و بعکسه فسوف تنظر هذه الدعوی وفق احکام المادة ٢٢ من قانون البطاقة الوطنیة رقم ٣ لسنة ٢٠١٦.

الفریق الحقوقی
نشات ابراهیم الخفاجی
المدیر العام

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ١٢٨٨ /ش/ ٢٠٢٦
ڕێکەوتی / ٢ / ١١ / ٢٠٢٦
ب/ ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو : هیلان ولید نوری

ئێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (١٢٨٨/ش/٢٠٢٦) ل ڕۆژا (٢٠٢٦/١٠/٢٩) پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە و داواکار (هوار جمال علی) ل ٢٠٢٢/١١/٢٣ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وێدڕاچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەرۆڤاژیا ئێ چەندێ بریار پلا بنەبر دێ وەرگریت .

دادەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها بەرایی/زاخۆ

ژمارە: ١٠٣٥/ب/٢٠٢٦
میژوو: ٢٠٢٦/١١/١
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (جرجیس منصور جرجیس) جهێ ئاکنجیبونا تە یا پێش تلکیف – حي اور وجهێ ئاکنجیبونا تە یا نوکە نە دیارە.

داواکار(مازن جمیل شمو) داوایا ژمارە (١٠٣٥/ب/٢٠٢٦) ل سەر تە تۆمارکریە و تێدا داخوازا کۆژمێ (٩٠,٠٠٠,٠٠٠) نوت ملیون دینار دکەت،و ژبەرکو جهێ ئاکنجیبونا تە نە دیارە لدویف نڤیسارا بنگەهێ پۆلیسێن تلکیف یا ژمارە (٦/٣/ت/٤٦٣٢) ل ڕێکەفتی (٢٠٢٦/١٠/٨) وهەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ تاخێ اور کو تێدا هاتیە دیارکرن بۆ هەردووکان (ناڤێ وی د تۆمارا مە دا هەیە بەلێ نوکە ئەم نزانن ئاکنجیبونا وی نە دیارە) و ژبەر نە دیاربونا جهێ ئاکنجیبونا هەوە دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠٢٦/١١/١) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە دا پالپشت ب مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینییا شارستانی بۆ ئامادەبوونا هەوە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینییێ ڕێکەفتی (٢٠٢٦/١١/١٥) ل دەمژمێر (٩,٠٠) ێ سپێدێ و بەرۆڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ پاشملە هێتە ئەنجامدان.

دادەر/ خالد سلیمان مصطفی

***

دادگەها بەرایی/زاخۆ

ژمارە: ١٠٣٤/ب/٢٠٢٦
میژوو: ٢٠٢٦/١١/١
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراوان (١- طوبیا ججو بهنان ٢- یوسف حنا ساوە) جهێ ئاکنجیبونا هەوە یا پێش تلکیف – حي اور وجهێ ئاکنجیبونا هەوە یا نوکە نە دیارە.

داواکار(جیمس زیا اسرائیل) داوایا ژمارە (١٠٣٤/ب/٢٠٢٦) ل سەر هەوە تۆمارکریە و تێدا داخوازا کۆژمێ (٩٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد و هەشتێ ملیون دینار,و ژبەرکو جهێ ئاکنجیبونا هەوە نە دیارە تۆمارکرنا بنگەهێ پۆلیسێن تلکیف یا خەڵکی لێ ژیاوە، دوای ساڵانێك چەند ماڵێکی دیکە لە بنەماڵەی شێخان لە گوندەکانی چۆڵمەکی بازیان و قلیاسانەوە هاتوونەتە ئەم گوندە و تیایدا نیشتەجێبوون.

سەرچاوەکانی ئاو و بواری ئابووری

چەندین کانی و سەرچاوەی ئاو لە سنووری ئەم گوندەدا هەیە وەک: کانی کوزەڵە، کانی کاك ساڵح، کۆڵەجۆ و کانی تاشەکە، بەهۆی وشکە ساڵی و کەمبوونەوەی ئاوی سەرچاوەکانەوە، بەناچاری بەشێکی دانیشتوانی گوند سوود لە ئاوی بیر وەردەگرن.

ئەم گوندە سەر بە کەرتی (11)ی باڵاجۆی کشتوکاڵییە، ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەم کەرتە (443) دۆنمە، (197) دۆنمی دێمە و (246) دۆنم بەراوە، (85) دۆنم زەوی شاخاوی هەیە، بژێوی خەڵکەکەی لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە، لەڕووی ئاژەڵدارییەوە ساڵ هەبووە (600–700) سەر ڕەشەوڵاخیان هەبووە، بەشێکی خەڵکەکەی لە ئێستادا بە شێوازی نوێ کشتوکاڵ دەکەن، کە ناسراوە بە(بەیتی پلاستیکی).

دانیشتوانی باڵاجۆ گرنگیان بە باخداری داوە و جگە لە باخی میوەی جۆراوجۆر زۆربەی ماڵەکان باخی چناریان هەبووە، چونکە چەمی خاڵدان جێگایەکی گونجاو بووە بۆ بەرهەم هێنانی دارچناریکی زۆر، بەڵام لە ئێستادا باخەچنار نەماوە چونکە ئەو سودەی نەماوە، کە جوتیارەکان بیکەن و درەنگ دێتە بەرهەم و لە ئێستادا چەند باخێکی میوەهات هەیە.

پرۆژەی خزمەتگوزاری

ساڵی(2011) پرۆژەی کارەبای نیشتیمانی بۆ ئەنجامدراوە، ساڵی (1976– 1977) قوتابخانەی تیادا کراوەتەوە، لە مامۆستاکانی (مامۆستا عەلی، لەتیف، ئیسماعیل و بورهان حاجی قادر) ساڵانی حەفتا دانیشتوانی گوند مزگەوتیان دروستکردووە، لە مامۆستا ئایینییەکانی ئەم مزگەوتە (مەلا ئەحمەدی بەگەجانی، فەقێ فاتیح شابەدینی و مەلا موحسین کە چەند فەقێیەکی لە خەڵکی گوندەکە هەبووە)، ساڵی (1998) ڕێکخراوێک مزگەوتی تیادا دروستکردەوە، لە موختارەکانی ئەم گوندە: حاجی شێخ ساڵح، شێخ ڕەحیم عەبدوڵڵا.

شۆڕش و کارەساتەکان

خەڵکی ئەم گوندە پشتیوان و بەشداری شۆڕشەکانی کوردستانیان کردووە و چەندین پێشمەرگە و شەهیدیان لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشەکانی دیکەدا هەیە، هەمیشە شوێنی پشودانی هێزەکانی پێشمەرگە بووە بۆیە چەندین جار لەلایەن سوپای عێراقی داگیرکەرەوە هێرشی کراوەتە سەر.

لە ساڵی (١٩٦٣) لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە ئەم گوندە تاڵان کراوە، ساڵی (١٩٨٦) سوپای عێراق هێرشی کردۆتە سەر گوند، بەڵام لەلایەن دانیشتوانی گوند و بەهاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و هێرشەکەیان تێکشکاندووە، بەرامبەر بە خۆڕاگری خەڵکی گوند، سوپای عێراق کۆیڕانە تۆپبارانی ناو گوندی کردووە، لە بەهاری ساڵی (1988) سوپای عێراق خانووەکانی ڕووخاند و گوندەکە چۆڵکرا.

بواری ئاوەدانی

ساڵی (1957) ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندە (100) کەس بووە و ساڵی (1988) و پێش ڕووخاندنی گوندەکە (29) خێزانی تیادا نیشتەجێ بووە کە ژمارەیان (191) کەس بووە، ساڵی (1996) چەند ماڵێك گەڕانەوە گوند و ئاوەدانیانکردەوە، ساڵی (2004) بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاری گوندەکە چۆڵکرایەوە کە لەو کاتەدا (14) ماڵ بوون ساڵی (2008) شێخ ڕەحیم شێخ عەبدوڵڵا گەڕایەوە گوند و ئاوەدانیکردەوە، چەند خێزانێکی دیکە لە ساڵانی دواتردا گەڕانەوە گوند، ساڵی (1999) ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندە (150) کەس بووە کە پێکهاتبوو لە (20) خێزان و لە ئێستادا حەوت ماڵی لێ دەژی کە نزیکەی (30) کەس دەبن.

لە ئێستادا تەنها پرۆژە خزمەتگوزارییەی مزگەوت و کارەبای نیشتیمانی هەیە، ڕێگەی گوند وێرانە و چەندین ساڵە دانیشتوانی گوند داوادەکەن کە قیرتاو بکرێت تا ئێستا ئەم داواکارییە جێبەجێنەکراوە.

لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو چەند کەسێکی دانیشتووی گوند بۆ یەکەمجار لە باڵاجۆ بە هاوبەشی ئۆتۆمبێلێکیان لە جۆری پیکاب شۆفرلێتیان کڕیوە، هەر لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەمجار محەمەد شێخ حسێن تراکتۆرێکی لە جۆری دێڤن کڕیوە، هەروەها هاوڵاتی جەلال شێخ ڕەشید لە کۆتایی ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەمجار لەناو گوند ڕادیۆی کڕیوە و لە ساڵی (1983) تەلەفزیۆنی کڕیوە.

سەرچاوەکان:

- کتێبی بازیان مێژوو و گەشەسەندنی، نووسینی: کاروان محەمەد و یاسین ئەحمەد.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ ڕەحیم عەبدوڵڵا ئەمین، دانیشتووی گوند.
- تێبینی و سەردانی مەیدانی نووسەران بۆ گوندی باڵاجۆ.

بریار هاتە دان بڕیێا دوو ڕۆژنامێن نافخۆیی ئاگەهداریا تە بهێتە کرن دماوێ (٧) حەفت ڕۆژاندا،هەر ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ کو ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە ژبو ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) بەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکارێن یاسایی یێن زورەملی (الاجراءات القانونیة الجبریة) بی.بڕیارنین کوژمێ قەرێ مایی دگەردنا تەدا دبیتە کوژمێ (٩,٧٦٠,٠٠٠) نەهە ملیون وحەفت سەد و شێست هزار دینار دگەل ڕەسمێ ستاندنا قەری،بۆ بەرژەوەندیا قەردەرێن دڤێ دوسێ دا (هکار تحسین حاجي). جێ بەجێکاری داد/ میڤان جرجیس ابراهیم

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهۆك

ژمارە: ٢٠٢٦/٢٢٦٠
ڕێکەفت: ٢٠٢٦/١١/٢
پێڕاگەهاندن
بۆ قەردار: (محمد عبدالله قادر)

بریار هاتە دان بڕیێا دوو ڕۆژنامێن نافخۆیی ئاگەهداریا تە بهێتە کرن دماوێ (٧) حەفت ڕۆژاندا،هەر ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ کو ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە ژبو ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) بەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکارێن یاسایی یێن زورەملی (الاجراءات القانونیة الجبریة) بی.بڕیارنین کوژمێ قەرێ مایی دگەردنا تەدا دبیتە کوژمێ (٢,٧٥٤,٠٠٠) دوو ملیون و حەفت سەدو پێنجی و چار هزار دینارێن عێراقی نە دگەل ڕەسمێ لێستاندنێ و قەردەر دڤێ دوسێ دا (نوزاد رشید کریم خان). خوگر محمد صالح ابراهیم
جێ بەجێ کاری داد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهۆك

ژمارە: ٢٠٢٣/٣٠٤٢
ڕێکەفت: ٢٠٢٦/٩/٢٣
پێڕاگەهاندن
بۆ قەردار: (کوفان طیار صالح)

بریار هاتە دان بڕیێا دوو ڕۆژنامێن نافخۆیی ئاگەهداریا تە بهێتە کرن دماوێ (٧) حەفت ڕۆژاندا،هەر ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ کو ئامادەبی لڕێڤەبەریامە بو ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) بەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکارێن یاسایی یێن (الاجراءات الحبس غیابیا) بی.لدیڤ کمبیالة یا ل ڕێکەفتی (٢٠٢٦/٣/٩)هاتیە ئیمزا کرن و ڕێکخستن قەرێ دگەردنا تە دا ئەوێ نە هاتیە دان (٢,٧٥٤,٠٠٠) دوو ملیون و حەفت سەدو پێنجی و چار هزار دینارێن عێراقی نە دگەل ڕەسمێ لێستاندنێ و قەردەر دڤێ دوسێ دا (نوزاد رشید کریم خان). خوگر محمد صالح ابراهیم
جێ بەجێ کاری داد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهۆك

ژمارە: ٢٠٢٦/٧٤٥
ڕێکەفت: ٢٠٢٦/١١/٢
پێڕاگەهاندن
بۆ قەردار:(جلنك مجید صدیق)

بریار هاتەدان بڕیێا دوو ڕۆژنامێن نافخۆیی ئاگەهداریا تە بهێتە کرن دماوێ (٧) حەفت ڕۆژاندا،هەر ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ کو ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە ژبو ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) بەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکارێن یاسایی یێن (الاجراءات الحبس غیابیا) بی.لدیڤ بریارا دادگەها بەرایی یا ژمارە (١٠٧٧/ب/٢٠٢٣/٣ ل ٢٠٢٣/٨/٧) قەرێ دگەردنا تە دا ئەوێ نە هاتیە دان (٣,٧٨٥,٠٠٠) سێ ملیون و حەفت سەدو هەشتێ و پێنج هزار دینارێن عێراقی نە دگەل ڕەسمێ لێستاندنێ و قەردەر دڤێ دوسێ دا (کومپانیا چرانی). میڤان جرجیس ابراهیم/ جێ بەجێکاری داد

***

دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك

ژمارە: ١٨١٩/ش/٢٠٢٦/١
ڕێکەفتی: ٢٠٢٦/١١/٢
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە ی
ب/ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (جەگر محمود عبدالقادر)

ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠٢٦/١٠/١٩ ێ د کێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (شڤین اسماعیل محمد) بریاردا ب (التفریق) دناڤبەرا تە و هەڤژینا تە یا داواکار دا و تە مافێ نەرازیبونێ یێ هەی د ماوێ دەهە ڕۆژان ژ ڕۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ و بەرۆڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان.

دادەرێ ئێکێ/ شکر سلطان عدو شاهین

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهۆك

ژمارە: ٢٠٢٦/٣١٣٠
ڕێکەفت: ٢٠٢٦/١١/٢
پێڕاگەهاندن
بۆ قەردار:(زاهیدا شکري محمد)

ژبەر نەزانینا جهێ ئاکنجیبونا تە،ولدیف ماددەیا (٢٧) ژیاسا جێ بەجێکرنێ بریار هاتەدان بڕیێا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بهێتە کرن دماوێ (١٥) پازدە ڕۆژاندا،هەر ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ کو ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە ژبو ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) بی.لدیڤ کمبیالە یا ژمارە (٢٦٩٣/ ل ٢٠٢٦/٢/٢) قەرێ دگەردنا تە دا کوژمێ (١٥,٣٧٦,٥٠٠) پانزدە ملیون و سێ سەدو حەفتێ وشەش هزار و پێنج سەد دینارێن عراقی نە دگەل ڕەسمێ ستاندنێ و قەردەر دڤێ دوسێ دا (زکریا علي یوسف).

جێ بەجێکاری داد/ ژێهات صبحي تێلی

***

ڕێڤەبەریا پولیسین زاخۆ
بەشێ ئامیرسازی و پیداویستیەکان
پیداویستیەکان

ژمارە : ٤٦٣
ڕێکەفت : ٢ / ١١ / ٢٠٢٦
ب// ئاگەهداری

ڕێڤەبەریا پولیسین زاخۆ/بەشێ ئامیرسازی وپیداویستیە کان -ئامیرسازی ڕادگەهینیت بو هەبوونا سەر زێدەکرنا ئاشکرا بو فرۆتنا کەل وپەلێن ترومبێلا ئەوێن ژکارکەفتی لدیف خشتێ لخوارێ دیارکر بڕێکا فرۆتنا وان ب سەرزێدەکرنا ئاشکەرا هەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکت بلا سەرەدانا ڕێڤەبەریا پولیسین زاخو /بەشێ ئامیرسازی وپێداویستیە کان ل گۆرەپانا بەشێ گرتیخانا زاخو بکەت بو پتر پێزانینا و هەر کەسێ سەر نێک زێدەکرن بگەهتێ دێ کریا بەلاڤکرنا ڕۆژنامێ دەت بوزانین روژا زێدەکرنا ئاشکەرا دبیت روژا (ئێک شەمبێ) ڕێکەفتی ٢٠٢٦/١١/١٥ ل دەمژمێر (١١) سپێدێ .

تێبینی // تأمینات پشتی دەمژمێر (١٠) سپێدێ ناهێتە وەرگرتن //

١- جۆرێ کەل و پەلا (فەرارەی پولیسی)، ژمارە (٣٠)، هژمار (سیهی)

٢- جۆرێ کەل و پەلا (تایرات - اطارات)، ژمارە (٥٥ جووت)، هژمار (پێنجی و پێنج جووت)

٣- جۆرێ کەل و پەلا (کابینەی ترومبێل)، ژمارە (٩)، هژمار (نەه)

٤- جۆرێ کەل و پەلا (کورسیك ترومبێل)، ژمارە (٧)، هژمار (حەفت)

٥- جۆرێ کەل و پەلا (ئاسن ترومبێلا)، ژمارە (دیسك + فلنجە + روط + دبل + گوهك .. هتد)

عەمیدێ پولیسا
نزار سلیمان حاجی
ڕێڤەبەریێ پولیسێن زاخو



ئاکۆ عەبدوڵڵا

کورد لە دیدی تۆێژەر و میژونووسانی بیانی

بزووتنەوەی کوردانی تورکیا لە تاراوگە



ساڵی ٢٠٠٧ جۆردی تێجێل گۆرگاس بە زمانی فەرەنسی کتێبی (بزوتنەوەی کوردانی تورکیا لە تاراوگە) ی بڵاوکردەوە کە تێزی دکتۆراکەی بوو. لەبەر گرنگی ناوەرۆکەکەی (جورج البطل) بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە و ساڵی ٢٠١٣ بڵاویکردۆتەوە. ئەو کتێبەکە تایبەتە بە بارودۆخی کورد لەرۆژئاوا، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان و کەوتنە ژێر ئینتیدابی فەرەنسی و تا ئەو کاتەی ئینتیدابەکە کۆتایی پێدێت. بەگشتی لە سێ پاڕ و حەوت بەش پێکهاتووە. لەپێشەکییەکەیدا بەناونیشانی (کورد لە تورکیای کەمالی) نووسەر ئاماژەی بەوە داوە کورد دووچاری ستەم و زەبر بووە، لەگەڵ ئەوەی دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ پاراستنی سەروەری وڵاتی نوێ خەباتی زۆری کرد، کەچی لە دەستی کەمالییەکان رووبەڕووی ستەمی زۆر ببۆوە. ئەوەش وەهای کرد رۆژئاوای کوردستان زیاتر ببێتە ناوەندی چالاکی سیاسی کورد. لە دوو بەشەکەی پاڕی یەکەمیدا باسی چۆنیەتی چەسپاندنی ئینتیدابی فەرەنسی بەسەر هەردوو وڵاتی سوریا و لوبنان و تەنینەوەی کاریگەرییەکەی بەسەر رۆژئاوای کوردستان و دۆخی کورد لە ناوچەکە کردووە. ئاماژەی بە هەڵوێستی دووفاقی فەرەنسییەکانیش داوە لە پشتیوانیکردنی کورد وەک هێزێکی دژ لەبەرامبەر ناسیۆنالیستە عەرەبەکان. لە شەش بەشەکەی پاڕی دووەمیش نووسەر بە وردی تیشکی خستۆتە سەر هەڵکشانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو بەشەدا، لە دوای ئینتیداب. بەگرنگییەوە باسی لە دامەزراندنی پارتی خۆیبوون کردووە کە لە کەسانی رۆشنبیر و دیاری کوردانی تاراوگە دامەزرا و رۆڵی کاراشی هەبوو لە گواستنەوەی ژیلەمۆی راپەڕین لە ئاگردانی خێڵەکی بۆ بزوتنەوەی هزری و سیاسی نوێ. بەشداریکردنی لە راپەڕینی ئارارات. هاوکات لە بەشەکانی دوایی گرنگی بەلایەنی کەلتووری ئەو بەشەی کوردستان داوە. ئەمە جگە لەوەی لە رووی کۆمەڵایەتیش هەڵسەنگانی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگەکەی کردووە. لە کۆتایشدا پوختەیەکی میژوویی بۆ رووداوەکانی کوردستان داڕێژتووە کە لە ساڵی ١٥١٤ دەستپێدەکات تا ساڵی ١٩٤٦ و دەرچوونی دوا سەربازی فەرەنسی لەهەردوو وڵاتی سوریا و لوبنان.

جۆردی گۆرگاس میژوونووسێکی دیاری ئیسپانییە ساڵی ١٩٧١ لە دایکبووە. لە زانکۆی نیوشاتێلی سویسری پرۆفیسۆری میژووە. لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر میژووی کورد ئەنجامداوە. جگە لەو کتێبە ساڵی ٢٠٠٩ کتێبی (کوردی سووریا: میژوو، سیاسەت و کۆمەڵگە) و ساڵی ٢٠١٤ کتێبی (پرسی کورد: رابردوو و ئێستا) و ساڵی ٢٠١٨ لەگەڵ بۆرس جەیمس کتێبی (کورد لەسەد پرسیار: گەلێکی بێ وڵات) ی بڵاوکردۆتەوە. بەگشتی ئەو بەرهەمانە سەرچاوەی گرنگن بۆ پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

برایم حەمەخانی گێژ؛ میژوویەکی پڕ لە شۆڕشگێڕی و ڕەسەنایەتی



ئەنوەر حاجی عزیز مەلا سەمین دەلۆ

میژووی ناوچەی گەرمیان تەنیا بە جوگرافیا سەرنجڕاکێشە کەیەوە ناناسرێتەوە، بەڵکو بەو سیمبول و پیاوە نەبەردانەش کە لەسەر ئەم خاکە ژیاون و بوونەتە بەشێک لە شوناسی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی کورد. لە نێو لاپەڕەکانی میژووی ئەو ناوچەیە ناوی بنەماڵەی برایم حەمەخانی گێژ وەک کۆڵەکەیەکی دیاری شۆڕشگێڕی، جوامێری و ڕەسەنایەتی دەدرەوشێتەوە؛ بنەماڵەیەک کە لەیەک کاتدا چەندین چەمکی باڵای وەک نیشتمانپەروەری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە توندوتۆڵەکان و داستانێکی بێوێنەی ئارامگرییان تێدا کۆبووەتەوە.


ڕەچەڵەکی دێرینی هۆزی گێژ لە گەرمیاندا هۆزی گێژ یەکێکە لە هۆزە دێرین و ڕەسەنەکانی کورد. بەپێی سەرچاوە میژووییەکان، ڕەگەزەکەی دەچێتەوە سەر «کاژ»ەکان، و لە کتێبی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی ناویان هاتووە. هەروەها محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی «میژووی کورد و کوردستان»دا ئاماژەی بە پێگەی ئەو هۆزە کردووە.

تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، هۆزەکانی گێژ، زەند و پاڵانی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی (سەرقەڵا) سەر بە شاری کفری نیشتەجێ بوون. لەو سەردەمە حەمە پاشای جاف پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و دۆستانەی لەگەڵ سلێمان (سلیمۆ) ی گێژدا هەبووە و هەمیشە میواندارییی یەکتریان کردووە. لەگەڵ کۆچ و نیشتەجێبوونی هۆزی گەورەی جاف لە ناوچەکەدا، هۆزە بچووکەکانی وەک (زەند، پاڵانی و گێژ) لە مەڵبەندی خۆیان گواستییانەوە. زەند و پاڵانییەکان پێدەشتی (زەنگابات - زەندئاباد) یان ئاوەدان کردەوە، و گێژەکانیش ڕوویان لە دەوروبەری ڕووباری (نارێن) و (چەمی چێمەنە) کرد و چەندین گوندی وەک (نارێن، فەککە، چنچاڵ، عەین شکور لاو) یان لە نێوان کفری و قەرەتەپەدا دروست کرد. لقێک لەم هۆزەش بەرەو باکوور کۆچیان کرد و لە زێی گەورە و بچووک پەڕینەوە و لە دەوروبەری ئاکرێ (قەزای بەردەڕەشی ئێستا) نیشتەجێ بوون کە ئێستا بەشێکن لە عەشایەری سەبعە.

لەم سێ هۆزەدا چەندین پیاوی ناودار هەڵکەوتن؛ لە زەندەکان کە نەوەی کەریم خانی زەندن (حوکمرانی پێشووی ئێران) تا چلەکان کوێخا غەنی دیار بوو، لە پاڵانییەکانیش حاجی سەمین و دەرویش محەمەد و لە گێژەکانیشدا کوێخا جاسم، مۆراد بەگ و برایم حەمە خان ناویان دەرکردبوو.

برایم حەمەخانی گێژ؛ شۆڕەسوارێکی نەبەرد

ابراهیم (برایم) حەمەخانی گێژ، لە ساڵی ١٨٨٠ لە باوەشی هۆزەکەیدا چاوی بە دنیا هەڵێنا. پیاوێکی باڵابەرز، گەنمەڕەنگ و ڕەقەڵە بوو. لە منداڵیدا لای مەلا خوێندبووی و بەشێک لە قورئانی پیرۆزی لەبەر بوو، بەڵام خولیای سەرەکی ئەو ئەسپسواری، ڕاوشکار و کشتوکاڵ بوو. ناوبراو چوار جار ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنابوو. خاوەنی شەش کوڕ بوو بە ناوەکانی: (خەلیل ١٩٢٩-١٩٨٤، کەریم ١٩٤٢-١٩٧٥، هاشم ١٩٥٨-٢٠٢٦، عەزیز ١٩٦٤، تۆفیق ١٩٦٦، و بابان ١٩٦٨). ئەمەو تەنیا یەک برای هەبوو کە حەسەن حەمەخان (١٨٨٦-١٩٧٤) ی ناوبوو و ئەویش خاوەنی شەش کوڕ بوو.



هاشم برایم حەمەخانی

برایم حەمەخان و خەبات و بەرەنگاربوونەوە دژی ئینگلیز

ساڵی ١٩١٦ کاتێک شێخ مەحمودی حەفید بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی بەریتانیا بەرەو خوارووی عێراق (شوعەیبە) بەڕێکەوت، دەیان سوارچاکی ناوچەی گەرمیان لە هۆزەکانی (جاف، زەنگەنە، تاڵەبانی، گێژ، جەباری، دەلۆ، داودە، زەند) پەیوەندییان پێوە کرد و بوونە بەشێک لەو سێ هەزار سوارەی لەگەڵ شێخدا بوون. برایم حەمە خانی گێژ یەکێک بوو لەوانە. دوای گەڕانەوەی لە جیهاد، لە گوندی (فەککە) نیشتەجێ بوو. لە نیسانی ١٩١٨ کاتێک هێزەکانی بەریتانیا لە سیروان پەڕینەوە بەرەو زەنگابات بە مەبەستی گرتنی شاری کفری، برایم حەمەخان بەهۆی ئەو ڕقە نیشتمانییەی لە ئینگلیز هەیبوو، تەنیا لەگەڵ دوو کەسی ترلە دەوروبەری ڕووباری نارێن بەرپەرچی ئەو سوپا گەورەیەی دایەوە و تەقەیان لە زرێپۆشەکانی ئینگلیزەکان کرد. لەو شەڕەدا حوسێن کاکەمەند دەلۆ هاوڕێیەکەی ترین شەهید بوو، برایم حەمەخانیش بە برینداری خۆی ڕزگار کرد. دوای چاکبوونەوە، باری کرد بۆ (گوندی حاجیلەر) و لەوێ بووە کوێخا و وەکیلی جەمیل بەگی بابان. کاتێکیش شێخ مەحموود ئازادکرا، برایم حەمەخان لە پێشوازیکاران بوو و تا سلێمانی لە خزمەتیدا بوو. لە شۆڕشی برایم خانی دەلۆشدا، ئەگەرچی هۆزی گێژ ڕاستەوخۆ تێیدا نەبوون، بەڵام هاوکاری ئاوارەکانی دەلۆیان کرد لە چیای حەمرین. ئەمەو پێوەندی ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵ ئەو هۆزە هەبووە. مستەفا نەریمانی نووسەر و ڕووناکبیر نووسیویەتی: «سەدان جار پێکەوە دانیشتووین و گوێم لە سەرگوزشتە و وردەکارییەکانی ژیانی گرتووە و تۆمارم کردوون. ئەو زاتە ناوبژیوانی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە بوو». خاوەن دیوەخان و میوان دۆست بوو تا بڵێی چاوتێربوو. هەمیشە سەری لە سەرۆک هۆز و ناوادارەکانی ناوچەکە ئەدا. بۆ نموونە مامۆستا مستەفا نەریمان دەڵێت چەندین جار پێکەوە لەگەڵ دەم ڕاستی هۆزی گێژ برایم حمەخان لە بەغدا سەردانی ماڵی مۆراد بەگی گێژ مان کردووە.

برایم حەمەخان لە گوندی (تەپە کزن) بوو لە پەنجاکان لەسەر چەمی (چێمەنە) ئاواییەکی لەسەر شارێگەی (کفری - جلولا) ئاوەدان کردەوە لە ئێستادا ناوی دێی (محمودیە) و تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٦٨ لەوێ ژیا و گۆڕستانی (برایم سەمین) نێژرا.

هاشم کەلاری (ئەیوبی کورد) لە داستانێکی بێوێنەی خۆڕاگری

کە باوک شۆڕەسواری مەیدانی جەنگ بوو، ئەوا کوڕەکەی، هاشم برایم حەمەخانی گێژ (ناسیار بە هاشم کەلاری یان ئەیوبی کوردی)، پاڵەوانی مەیدانی ئارامگری و ئیمان بوو. هاشم ساڵی ١٩٥٨ لە گوندەکەیان چاوی بە دنیا هەڵێنا. بەهۆی بارودۆخی ژیان دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنی نەبوو. بەهۆی خزمەتی سەربازی زۆرەملێ ڕۆژی ١٩٨١/٩/٢ لەبەرەیەکی شەڕی عێراق- ئێران بە سەختی بریندار بوو و دڕکەپەتکی پسا و ئیفلیج بوو. ٤٥ ساڵی لەسەر جێگا بەسەربرد. ئەو نەک هەر تەسلیم نەبوو، بەڵکو بوو بە سیمبولی ڕۆحیی ناوچەکە. بە هۆی بەکارهێنانی دەرمانەکانی یان قەڵەمی ئەلیکترۆنی لاپەڕەکانی دەهەڵدایەوە و تەواوی قورئانی پیرۆز و هەزاران فەرموودەی پێغەمبەری (د.خ) لەبەرکرد. خاوەنی کتێبخانەیەکی تایبەت بوو کە نزیکەی ١٠ هەزار کتێبی تێدا بوو. لە کەنالەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەهۆی ئەم چیرۆکە پڕ لە وانەیە بە «ئەیوبی کورد» ناسرا. بەردەوام خەڵکی سەردانییان دەکرد بۆ ئامۆژگاری. لەهەمان کاتدا کار و کاسبی تایبەت هەبوو و یارمەتی هەژار و کەمدەرامەتی دەدا. تا لە ڕۆژی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ئەم ساڵ لە شاری کەلار کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بەرلوت بە خاک سپێردرا. کۆچی دوایی ئەو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق دەنگدانەوەی گەورەی لێکەوتەوە.

سەرچاوەکان:


١- بیرەوەرییەکانی ژیانم. مصطفی نەریمان. ١٩٩٤.بەغدا.

٢ /گۆڤاری ڕەنگین ژمارە(٥٤)١٩٩٣. بەغدا.

٣ /دەستنووسەکانی حاجی عزیز مەلا سمین دەلۆ.

٤ /چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی جمال حسن حمەخان گێژ.

تێبینی و ڕامان لەسەر بەڵگەنامەیەک



کەمال نووری مەعروف

ئەم بەڵگەنامەیە، ڕاپۆرتێکە ژمارەی ٢٤ی لەسەر دانراوە و میژووەکەی بۆ ١٥ی جمادي الأول ١٢٢٧ی کۆچی، ١٩١٩ی زایینی دەگەڕێتەوە. بابەتی ئامانجەکە لەسەر تەواوبوونی شەڕی نێوان ئەفغانستان و هیندستان و شۆڕشی شێخ مەحمودی بەرزنجییە لە کوردستان. بەڵگەکە لەوەزارەتی دەرەوەی ئێران بە ناونیشانی (أعتلاء الملك) نێردراوە، بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا. لەنامەکەدا هاتووە: بەپێی داوای باڵێۆزخانەی بەریتانیا، ئەمیری ئەفغانستان لەم دواییەدا، داوای سولحی کردووە، کە ئێستا لەنێوان ئەو دەوڵەتی هیندستان ئاماژە بەست هەیە.


ئامانجی ئەم بەڵگەیە دیارە، بەریتانییەکان بەناوی تەواوبوون کۆتاییان بە شۆڕشەکەی شێخ مەحموودیش هێناوە، کەمەبەست شەڕی دەربەندی بازیانی ئەیلوولی ١٩١٩ی زایینییە، لەوەپێش دەبێت بڵێین: بەقسەی وەزیری ڕاگەیاندنەکە لەبەریەککەوتنی دەسەڵات بەدەست و پیلانگێڕەری بەریتانییەکان بوون لەهەدوو بەرهەمی شەڕ و کوردیشدا و خۆشکردنی ئاگرەکەیان ڕۆڵیان تێدا بووە. بۆیە بەو شێوەیە ناوی شێخ هاتووە، دەنا ئەوەی تایبەت بێت بە شێخی بەرزنجی، ئەو شۆڕشە بەردەوام بووە هەتا ساڵی ١٩٢٠ی زایینی، ئامادەبوو بە شەڕی ئاووبارێک. گەڕانەوەی دیکە بۆ دەستپێکی دووەمی سەدەی بیستەم، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شەڕپێدان لەنێوان ئەفغانستان و میرنشینی مسلمان و هیندستانی مەزهەبەکە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بووە.

بەڵشەویک لەئێرانەوە بێنەوە، بەئامانجی گەڕانەوەی ڕێڕەوی ڕووسیای قەیسەری بۆ ناوچەکە.

لەو هەوڵەدا بەریتانییەکان لە دوولاوە، زەمینەیان بۆ خۆشبووە لەلایەک ڕێی ئەفغانیەکانیان نەداوە، کە لەسنوورەکەیاندا وەستابوون لەگەڵ ڕووسەکاندا بەستیان بووە بیانکەن بەگژیەکتردا، دژی بیروباوەڕی توندوتیژی بەڵشەویک، ئەوانیش بەو هۆیەوە نەوستان و هێرشیانکردۆتە سەر ناوچە سنووریەکەی ئەفغانستان و توانیویانە ڕەک و تووبنا و لە سنووری خۆراسانی گێڕانیش نزیک ببنەوە، بەشێوەیەک کە یاسایگاکە کەوتۆتە بەرمەترسییان. لەمەوە دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدارانی بەریتانیاش بەسەڵتەی بەڵشەویک، ئامانجیان لەو قۆناغەدا هەر بۆ ئاوڕدانەوە بووە، بۆیە ڕێگەیان نەدا کە هەمان هەوڵی ئەوەدرا بووە خەڵکی ناوچەکە بخاتە ناو شەڕەکەوە سەربازەکانی خۆی بەدوور بگریت. ئەوەتا لەکاتێکدا ناوچەی خۆراسان لەژێر هەڕەشەی داگیرکاری بەریتانییەکان لەوەدابوون بە یەزەکانی ناوخۆ سنووری خۆراسان بپارێزن و بەڵشەویکەکان ببنە دواوە و سنوورەکەیان لێ پاکیبکەنەوە. ئەم وەڵامەش دراوەتە دەستوالی خۆراسان، تاوەکوو لەکاتی پێویستدا بەرپەرچی بدات.

جا تێکچوونی بەڵگەنامەکە دا هاتووە بەریتانییەکان، هانی لایەنەکان دەدەن بەڕگری دژی بەڵشەویکان بکەن، هەروەها هەوڵدانیشیان بۆ بەریتانیادا بووە، بەڵام پێکهاتەکەی ئەفغانستان کە لە قەرەهۆز بووە لە کۆمەڵگەیەکی دوواکەوتوودا ژیاون، ئەوەش وایکردووە کە نەتوانن لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن.

لەتۆژینەوەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، لێکۆڵینەوە سیاسیی بەریتانیا بەم ڕۆڵە و نەدییان لەوەدانبووە ناکۆکی و ئاژاوە لەناویان دابێت، بەڵکو لە هەموەدا بوون، لەگەڵ ئەفغانیەکان هەوڵیانداوە ئاژاوەی ناوخۆییان کەمبکەنەوە بەئامانجی بەکارهێنانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان دژی ڕووسیای بەڵشەویکی هاوسنووریان بەئامانجی بەکارهێنانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان و شاراوەتەوە نەگرەیان بۆ دروستبکەن، چونکە بۆڵشەویک بۆیان هەڕەشە بووە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان و لەلایەک لەناوچەکەدا لەڕۆژەگاری ئاڵۆگۆڕینی بەزوویی دەسەڵات و شکستی ڕووسیای نزاری بەهۆی شۆڕشی ١٩١٧ی بۆڵشەویک و هاتنی بەڵشەوییەکان بە سەرۆکایەتی لێنین بۆ دەسەڵات، دەنگدانەوەی



١٣٨ / مبرزات شيخ محمود برزنجي به وزارت امور خارجه

بەهێزی دروستکرد، چونکە بەبیرۆکەیەکی نوێوە هاتبوونە مەیدانی تێکۆشان، کە ڕزگاربوونی گەلانی ژێردەستە بووە، لەژێر دەستی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا.

جارێکیتر گەڕانەوە بۆ بەڵگەنامەکە، هەروەکوو بەندەدا، لە حەوزەی ئێرانی ١٩١٩دا توانیویە دوای کۆتایی بەشۆڕشی شێخ مەحموود، ناوچەی سلێمانیش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی لە بڕو کارەشی توانیویەتی لە ئێرانی قاجاری سەردەمی ئەحمەد شاە، زیاتر نزیک ببێتەوە و ئاشکرایە گەڕانەوە بۆ ڕووسیای بەرامبەر هێرشەکانیان.

لە لایەکی تری بەڵگەنامەکەدا هاتووە: بەریتانییەکان، بڕیارياندواوە، دژی هێرشی بەڵشەویکان یارمێتیدانی ئەفغانیەکان بدەن هەروەها لە بڕگەیەکی تری بەڵگەنامەکەدا هاتووە، لە ناوچەی سلێمانی، شێخ مەحموود بووەتە هۆی ئاژاوەگێڕیی، بۆیە بەریتانییەکان هێزی بۆدەنێرن. ئەم حاڵە بەلای منەوە سەرەتایە کە بۆشایی کوردی وڵاتی بەریتانی، کە بۆ دوای داگیرکارییان، ساڵی ١٩١٩ دەگەڕێتەوە و میژووەکە دەگاتەوە بە ساڵی ١٩٢٠ و گەڕانەوەی شێخ مەحموود، لە بەندیخانەی ئەندامان لە هیندستان هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەدا گەلباغییەکانیش لەگەڵ هەندێک لە عەشایەری تریشدا ڕۆڵی کارگیراویان هەبووە بۆ بیرەوەبوون و یارمەتیدانی کوردەکان لە باشووری کوردستان. هەروەها لە بڕگەیەکی کۆتایی بەڵگەنامەکەدا هاتووە، بڕیارياندواوە بۆ بەڵگەنامەکە فتنەرخەیی نەکەن بەتایبەتی کە لەباغییەکان لەپێناو پاراستنی هێزی سەربازییان بۆ دوورخستنەوە و لاوازکردن و بەگشتیدا چوونەوەی مەترسییەکانی ڕووسیا لە سنووڕەکەیدا بەڵگەنامە کە بە کوردی بەڵگەنامەی ژمارە ٢٤ بە ڕەهندییەکانی شێخ مەحموود بە ڕەنجی بەپێگیرانەوە بەڵگەنامەکان / ٧٩ ژمارەی بەڵگە ٧٤ وەزارەتی دەرەوە ـ فەرمانگەی بەریتانیا

١٩١٩ ز ساڵی ١٢٢٧ مالگی دەرجەی تایبەتی : ١٠٦٩١ کارتۆن ٤٧ دۆسیە ١٧کارتۆن ٢٤ڕێکەوتی ١٢٢٧/ ٥ جۆری بەسراو هێنا باڵێۆزخانەی لەندەن بە ڕووەندە ١٢ لاپەڕە ١٩. بابەت : ڕاپۆرتێک لەناو بوونی شەڕی نێوان ئەفغانستان و هیندستان و شۆڕشی شێخ مەحموودی بە ڕەنجی لە کوردستان

دەرجەی ٩٥ : بە پێی بڕیاری دەرپڕینی باليۆزخانەی بەریتانیا، ئەم باری ئەفغانستان لە م دواییەدا داوای وەڵامی کردووە، کە ئێستا ئاگر بە ست لە نێوان بەوو دەوڵەتی هیندستان ئاگربەست هەیە، بەڵام بەم دووڕخە پێشەوە لە بڕی سنووری عەشایەرە پۆلیسی لێی نییە تۆندو تیژی بەنوێنین، کەپڕی بیرم ڕای بە لەشەفیزمی ڕەخنەی کردووە تە ئەفغانەکان و عەردەنییەتێکی گشتی هەیە لە مەندیکای سنووری خوراسان و ئەفغانستان، هێزی ئەفغانەکان کۆبوونەتەوە، بەڵشەویکانیش لەلایەن؟ بە سنووری خوراسان نزیک بوونەتەوە، ئەم پارێزگایە لە دوو لاوە لە ئاستی مەترسیدان چونکە کەرەنفەی بە ڕگری بە پێی پێویست نییە، بەڵام بختیار والی خوراسان ئەمانە دراوە.

بە هێزی خاوجەییەکان لە تاوەکو سنووری خوراسان فەرەتر بکات. لانیکەم لە کاتی پێویستیدا لە بڕی ئالوۆکییەکانی زۆر بەرچاو بەرگیری بکرێت، بە ڕنماییەکانیش بڕیاریان داوە بۆ بەرگری لە بەرامبەری بەلشەویەکان، هەروەها خۆپاراستن لە بەرامبەری هێرشەکان؟ ئەفغانیەکان یارمەتییەکانی مۆسکۆینە بەجێ بێنین. لە کوردستانێ عوسمانی شێخ مەحموود خەڵکی سلێمانی دەستی کردووە بە ئاژاوەگێڕی و بووە تە هۆکاری؟ کە بە ڕەنماییەکان بە ڕووڕووی هێزەکانیان بنێرن؟ کەلباغی هێزەکانی دەوڵەتی لەگەڵ عەند عشایەرە باخیەکان خەریکی شەڕن، دەوڵەتیش هەرچەند هێزکردنێک بە کاردەهێنێت کە کارەکانی بکاتە ئەنجام، بۆیە گرنگترین هەوڵ بۆ چاکسازیی ناوخۆیی بابە تی دابینکردنی ناوچەکان کە تا ڕادەیەک دڵخۆشکەرە، بەڵام دوا تر هەر ڕێگایەک پێویست بێت جێبەجێ بکەین (اعتلاء الملك).

www.xebat.net
سێ شەممە 3ی تشرینی دووەم 2026 ژمارە(7324)
خەبات

کەساسیی نوخبەکانی ئەورووپا

ڕستەکەی ماکرۆن "هیچ شتێک ڕوونی ناکاتەوە"و کارل پۆپەر و پارادۆکسی ئەورووپی پاش پێنج سەدە لە شۆڕشی هزری

خالید سانج
بەشی سێیەم



١٩٣٩: زیرەکی عەقڵانییەت نییە

ئەڵمانیای نازی خاوەنی توانای زانستی، تەکنیکی و کارگێڕیی بێوێنە بوو لە کاتێکدا جەنگی نەژادی، فراوانخوازیی خاکی و جینۆسایدی ئەنجام دەدا. ئەمە دژبەرییەک لە یاساکانی مەعریفەدا نییە؛ بەڵکو بەڵگەی ئەوەیە کە لێهاتوویی تەکنیکی و عەقڵانییەتی سیاسی دوو دەستکەوتی تەواو جیاوازن. شێوازە پێشکەوتووەکانی بەرهەمهێنان و ڕێکخستن دەتوانرێت بخرێنە خزمەتی ئامانجگەلێک کە لەلایەن دۆکترینگەلێکەوە بەڕێوەدەبرێن کە ڕەخنە ڕەتدەکەنەوە و ددان بە پێگەی یەکسانی مرۆڤەکاندا نانێن.

بەڵام دەبێت جیاوازییەکی بنەڕەتی بە ڕوونی بمێنێتەوە: جەنگی دەستدرێژیکارانە و بەرگری لە دژی ئەو دەستدرێژییە نە لە ڕووی ئەخلاقی و نە لە ڕووی هۆکارییەوە هاوشێوە نین. ڕەنگە کۆمەڵگەیەکی کراوە ناچار بێت شەڕ بکات بۆ پاراستنی ئەو مەرجانەی کە ڕەخنەی ئاشتیخوازانە دەکەنە شتێکی گونجاو. هەر تیۆرییەک کە هەموو کردارێکی بەرگریی سەربازی وەکوو بەڵگەیەکی هاوتای داخرانی سیاسی سەیر بکات، لە ڕووی ئەخلاقییەوە نابەرپرسانەیە و لە ڕووی ڕوونکردنەوەییشەوە بێهێزە.

دوای ١٩٤٥: نموونەی پێچەوانە کە دەبێت ڕوونی بکەینەوە

ئەزموونی ئەورووپای ڕۆژئاوا لە قۆناغی دوای جەنگدا یەکێکە لە بەهێزترین بەربەستەکان لە بەردەم خوێندنەوەیەکی ڕەشبینانە و حەتمی بۆ سەدەکانی پێشوو؛ چونکە دوژمنەکانی پێشوو میکانیزمی بەهێزیان بۆ هاوکاریی ئابووری، دانوستانی سیاسی، خۆگرتنەوەی دەستووری و یاسا هاوبەشەکان پەرەپێدا. ئەم دامەزراوانە ناکۆکییەکانیان نەسڕییەوە، بەڵکو ئەو ئامرازانەیان گۆڕی کە دەکرا زۆرێک لە ململانێکانیان پێ بەڕێوەببرێت. سەرکەوتنی ئەوان بەشێکی دانەبڕاوە لە پارادۆکسەکە، نەک پەراوێزێکی لاوەکیی ناڕەحەتکەر.بۆچی هەندێک لە دەوڵەتان زیاتر توانییان ململانێی سیاسی چارەسەر بکەن بێ ئەوەی پەنا بۆ جەنگ ببەن؟ بێگومان پشتبەستنی ئابووریی هاوبەش، لێپرسینەوەی دیموکراسی، گەرەنتییە ئەمنییەکان، هێزی سەربازیی ئەمەریکا، یادەوەریی کارەساتەکانی پێشوو و دانوستانی دامەزراوەیی بەشداریپێکراو لەمەدا کرد. گرینەکەم تەنها کاتێک پێگەی خۆی بەدەست دەهێنێت کە بتوانێت ئەو ڕۆڵە زیادەیە دیاری بکات کە نەریتەکانی ڕەخنە و ئەگەری پێداچوونەوە بە بڕیارە سیاسییەکان گێڕاویانە. ئاشتی سەختترین تاقیکردنەوەیە بۆ تیۆرییەک کە باسی جەنگ دەکات.

ئۆکراینا: بەردەوامیی زۆرەملێی خاکی

داگیرکاریی بەرفراوانی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا لە ساڵی ٢٠٢٢ دەریخست کە گەشەسەندنی زانستی و تەکنەلۆژی، یاسای نێودەوڵەتی و بوونی دامەزراوە دیپلۆماسییەکان خۆبەخۆ ڕێگری لە دەستدرێژیی خاکی ناکەن. ڕوونکردنەوەی پەیوەندیدار دەبێت ئامانج و باوەڕەکانی ڕووسیا، فاعلییەتی سیاسیی سەربەخۆی ئۆکراینا، لێکدانەوە ستراتیژییەکان و شکستی هێزی بەرپەرچدانەوە یان ڕێککەوتنە دووبارە دابڕێژێتەوە؛ و نابێت ڕاستیی داگیرکارییەکە تێکەڵ بکات بە بێئاناکردنی هەموو هەوڵە دیپلۆماسییەکان.پرسیارە بنەڕەتییەکە بۆ گریمانەکەم ئەوەیە کە ئایا سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی لەوێ پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانەی بە پێشینە، ئامانج و تێچووەکانی کردووەتە کارێکی یەکجار سەخت یان نا. ئەمە ئەگەرێکی جدییە، بەڵام ناتوانێت جێگەی بەڵگەی بەرجەستە بگرێتەوە. هەروەها دەبێت بەرگریی ئۆکرایناش وەکوو بەرگری لە دژی دەستدرێژی شی بکرێتەوە، نەک وەک دەربڕینێکی ئاڵۆگۆڕکراوی دیکەی میلیتاریزمی ئەورووپی.

حاڵەتی مایکرۆ: پێشنیازێک بۆ دابەشکردنی فەرەنسا

مەترسیی ئەوە هەیە کە ئەم جۆرە گێڕانەوە میژوورییە درێژە لە پراکتیزە هزرییەکانی سیاسەتی ڕۆژانە دابڕێت. ناکۆکییەکی بچووک و مایکرۆ دەتوانێت ڕوونکردنەوەیەکی سادە بۆ ئەمە پێشکەش بکات.

ناکۆکیی من لەگەڵ دانیال کلارک-سێرێت لەسەر پێشنیازی دابەشکردنی فەرەنسا مۆدێلێکی بچووک دەخاتە ڕوو بۆ جیاکردنەوەی کێشەکە لە چارەسەرەکە. دانیال نیگەرانیی لەبارەی بزووتنەوە ئایینی-سیاسییە زۆرەملێیەکان و ئازادیی تاک دەستنیشان کرد و چارەسەرێکی پێشنیاز کرد کە لە جیابوونەوەی خاکیدا خۆی دەبینییەوە. لە لای خۆمەوە، پرسیارم کرد ئایا کێشانی سنوور دەتوانێت ئەو میکانیزمە دامەزراوەیی و ئایدیۆلۆژیانە چارەسەر بکات و ڕێکخستنێکی لەو شێوەیە چ مانایەکی دەبێت بۆ ئەو نەیارانەی کە ئەو ناسنامە سەپێنراوانە ڕەتدەکەنەوە؟ پێشنیازەکەی ئەو سەرنج و گریمانەیەکە و پەسەندکردنی چاکسازیی دامەزراوەیی لەلایەن منیشەوە هەر گریمانەیەکە و هەردووکیشیان دەبێت ڕوونی بکەنەوە کە چۆن میکانیزمەکانیان کاردەکەن و دەتوانن لە بەردەم ڕەخنەدا خۆیان ڕابگرن.ئەم کەیسە تەنها لەبەر ئەوە لێرەدا گرنگە چونکە دەری دەخات کە چۆن چارەسەری پێشنیارکراو دەتوانێت بە خێرایی بەسەر تەواوی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەدا زاڵ بێت. ئەمە ڕوونکردنەوەیەک نییە بۆ پێنج سەدە لە شەڕەکانی ئەورووپا، و ڕەوایەتیش نادات بەوەی مامەڵە لەگەڵ گەلێکدا بکرێت وەکوو ئەوەی بەرجەستەکەری هەمیشەیی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بێت. وانەکە لێرەدا بەرتەسکتر و بەسوودترە: بە دڵسۆزی بۆ کێشەکە بمێنەرەوە و هەموو چارەسەرێک ناچار بکە « بە چارەسەرەکەی خۆتەوە « کە بە شایستەیی و ماندووبوون دەسەڵات و شەرعییەتی خۆی بەدەست بهێنێت.

ئەوەی کوردستان لەبارەی ڕاستکردنەوەی سیاسییەوە فێری کردم

لێکۆڵینەوەکانم لەسەر شاڵاوەکانی ئەنفال و کارکردنم لە بواری فاعلییەتی سیاسیی کورد وایان لێکردم بەردەوام ڕووبەڕووی ئەو کەلێنە ببمەوە کە لە نێوان هەبوونی زانیاری و هەبوونی دەسەڵات بۆ مامەڵەکردن لەسەر بنەمای ئەو زانیارییەدا هەیە. دەوڵەت دەتوانێت توانای کارگێڕی و تەکنیکیی گەورە کۆبکاتەوە لە کاتێکدا بڕیارە چارەنووسسازەکان لەو کەسانە دابڕێت کە باجەکەی دەدەن. هەروەها ڕێککخستنە سیاسییەکان دەتوانن ئەو پرسیارانە قەدەغە بکەن کە ڕێگە بە گەل دەدرێت لەسەر داهاتووی خۆی بیانپرسێت.لەگەڵ ئەوەشدا، خۆبەڕێوەبەریی کوردی یان سەربەخۆیی بە تەنیا کێشەی هەڵەی سیاسی چارەسەر ناکات؛ چونکە نیشتمانی سیاسی دەبێت لەبەردەم ڕەخنەی دانیشتووانەکەیدا بەرەی سیاسی دەتوانێت بانگەشەی سەلماندنی ڕاستی بۆچوونەکەی بکات لەو ئابڕووچوونەدا؟ بەڵکو ئەوەیە: چۆن دەکرێت دامەزراوەیەک چەندین پارچە زانیاریی هەبێت، هۆشداریی بەردەوامی پێبگات، کەچی هێشتاش لە پاراستنی منداڵێکدا دەستەپاچە بێت؟ ئەگەر لێکۆڵینەوەیەک نەتوانێت بەدوای بەڵگەکاندا بڕوات لەبەر ئەوەی ئەنجامەکەی ڕەنگە بەرپرسەکانی شەرمەزار بکات، ئەوا دامەزراوەکە ڕوونکردنەوەکەی خۆی خستووەتە پێش پاراستنی ئەو کەسەی کە لە بنەڕەتدا بۆ پاراستنی ئەو دروست بووە.بۆ سەرنج بدەینە سوید، ئەو وڵاتەی کە ژیانی هزریی منی داڕشت؛ من لەوێ خوێندم و ڕووبەڕووی ئەو دامەزراوانە بوومەوە کە پرسیارکردنیان لەسەر بیرۆکە بۆماوەییەکان کردە شتێکی گونجاو. نەریتەکانی سوید لە کارگێڕیی گشتی، متمانە و چاودێریی فەرمیدا دەستکەوتی ڕاستەقینەن. ئەمەش بە دیاریکراوی ئەوەیە کە وا دەکات ئەزموونەکەی لەگەڵ تۆندوتیژیی تاوانی ڕێکخراودا شایەنی ڕوونکردنەوەیەکی جددی بێت لە جیاتی نمایشی حیزبی.تۆڕە تاوانکارییەکان لە سوید بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە؛ توێژینەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی سوید بۆ ڕێگریکردن لە تاوان باس لە گۆڕانکاری دەکەن لە ڕێکخراوە تاوانکارییە هەرەمییەکانەوە بەرەو تۆڕی پارچەپارچەبوو، گۆڕانکاری لە پاڵنەرەکانی بازاڕی ماددە هۆشبەرەکان و زیادبوونی بەکارهێنانی هەرزەکاران بۆ ئەنجامدانی تەقەکردن. میکانیزمەکان گۆڕاون و دەبوو هەر وەڵامدانەوەیەکی گونجاو لەگەڵیاندا بگۆڕێت. تەمبەڵی هزرییە کە بڕیار بدەین تەنها کۆچبەری ئەم گۆڕانکارییە ڕوون دەکاتەوە و بە هەمان ئەندازەش تەمبەڵی هزرییە کە سیاسەتەکانی کۆچبەری و تێکەڵاوبوون لە بازنەی لێکۆڵینەوە دوور بخرێنەوە تەنها لەبەر ئەوەی پشکنینیان دەبێتە هۆی ناکۆکیی سیاسیی توند. نیشتەجێبوون، پەروەردە، جیاکردنەوەی شوێن، بازاڕی ماددە هۆشبەرەکان، کاری پۆلیس، پاڵنەرەکانی ڕاکێشانی ئەندام و توانای دەزگاکان بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری، هەموویان میکانیزمی جیاوازی ئەگەرییەن؛ و کاریگەرییەکانیان دەبێت بە بەڵگە بسەلمێنرێت نەک لە پێشوەختەوە فەرز بکرێت.لێرەدا سوید پارادۆکسێکی چاوەڕواننەکراو پێشکەش دەکات: لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١، فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانیی سکاندیناڤیا لە کاتی نیشتنەوەیەکی لەناکاو لە گۆتەرۆرا تێکشکا و سەرجەم ١٢٩ سەرنشینەکەی ڕزگاریان بوو. لێکۆڵەرانی ڕووداوە سویدییەکان ڕووداوەکەیان پشکنی و دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی سوید ئەرکی گشتیی خۆی لە سێ پرسیاردا دیاری دەکات: چی ڕوویدا؟ بۆچی ڕوویدا؟ چۆن دەتوانرێت ڕێگری لە ڕووداوی هاوشێوە بکرێت؟ ئەوان بەدوای هۆکارەکاندا دەگەڕێن و پێشنیاز بۆ باشترکردن دەخەنە ڕوو، بەبێ ئەوەی خۆیان ئەرکی دیاریکردنی بەرپرسیارێتیی تاوانیی تاکەکەسی لە ئەستۆ بگرن.تەصەور بکە ئەگەر ئەو جددییەتە هزرییەی لەو سێ پرسیارەدا هەیە بگوێزرێتەوە بۆ ژیانی سیاسی: حکوومەتەکان چاوەڕوان بوون بڕیارەکانیان چی بەدەست بهێنێت؟ چ بەڵگەیەک پشتیوانی لەو پێشبینییانە دەکرد؟ چ هۆشداریپێک لەبەردەستدا بوو؟ کاتێک ئەنجامەکان لە پلانەکان لایاندا، شارەوانییەکان و دەزگاکان چ ڕاپۆرتێکیان بەرزکردەوە؟ چ گریمانەیەک پێداچوونەوەی پێدا کرا و چ گریمانەیەک بەرگری لێکرا تەنانەت زۆر دوای ئەوەی کە گومانکردن لێی بووبووە شتێکی لۆژیکی؟ئەمە بەو مانایە نییە کە لە سوید لێکۆڵینەوە بوونی نییە؛ لە ساڵی ٢٠١٧دا، دیوانی چاودێریی دارایی نیشتمانیی سوید هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی لەسەر ٢٦ پڕۆژەیاسای پەیوەست بە سیاسەتی کۆچبەری لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٥ پشکنی. دەرکەوت تەنها ژمارەیەکی کەم لەوانە بە شێوەیەکی پێویست مەرجەکانی پێویستیان جێبەجێ کردبوو و زیاتر لە نیوەیان باسی کاریگەرییە ئەگەرییەکانی سەر شارەوانییەکانی تێدا نەبوو. هەروەها پشکنینەکە ئامارژەی بەوە کردبوو کە گریمانەکان، ژمارندنەکان، مەترسییەکان و گومانەکان زۆرجار بە شێوەیەکی ناتەواو خراونەتە ڕوو. کەواتە، دۆزینەوەکە لە نەبوونی ڕەخنەدا نییە، بەڵکو لە بوونیدایە، کە دواتر ئەم پرسیارە گرنگەی بەدوادا دێت: لەسەر ئەو بنەمایە چی گۆڕا؟ کاتێک هۆشدارییەکان تۆمار دەکرێن، کێ دەبێت وەڵام بداتەوە؟ کاتێک پێشبینییەکان شکستیان هێنا، کێ پێداچوونەوە بە میکانیزمەکەدا دەکات؟ و کاتێک بەرپرسیارێتی لە نێوان وەزارەتەکان، حکومەتەکان و شارەوانییەکاندا پەرت دەبێت، کێ لەنوێ تەواوی ئەم زنجیرەیە دادەڕێژێتەوە؟چواندنی ڕووداوی فڕۆکەکە سنووری خۆی هەیە؛ چونکە ڕووداو بە کاتێکی دیاریکراو سنووردارە، لە کاتێکدا سیاسەتی کۆمەڵایەتی وا نییە؛ چونکە ئامانجی ناکۆک، زنجیرەی هۆکاریی نادیار، هەڵسوکەوتی گۆڕاو، و ناکۆکی لەسەر پێوەرەکانی سەرکەوتنی تێدایە. ئەو لێژنە سیاسییەی کە کارەکەی بە دیاریکردنی تاوانبارێکی پێشوەختە دەست پێدەکات، هەمان ئەو هەڵەیە دووبارە دەکاتەوە کە بۆ لێکۆڵینەوە لێی دروست بووە. ئەرکەکە بریتییە لە شوێنپێهەڵگرتنی بڕیارەکان و دەرئەنجامەکانیان لە نێوان پارتەکان و دامەزراوەکاندا، دۆزینەوەی سەرکەوتن و شکستەکان پێکەوە، و ئامادەیی هەمیشەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەنجامانەی کە لەوانەیە گریمانەکانی خودی لێکۆڵەرەکان تێکبدەن.هەروەها سوید چاکسازییەکیش پێشکەش دەکات بۆ ئەو گێڕانەوە ئاسانەی کە باس لە پاشەکشەی حەتمی و چارەنووسساز دەکات؛ چونکە ئامارە فەرمییەکان دەریدەخەن کە حاڵەتە تۆمارکراوەکانی تۆندوتیژی کوشندە لە ساڵی ٢٠٢٥دا بۆ ٨٤ حاڵەت دابەزیوە، لەوانە ٤٢ حاڵەتیان بە چەکی ئاگرین ئەنجام دراون. ئەمە کێشەی ڕاکێشانی تاوانکاری یان تۆندوتیژی ناسڕێتەوە و یەک ژمارەی ساڵانەش دیاری ناکات کام سیاسەت بە کردەیی سەرکەوتوو بووە؛ بەڵام وا لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی جدی دەکات کە لە باشتربوونیش بە هەمان وردیی لێکۆڵینەوە لە خراپبوون بکۆڵێتەوە. فەرەنسا، بەریتانیا و سوید دۆخی هاوشێوە نین؛ ئاژاوەکانی فەرەنسا، ئابڕووچوونی ئیستغلالی سێکسیی منداڵان لە بەریتانیا و تۆڕە تاوانکارییەکانی سوید لە ڕووی لایەنەکانی تاوانەکە، قوربانییەکان، دامەزراوەکان و چوارچێوەی هۆکارییەوە جیاوازن. ئەو گریمانە هاوبەشەی هەیە بەرتەسکتر و توندترە: لە هەریەک لەم ژینگانەدا، ڕوونکردنەوە سیاسی یان دامەزراوەییەکان دەتوانن ببنە ڕێگر لە بەردەم فێربوندا کاتێک پاراستنیان لە پێش بەڵگە و ڕاستکردنەوە دادەنرێت.

بەربەستی پاشەکشە

جەنگە میژووییەکان و شکستە هاوچەرخەکان ئاماژە بە ڕەهەندێکی دیکەی فێربوونی سیاسی دەکەن: ئەویش کاتی بەردەستە بۆ ڕاستکردنەوە.ناڕێکی و ناهاوسەنگییەکی دیکەش هەیە: هەندێک هەڵە دەکرێت بە تێچوویەکی کەم ڕاست بکرێنەوە، لە کاتێکدا هەڵەکانی تر دەرئەنجامی ماددیی بەرجەستە پەیدا دەکەن پێش ئەوەی ڕەخنە بتوانێت ڕایانبگرێت و پێشیان پێ بگرێت. بانگەشەیەکی زانستیی هەڵە لە دەفتەرێکدا دەکرێت بە ئاسانی بسڕدرێتەوە؛ بەڵام سیاسەتێکی شکستخواردوو ڕەنگە ساڵانێکی زۆری بوێت بۆ پاشگەزبوونەوە لێی؛ و جەنگ ڕەنگە کشانەوە لێی بە شێوەیەکی بەرگەنەگیراو گران بکات؛ و مووشەکێک کە هەڵدرا بوار بۆ پێداچوونەوە ناهێڵێتەوە. من ناوی بەربەستی پاشەکشە لەو خاڵە هەستیارە دەنێم کە تێیدا توانای هەڵەکە بۆ بەرهەمهێنانی دەرئەنجامە بێگەڕانەوەکان، پێش توانای دامەزراوەکان دەکەوێت بۆ بینین و ڕاگرتنی. ئەمە یاساپەکی ژمارەیی نییە تا ئێستا، بەڵکو جیاکارییەکی دەستنیشانکاریی پێشنیارکراوە کە پەیوەستە بە خێرایی، قەبارە، سەربەخۆیی، ناڕوونی، و نەگەڕانەوە. پەیوەندیی ئەمە بە پارادۆکسی ئەورووپییەوە لەوەدایە کە مەعریفە دەکرێت جێبەجێکردنی بڕیارە سیاسییەکان خێراتر بکات بێ ئەوەی لە بەرامبەردا میکانیزمەکانی ڕاستکردنەوەیان خێراتر بکات.پرسیارە گرنگەکە ئەوە نییە چۆن هەموو هەڵە سیاسییەکان بە تەواوی لەناو ببەین، بەڵکو ئەوەیە چۆن ڕێگری لەوە بکەین کە هەڵەکان پێش ئەوەی کەسێک بتوانێت ڕاستیان بکاتەوە ببنە شتێکی حەتمی و بێگەڕانەوە.

چی هەڵەبوونم دەسەلمێنێت؟

ئامادەم «گریمانەی ڕۆشنگەریی ناهاوسەنگ» لاواز بکەم یان دەستبەردارییبم ئەگەر بەڵگە بەراوردکارییەکان دەری بخەن کە دەستگەیشتنی دامەزراوەکان بە ڕەخنە کاریگەرییەکی سەربەخۆی ئەوتۆی لەسەر مانەوەی هەڵە سیاسییە گەورەکان یان ڕاستکردنەوەیان نییە دوای لەبەرچاوگرتنی ئاسایش، سەرچاوەکان، پاڵنەرەکان و کۆتوبەندە نێودەوڵەتییەکان. ئەگەر ئەو سیستەمانەی زۆر لەبەردەم ڕەخنەکراوەن، ململانێی دووركەوتەوەیان بە هەمان ڕێژە و میکانیزمی ئەو سیستەمانە پەرەپێدابێت کە ڕەخنە سەرکوت دەکەن، ئەوا پێداچوونەوەی پێدا دەکەم. هەروەها ئەگەر ڕێککەوتنە سەرکەوتووەکان لە بنەڕەتدا پشتیان بە هاوسەنگیی زۆرەملێ و جێبەجێکردنی جێی متمانە بەستبێت نەک فێربوونی دامەزراوەیی، دیسان پێداچوونەوەی پێدا دەکەم. نموونەی پێچەوانەی هەرە گرنگ بریتی دەبێت لە بوونی مۆدێلێکی بەردەوام کە تێیدا سیستەمە سیاسییە خاوەن کەناڵە کراوە و کاریگەرەکانی ڕەخنە، سوور بن لەسەر هەڵەی دوورکەوتەوە بە هەمان خێرایی و شێوازی ئەو سیستەمانەی کە بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕاستکردنەوە سەرکوت دەکەن.

گۆڕانی ئاووهەوا دەگاتە نان

بەرزبوونەوەی ئاستی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن پرۆتینی گەنم دەگۆڕێت



کاریگەریی گۆڕانی ئاووهەوا تەنیا بە پری بەرهەمی بەروبووم لە کێڵگەکاندا سنووردار نییە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ پێکهاتەی دانەوێڵە و کوالیتی ئەو بەرهەمانەی کە دەگەنە سەر سفرەی بەکاربەران.

تاقیکردنەوەیەکی مەیدانی ئەڵمانی کەمبوونەوەی نزیکەی 5% لە کۆی ڕێژەی پرۆتین و نزیکەی 19% لە کۆمەڵێک پرۆتینی گلوتیندا بەدیکرد، شانبەشانی کەمبوونەوەی نزیکەی 4% لە قەبارەی نان، سەرەڕای ئەوەش، گۆڕانکاری لە پرۆتینەکانی پەیوەست بە هەستەوەرییەکان دیارکران، هەرچەندە کاریگەرییە تەندروستییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە هێشتا دیاری نەکراون. لەوەش گرنگتر، توێژەران گۆڕانکارییان لە پرۆتینەکانی دیکەدا بەدیکردووە کە پەیوەندییان بە هەستەوەری گەنمەوە هەیە، بەڵام ئەوان پشکنینیان نەکردووە کە ئایا ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان لەسەر ئەو نیشانانە هەیە کە ئەو کەسانەی کە هەستەوەری گەنمن یان نەخۆشی سیلیاکیان.

توێژینەوەکە لە گۆڤاری *Food Chemistry* بڵاوکراوەتەوە، کاریگەری بەرزبوونەوەی ئاستی دووەمی ئۆکسیدی کاربۆن لەسەر پرۆتینەکانی گەنمی زستانە و تایبەتمەندیەکانی نانکردن دەکۆڵێتەوە، تیشک دەخاتە سەر ئاڵنگاری زیادە بۆ ئاسایشی خۆراک لە جیهانێکدا کە چڕیی دووەمی ئۆکسیدی کاربۆن بەردەوام زیاد دەکات.

چۆن دەتوانین بەرهەمهێنانی گەنم بپارێزین لە هەمانکاتدا دڵنیابین لە کوالیتی پرۆتینەکان و تایبەتمەندییە تایبەتەکانی پێویست بۆ دروستکردنی نان؟

تیمێکی توێژینەوە بە سەرۆکایەتی سابرینا گەیستلیتز، توێژەر لە پەیمانگای لایبنیز بۆ بایۆلۆجی سیستەمی خۆراک لە زانکۆی تەکنیکی میونشن، پشکنینیان کرد کە چۆن 10 جۆری گەنمی زستانە وەڵامی بەرزبوونەوەی چڕی دووەمی ئۆکسیدی کاربۆن (CO_2) دەدەنەوە.

جۆرەکان لە دەرەوە لە نزیک شارۆچکەی ڕینباخی ئەڵمانیا لە وەرزی گەشەکردنی ساڵی 2023دا گەشەیان کردووە. توێژەران سیستەمێکیان بەکارهێناوە بۆ دەردانی CO_2 لەسەر بەشێکی کێڵگەکەدا، لەکاتێکدا ڕووەکەکانی بەشێکی دیکە لە ژێر بارودۆخی بەرگەهەوای دەوروبەردا گەشەیان کردووە.

ئامانج لێی هاوشێوەکردنی چڕیی CO_2 بوو کە لە ئاستەکانی پێشبینیکراو بۆ ناوەڕاستی ئەم سەدەیە نزیک بێتەوە، و پاشان بەراوردکردنی پێکهاتەی دانەوێڵەکان و کوالیتی ئەو ئاردەی لێیانەوە بەرهەم دەهێنرێت.

ئەنجامەکان دەریانخست کە ئەو گەنمەی کە لە ژێر بارودۆخی بەرزی CO_2 گەشە دەکات، بە تێکڕا نزیکەی 5% پرۆتینی کەمتری تێدایە، دابەزینەکە زیاتر لەناو گروپێکی دیاریکراودا دەرکەوت کە 21 پرۆتینی گلوتینیان تێدابوو، کە کەمبوونەوەی کۆی گشتی نزیکەی 19%ی بەخۆیەوە بینی.

جیاوازییەکان تەنیا لە شیکاری کیمیایی دانەوێڵەکاندا سنووردار نەبوون، بەڵکو کاتێک توێژەران ئەو ئاردەیان لە تاقیکردنەوەکانی نانکردندا بەکارهێنا، ئەو نانە دروستکراوە نزیکەی 4% بچووکتر بوون لەوانەی لە ئاردی وەرگیراو لە گەنم کە لە ژێر بارودۆخی بەرگەهەوای دەوروبەردا گەشەیان کردووە.

گلوتین پێویستە بۆ توانای هەویرەکە بۆ دروستکردنی تۆڕێکی لاستیکی کە ئەو گازانە دەگرێت کە لە کاتی تەخمیرکردندا بەرهەم دەهێنرێن، ئەمەش یارمەتی بەرزبوونەوەی نانەکە دەدات و پێکهاتەی ناوەوەی پەرەپێبدات، لە ئەنجامدا گۆڕانکاری لە بڕی و پێکهاتەی پرۆتینەکانی گلوتین دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەردوو کارایی هەویرەکە و تایبەتمەندییەکانی نانی تەواو هەبێت.

بەڵام ئەم ئەنجامە بەو مانایە نییە کە هەموو جۆرە نانێک لە داهاتوودا بچووکتر دەبێتەوە، دۆزینەوەکان تایبەتن بە جۆرەکانی گەنم و بارودۆخی تاقیکاری کە بەکارهێنراون، جگە لەوەش کوالیتی نان لە ژێر کاریگەری چەند هۆکارێکی تردایە، لەوانە تایبەتمەندی ئاردەکە، پرۆسەی شێلان، تەخمیرکردن و شێوازی نانکردن.

هەروەها پرۆتینەکانی پەیوەست بە هەستیاری زیاد دەبن

گۆڕانکارییەکان تەنها لە پرۆتینەکانی گلوتیندا سنووردار نەبوون. توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە تێکڕای چڕیی ڕێگریکەرانی ئامیلاز تریپسین کە بە ATIs ناسراوە بە نزیکەی 6% زیادی کردووە لە گەنمێکدا کە بەرکەوتەی چڕیی بەرزی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بووە.

ئەم پرۆتینانە بە شێوەیەکی سروشتی لە گەنمدا هەن و هەندێک جۆریش دەتوانن کاردانەوە لە کەسانی تووشبوو بە حەساسیەتی گەنمدا دروست بکەن، هەروەها پەیوەندییە ئەگەرییەکانیان بە هەستیاری گەنمی نا سیلیاکیەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بەڵام کاریگەرییە تەندروستییەکان بەپێی بارودۆخی تایبەت و پرۆتینی تایبەتی بەشداربوو دەگۆڕێت ناتوانرێت ئەنجامەکان بە تەنیا لەسەر بنەمای ئاستی چڕبوونەوە دەربچن.

چڕیی یەک پرۆتینی چالاک لەناو ئەم گروپەدا بە ڕێژەی نزیکەی 15% بەرزبوونەتەوە، و نۆ لە کۆی دە جۆری گەنم کە تاقیکراونەتەوە زیادبوونی ڕێگریکەرانی ئامیلاز تریپسینیان نیشانداوە کاتێک لە ژێر بارودۆخی بەرزبوونەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن گەشە یان کردووە.



گۆڕینی قەسەڵی گەنم بۆ زێڕی ڕەش



توێژینەوەیەکی زانستی ئاشکرایکردووە کە دەستکاریکردنی خەڵووزی بایلۆژی کە لە قەسەڵی گەنم بەرهەمدەهێنرێت بە ئاوێتەکانی مەنگەنیز دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ڕاگرتنی نایترۆجین لە خاکی کشتوکاڵیدا، ئەمەش بە پێشخستنی ڕێڕەوێکی میکرۆبی ڕوودەدات کە نیترات دەگۆڕێت بۆ ئەمۆنیۆم، لە هەمانکاتدا دەردانی ئۆکسیدی نایترۆجین کەمدەکاتەوە کە گازی گەرم بەخشی بەهێزە.

توێژینەوە تاقیگەییەکان دەریانخستووە کە خەڵووزی بایۆلۆژی بارکراو بە مەنگەنیز ڕێژەی کەمبوونەوەی نیترات بۆ ئەمۆنیۆم بە ڕێژەی نزیکەی 2.9 هێندە زیاد دەکات بە بەراورد بە خاکی چارەسەرنەکراو، جگە لەوەش کەڵەکەبووی دەردانی ئۆکسیدی نایترۆجین بۆ 1.9 میلیگرام نایترۆجین بۆ هەر کیلۆگرامێک خاکی وشک دابەزیوە، بە بەراورد بە خاکی چارەسەرنەکراودا کە 17.6 میلیگرام نایترۆجین دەبێت.

توێژینەوەکە لە گۆڤاری *Biochar* بڵاوکراوەتەوە، تیشکی خستۆتە سەر بەرزکردنەوەی توانای گواستنەوەی ئەلکترۆنەکانی خەڵووزی بایلۆژی، ئەمەش پشتگیری لە چالاکیی وردە زیندەوەران دەکات کە بەرپرسن لە ڕاگرتنی نایترۆجین، ڕێگری دەکات لە لەدەستدانی بە شێوەی گازەکاندا.

ئەم دۆزینەوانە گرنگن چونکە نایترۆجین توخمێکی بنەڕەتییە بۆ گەشەی ڕووەکەکان و پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە دروستبوونی پرۆتین و کلۆرۆفیل، بەڵام زۆرجار ئەگەری هەیە بەشێکی لە خاکەوە لەدەست بچێت لە ڕێگەی گۆڕینی میکرۆبی یان شلکردنەوەوە، لەنێو ئەم گۆڕانکاریانەدا نایتریفیکاسیۆن هەیە، کە پرۆسەیەکە دەتوانێت ئۆکسیدی نایترۆجین یان گازی نایترۆجین بەرهەمبهێنێت، بەمەش بڕی نایترۆجینی بەردەست بۆ ڕووەکەکان کەمدەکاتەوە و بەشدارە لە دەردانی کشتوکاڵی.

ڕێڕەوێکی میکرۆبی کە یارمەتی ڕاگرتنی نایترۆجین دەدات

توێژەران سەرنجیان خستە سەر پرۆسەیەک کە بە «کەمکردنەوەی نیتراتی جیاکەرەوە بۆ ئەمۆنیۆم» (DNRA) ناسراوە ڕێڕەوێکی میکرۆبی کە نیترات دەگۆڕێت بۆ ئەمۆنیۆم، جۆرێکە لە نایترۆجین کە کەمتر جوواڵاوە لە خاکدا و بە ئاسانی دەچەسپێت.

چۆن خەڵووزی بایلۆژی دەستکاری کرا؟

توێژەران خەڵووزی بایلۆژییان لە قەسەڵی گەنمەوە بەرهەم هێنا لە ڕێگەی شیبوونەوەی گەرمی (پیرۆلیسیس) لە پلەی گەرمی 400 پلەی سەدی لە ژینگەیەکی نایترۆجیندا، پاشان بە پێکهاتەی مەنگەنیز بارگاوییان کرد کە خاوەنی چالاکیی ڕیدۆکس (کەمکردنەوەی ئۆکساندن) بوو بۆ دروستکردنی مادەیەک کە ناویان لێنا خەڵووزی بایلۆژی بارگاویکراوی مەنگەنیز (MnBC).

چەمکی بنەڕەتی ئەوەیە کە مەنگەنیز دەتوانێت لە نێوان بارە جیاوازەکانی ئۆکساندندا بگوازرێتەوە، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەتوانێت بەشداری لە گواستنەوەی ئەلکترۆنەکاندا بکات.

چۆن وڵاتێکی قەبارە بچووک بووە دووەم گەورەترین هەناردەکاری خۆراک لە جیهاندا؟

چیرۆکی هۆڵەندا کە برسێتی تەنگی پێهەڵچنیبوو



لە زستانی ساڵی 1944دا هۆڵەندا بە هۆی سەرهەڵدانی برسێتی خەریکی مردن بوو. داگیرکارە نازییەکان وەک سزایەک بۆ مانگرتنی کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەر، پێداویستی خۆراکیان بڕی، خەڵک ناچار بوون پیازەی گوڵ بخۆن تەنها بۆ ئەوەی بژین، زیاتر لە 20 هەزار کەس بەهۆی برسێتییەوە لەناوچوون، ئەو ڕووداوە دواتر بە «زستانی برسێتی» ناسرا، لە قووڵایی ئەم برسێتییەوە ئیرادەیەکی هۆڵەندی لەدایک بوو و دروشمێکیان بەرزکردەوە کە ئەمە بوو «ئێمە جارێکی تر هەرگیز برسی نابین.»

بەم شێوەیە گەورەترین گۆڕانکاری کشتوکاڵی لە میژووی نوێی ئەم وڵاتە دەستی پێکرد، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1 - ئیرادەی سیاسی: کشتوکاڵ تەنها بۆ جووتیاران نییە، بەڵکو بابەتی ئاسایشی نیشتمانییە.

شۆڕشەکە لەلایەن وەزیرێکی ئەفسانەیی کشتوکاڵ، کە ناوی (سیکۆ مانشۆڵت) بوو سەرکردایەتی کرا، ئەو دیدگایەکی خستەڕوو کە هەموو شتێکی گۆڕی، کشتوکاڵ دەبێت لە چالاکییەکی نەریتییەوە بگۆڕێت بۆ کەرتێکی پیشەسازی تەواوکەر.

دەوڵەت دەستی کرد بە پاڵپشتیکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییە سەرەکییەکان، هانی کێڵگە بچووکەکانی دا بۆ یەکگرتنەوە بۆ یەکەیەکی گەورەتر و کاراتر و گەرەنتی نرخێکی دادپەروەرانەی بۆ جووتیاران کرد بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی بەرهەمهێنان.

2 - زانست نەک زەوی وەک چەکی نهێن بەکارهات.

هۆڵەندا ڕووبەرەکەی تەنها 41 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە کە نیوەی مەترسی لافاوی لەسەرە و زەوییەکە تارادەیەکی زۆر لە زەلکاو و قوڕ پێکهاتووە، چارەسەری ئەوان؟ بەرزکردنەوەی دروشمی لەبری ئەوەی خاکەکەمان فراوان بکەین، عەقڵمان فراوانتر دەکرد.

ئەوان «سێگۆشەی زێڕین»یان دامەزراند کە بریتیبوو لە هاوکارییەک لە نێوان حکومەت و زانکۆکان و کۆمپانیا کشتوکاڵییەکان.

ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی زانکۆی Wageningen کە ئێستا زانکۆیەکی کشتوکاڵی پێشەنگی جیهانە.

3 - شۆڕشی ڕاستەقینە: چاندنی داپۆشراو و کشتوکاڵی ورد.

ئەمڕۆ هۆڵەندا وەک پێشەنگی جیهانی لە چاندنی داپۆشراودا دێت، تەماتە و خەیار و بیبەر لەناو خانووە شووشەیی داخراوەکاندا دەچێنن، لەڕێگەی زیرەکی دەستکرد و ئینتەرنێتەوە پلەی گەرمی و ڕووناکی و ئاو کۆنترۆڵ دەکەن.

ئەوان 90% کەمتر ئاو بەکاردەهێنن لە چاو کشتوکاڵی ئاسایی، و بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر قرکەر بەکار دەهێنن.

بەرهەمهێنانی یەک کیلۆ تەماتە لە خانووی داپۆشراوی هۆڵەندیدا پێویستی بە 4 لیتر ئاو هەیە، لەکاتێکدا لە شوێنەکانی دیکە پێویستی بە 60 لیتر ئاو دەبێت، ئەمەش بە «کشتوکاڵی ورد» یان «کشتوکاڵی دیجیتاڵی» ناسراوە.

4- دەرئەنجامێکی باوەڕپێنەکراو

وڵاتێک کە ڕووبەری زەویەکەی کەم و سنووردارە، بووەتە:

• دووەم گەورەترین هەناردەکاری بەرهەمە خۆراکییەکان لە جیهاندا، دوای ئەمریکا کە قەبارەکەی 230 هێندەی قەبارە هۆڵەندایە.

• گەورەترین هەناردەکاری تۆو و گوڵ و تەماتە و بیبەرە لە ئەورووپا.

• لە هەر مەتر چوارگۆشەیەکدا 24 کیلۆ تەماتە بەرهەم دەهێنێت، لە کاتێکدا تێکڕای جیهانی تەنها 9 کیلۆ تەماتە بەرهەم دەهێنێت.

نهێنییەکە لە «سیستەمی پۆلدەر Polder Model »دایە، سیستەمێک کە هەموان بە جووتیاران و زاناکان و حکومەت لەسەر یەک مێز دادەنیشن و لە ڕێگەی گفتوگۆوە دەگەنە ڕێککەوتن نەک ملمالانێ.

بە کورتی: هۆڵەندا خاکێکی سەوزی گەشاوە نەبوو کە سروشت بە دیاری بەخشیبێت بە دانیشتوانی ئەم وڵاتە، بەڵکو خاکێکە لە ڕێگەی بەنداو و کەناڵەکانەوە لە دەریاوە وەرگیراوەتەوە، لە ڕێگەی زانست و هاوکارییەوە گۆڕاوە بۆ بەهەشت.



بەرەو کارگەی زەیتوون دەڕۆیت ئەم خاڵانەت لە یاد بێت

ماندووبوونی ساڵێکی تەواو لە چاودێریکردنی دار زەیتوونەکانتدا دەتوانێت بەفیڕۆ بچێت بەهۆی هەڵەی ساده لە کاتی گوشینی زەیتوونەکان.

1. پێشوەختە پەیوەندی بە کارگەی گوشین بکە بۆ ئەوەی چاوەڕوانییەکی زۆر نەکەیت.
2. بە زووترین کات گوشینی بۆ زەیتوونەکانت بکە بە باشترین شێوە دوای ڕنین لە ماوەی 24 کاتژمێردا.
3. گواستنەوەی زەیتوون لەناو سندوقێک کە هەواگۆڕکێی هەبێت و دوور بکەرەوە لە بەکارهێنانی کیسی سەرمۆرکراو.
4. زەیتوونی ڕزیو یان وەریو تێکەڵ مەکە لەگەڵ میوەی تەندروست و کوالیتی بەرز.
5. دڵنیابە لە لابردنی هەموو گەڵا و پاشماوەکان و زەیتوونەکان بە ئاوی پاک بشۆ.
6. پێش دەستپێکردنی پرۆسەی پەستان بزانە کە ئامێرەکانی گوشین پاک و خاوێنە.
7. داوای گوشینی سارد بکە و پرسیار بکە دەربارەی پلەی گەرمی ئامێری شێلان بە باشترین شێوە، پێویستە لە خوار 27 پلەی سەدیەوە بمێنێتەوە.
8. پێش گوشینی بەرهەمەکەت کێشی بکە و دواییش بڕی بەرهەمی کۆتایی زەیتەکەت دووبارە تۆمار بکەوە.
9. بەکارهێنانی دەفری خاوێن و وشک کە تایبەتە بە هەڵگرتنی زەیتی زەیتوون.
10. زەیتەکە لەناو دەفری داخراوی تۆندوتۆڵ و دوور لە ڕووناکی و گەرمی هەڵبگرە.

لە کۆتایدا پێویستە بزانی کە کوالیتی زەیتەکەت نیشاندەری توانا و لێهاتوویتە لە بازاڕەکاندا نەک بڕی زەیتی بەدەستهاتوو.



www.xebat.net
خەبات | سێ شەممە 3ی تشرینی دووەم 2026 ژمارە(7324)

شنایەر
یەکەم ناسناوی ئەم وەرزەی بەدەستهێنا

دیانا شنایەری خانمە تێنسزانی ڕووسی لە پاڵەوانێتی تۆکیۆ تۆپن، سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دوای ئەوەی لە یاریی کۆتاییدا، لە لەیلا فێرناندێزی خانمە تێنسزانی کەنەدی بردەوە و شەشەم ناسناوی لە ژیانی وەرزشیدا بەدەستهێنا و هەروەها یەکەم ناسناوی ئەم وەرزەیتی.

یاریزانە ڕووسییە تەمەن 22 ساڵەکە خۆشحاڵیی خۆی بە بردنەوەکە دەربڕی و بە دەستکەوتێکی گرنگ و کۆتاییەکی خەیاڵیی بۆ وەرزەکەی زانی، هەروەها ئاشکرایکردووە، دەستبەجێ تەلەفۆنی بۆ دایکی کردووە بۆ ئەوەی خۆشییەکەی لەگەڵدا بەش بکات.



سبەی یانەی هەولێر لە جامی کەنداو میوانداریی یانەی کازمیەی کوێتی دەکات



خەبات- سەرهەنگ نەجمەدین

سبەی چوارشەممە کاتژمێر 9:00ی شەو، لەگەڕی سێیەمی یارییەکانی جامی کەنداو، یانەی هەولێر میوانداریی یانەی کازمیەی کوێتی دەکات، هەولێر بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر لوئەی سەڵاح لە ئامادەباشیی تەواودایە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یانەی کازمیەی کوێتی، بەپێی زانیارییەکان، یاریزانانی یانەی هەولێر، ئامادەباشیی خۆیان کردووە بۆ ڕووبەڕبوونەوەی یانە کوێتییەکە، هەروەها لەڕووی پرۆتۆکۆلییشەوە یانەی هەولێر هەموو ئامادەکارییەکی بۆ یارییەکە بەرامبەر ئەو یانە کوێتییە تەواو کردووە و بە تەواوی ئامادەیە بۆ یارییەکە.

ئەم یارییە بۆ هەولێر تەنها زیادکردنی سێ خاڵ نییە، بەڵکو هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی چانسی یانەکە لە گەیشتن بە قۆناغی دواتری پاڵەوانێتییەکە، لە سیستەمی ئەم خولەدا، بەتایبەتی دوو یانەی یەکەمی هەر گرووپێک، لەگەڵ دوو یانەی باشترین پلەی سێیەم، دەگەنە قۆناغی کوارتەر فاینەڵ. شایەنی باسە هەفتەی ڕابردوو یانەی ئیتیفاقی سعوودی، داوای کردبوو کە یارییەکەی لەگەڵ یانەی هەولێر دوابخرێ، بەڵام یانەی هەولێر پێداگر بوو لەسەر بەڕێوەچوونی یارییەکە لە کات و شوێنی خۆیدا، بۆیە داواکەی یانە سعوودییەکە ڕەتکرایەوە ، یانەی ئیتفاقی سعوودی ئامادەی یارییەکە نەبوو، بەپێی بڕیاری فیدراسیۆنی کەنداو، ئەنجامی یارییەکە لەبەرژەوەندی یانەی هەولێر بە 3-0 تۆمارکرا.

مان سیتی هەڕەشەی لێبڕینی 50 خاڵی لێدەکرێت

پێشهاتی نوێ لە دۆسیەی مانچستەر سیتی و پریمەرلیگدا سەریهەڵداوە سەبارەت بە تۆمەتەکانی پێشێلکردنی ڕێسا داراییەکان، پێشبینی دەکرێت لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٧دا بڕیار لەسەر تانەدانی یانەکە بدرێت.

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی Football Insider، سزاکانی ئەگەری بریتین لە لێبڕینی 40-50 خاڵ لە یەک وەرزدا، دابەزین بۆ پاڵەوانێتییەکە و سنووردارکردنی گواستنەوەکان.

ستیفان بێرسۆن، ڕاوێژکاری دارایی پێشووی یانەکە پێی وایە، تێکەڵکردنی سزای گواستنەوەی یاریزانان لەگەڵ لێبڕینی خاڵێکی بەرچاو یان دابەزینی خاڵەکان سزایەکی بێ مانایە.

سیتی بەردەوامە لە ڕەتکردنەوەی هیچ هەڵەیەک، دوای ئەوەی بە 115 تاوان تۆمەتبار کراوە، لەو ژمارەیەش بە سەرپێچی 114 تاوان تاوانبار کراوە، یانەکە چاوەڕێی ئەنجامی تانەکەی دەکات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دۆسیەکە.

دیۆماند دەبێتە جێی متمانەی مۆرینهۆ



یان دیۆماند یاریزانی یانەی ریاڵ مەدرید، بەردەوامە لە چەسپاندنی ناوی خۆی لە کتێبی میژوویی یانەی شاهانە و لە یارییەکەی گەڕی یازدەهەمی لالیگادا بە ئەنجامی 3-0 لە یانەی ڕیسینگ سانتاندێر گۆڵێکی تۆمارکرد.

یاریزانە تەمەن 19 ساڵەکە ژمارەی گۆڵەکانی بۆ سێ گۆڵ لە پاڵەوانێتییەکەدا بەرزکردەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ببێتە یەکێک لە گۆڵکارانی یانەکە پێش ئەوەی لەم سەدەیەدا تەمەنی ببێتە 20 ساڵ، تەنها ئاردا گولەر گۆڵی زیاتری تۆمارکردووە بە 7 گۆڵ، ڤینیسیۆس جونیۆر و گۆنزالۆ هیگواین هەریەکەیان چوار گۆڵیان تۆمارکردووە.

دیۆماندێ ژمارەی پێوانەیی سێرجیۆ ڕامۆسی یەکسانکردەوە و پێش ڕۆدریگۆ کەوت، لە دوایین شەش یاریدا توانیویەتی 4 گۆڵ تۆمار بکات و 4 ئەسیستیشی هەبووە.

یاری باسکە لە کوردستان لە نێوان کەمیی پشتگیری و نەبوونی ژێرخانی وەرزشیدا


■ ڕزگار مەجید:
نەبوونی ژێرخانی وەرزشی بووەتە هۆی لاوازبوونی چالاکییەکان و کەمبوونەوەی دەرفەتی گەشەکردنی یاریزانان



■ عەبدولخالق عەبدولقادر:
بەبێ پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی چالاکییە وەرزشییەکان ناتوانێنبەئامانجەکانیان بگەن



■ حازم کازم:
تێنەگەیشتنی بەرپرسانی وەرزشی یەکێکە لە هۆکارەکانی لاوازیی یاریی باسکە



ڕاپۆرت: سەرهەنگ نەجمەدین

ماوەی چەندین ساڵە، یاریی تۆپی باسکە لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و لەشاری هەولێر بەتایبەتی، نەیتوانیوە ئەو پێگە و گرنگییەی بەدەست بهێنێت کە شایستەی ئەو وەرزشەیە،لە کاتێکدا لە زۆر وڵاتدا یاریی باسکە یەکێکە لە خۆشەویستترین وەرزشەکان و هەزاران گەنج و هەواداران بەشداریی تێدا دەکەن، بەڵام لە کوردستان هێشتا بە شێوەیەکی سنووردار ماوەتەوە و نەبووە بە وەرزشێکی جەماوەری، بۆ ئەم مەبەستە و وەڕگرتنی زانیاری ڕاست و دروست لەبارەی خراپی بارودۆخی یاری تۆپی باسکە، ڕۆژنامەی خەبات لەنزیکەوە چەند کەسایەتیەکەی تایبەت بەیاریی تۆپی باسکە دواند.

سەرەتا ڕزگار مەجید ساڵح، ئەمینداری دارایی یەکێتی تۆپی باسکەی کوردستان، ئامارێی بە کۆمەڵێک کێشە و ئاستەنگ کردووە کە یاریی باسکە و بەگشتی چەندین جۆری وەرزشی لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، لەوانە دواخستنی خول و پاڵەوانێتییەکان، کەمیی پشتگیریی دارایی و نەبوونی ژێرخانی وەرزشی، ئەمانە هەمووی هۆکارێکن کە کۆمەڵێک کێشە و ئاستەنگی بۆ یاریییەکە دروست کردووە.

دووپاتیشیکردەوە، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، یاریییە وەرزشییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە کەمیی گرنگیپێدان بوون، بە جۆرێک کە بەشێکی زۆری خول و پاڵەوانێتییەکان دواخراون یان بەڕێوە نەچوون، هەروەها یانە و یەکێتییە وەرزشییەکان لە ڕووی دارایییەوە پشتگیرییەکی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییە وەرزشییەکان و ڕێکخستنی خول و پاڵەوانێتییەکان بەردەست نەبووە.

بەپێی قسەی ڕزگار مەجید، یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی بەردەم یاریی باسکە، نەبوونی ژێرخانی وەرزشی و هۆڵی تایبەتە بە پێداویستییەکانی ئەم یاریییە، ئەم بارودۆخە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پەرەسەندنی یاریی باسکە هەبووە و بووەتە هۆی لاوازبوونی چالاکییەکان و کەمبوونەوەی دەرفەتی گەشەکردنی یاریزانان.

بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخە دەتوانێت مەترسییەکی جدی بۆ داهاتووی یاریییە وەرزشییەکان دروست بکات، بە تایبەتی ئەگەر گرنگیپێدان و پشتگیریی پێویست بۆ جۆرە جیاوازەکانی وەرزش نەکرێت و سەرنج تەنها لەسەر یاری تۆپی پێ چڕ بکرێتەوە.

ڕوونیشکردەوە، پەرەپێدانی یاریی باسکە پێویستی بە بناغەیەکی بەهێزی ئەکادیمی و پەروەردەیی هەیە، چونکە پێگەیاندنی یاریزان لە تەمەنی منداڵی و لە ناو بنکە و ئەکادیمییە وەرزشییەکانەوە دەست پێ دەکات، ئەگەر لە تەمەنی بچووکییەوە پلانی دروست بۆ دۆزینەوە و پەروەردەکردنی یاریزانان دانەنرێت، دروستکردنی تیمێکی بەهێز و خاوەن ئاستی تەکنیکی بەرز لە داهاتوودا کارێکی دژوار دەبێت، لەگەڵ ئەمانەشدا، پەرەپێدانی یاریی باسکە تەنها بە دروستکردنی یاریزان سنووردار نابێت، بەڵکو پێویستە گرنگی بە گەشەکردنی ڕاهێنەران و ناوبژیوانانیش بدرێت، چونکە ئەم سێ بەشە پێکەوە بناغەی سەرەکیی هەر سیستەمێکی وەرزشیی پێشکەوتوو پێک دەهێنن.

لەلایەکی دیکەوە عەبدولخالق عەبدولقادر گەردی، ڕاهێنەری باسکەی هەڵبژاردەی پێشووی عێراق و سەرۆکی یەکێتی باسکە- لقی هەولێر، لە بارەی دۆخی ئێستای یاری باسکەوە گوتی: هیچ چالاکییەکی وەرزشی بەبێ پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی ناتوانێت بە ئامانجەکانی بگات، لە ڕابردوودا هەوڵی بەردەوام دراوە لەگەڵ یانەکان و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکانی نێو بواری وەرزش بۆ زیندووکردنەوەی یاری باسکە و پێکهێنانی تیمی باسکە لە نێو یانە جیاوازەکان، دووبارەبوونەوەی کێشە داراییەکان و نەبوونی ئیمکانیاتی پێویست، بوونەتە هۆکاری ئەوەی یاری باسکە بەردەوام بەرەو سستی و لەناوچوون بروات.

جەختی کردەوە کە یانەکانی ئاسۆ و ئەکاد و جیهان و سابێس و ئاڕارات، ئەمانە ویستی باشترکردنی ئاستی تیپەکانیان هەیە، بەڵام هەروەك ئاماژەم بۆکرد، نەبوونی پاڵپشتی دارایی و هاوکاری، یانە ئاماژە پێکراوەکانیش ناتوانن وەك پێویست ئامانجەکانیان بهێننە دی.

دواتر حازم کازم، یاریزانی دێرینی باسکەی یانەی ئاسۆ ، سەبارەت بۆ هەمان پرس گوتی: هۆکار زۆرن سەبارەت بەخراپی بارودۆخی یاری تۆپی باسکە، لەوانە تێنەگەیشتنی بەرپرسانی وەرزشی لەیاری باسکە، نەبوونی هۆڵی تایبەت بە یاریی باسکە، ئەمانە و چەندین کێشەی دیکە، بۆتە هۆکارێك لەبەردەم یاریی تۆپی باسکە، کە هەمیشە بەچەقبەستۆیی بمێنێتەوە، ئاماژەی بەوەش کرد کە یەکەمین هەنگاو بریتییە لە دانانی ژێرخانی وەرزشی گونجاو، بە تایبەتی دروستکردنی هۆڵێکی نێودەوڵەتی بۆ بەڕێوەبردنی پێشبڕکێ و یاریییەکان، لە پاڵ ئەوەشدا پێویستە چەند هۆڵێکی دیکە، کە تایبەت بن بە مەشق و ڕاهێنان، لە شاری هەولێر دروست بکرێن، چونکە ئەم هەنگاوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی یانەکان زیاتر ئارەزووی دامەزراندن و پەرەپێدانی بەشی تۆپی باسکە بکەن.

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
salamomer42@gmail.com

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT 4.4.1959
تا ژیان بەردەوام بێ خەبات بەردەوامە
Tue.3 Nov. 2026 No.:(7324)

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرانبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
سەرنووسەر: 07504459940 - 07702969696
بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



د. سالار عوسمان لە سلێمانی سەردانی مۆزەخانەی کولتووریی جەمال نەبەزی کرد


ڕۆژی شەممە ٣١ی ١٠ی ٢٠٢٦، د. سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی ماڵ و مۆزەخانەی کولتووریی جەمال نەبەزی کرد و لەلایەن دەوەن مەعروف، بەڕێوەبەری مۆزەخانەکە و ستافەکەیەوە پێشوازیی لێ کرا.

لە سەردانەکەدا، د. سالار عوسمان بە ڕێزەوە باسی لە بەرهەم، هەوڵ و ماندووبوونە ئەدەبی و کولتوورییەکانی جەمال نەبەز کرد و خزمەتەکانی لەو بوارەدا بەرز نرخاند.

هاوکات بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ستایشی ڕۆڵی گرنگی مۆزەخانەکەی کرد لە پاراستن و ئاوردانەوە لە بابەتە مێژوویییەکانی ڕۆشنبیریی کوردی، پشتیوانی و ئامادەیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنیشی بۆ هەر کار و هەنگاوێک لەو پێناوەدا دووپات کردەوە.

یاسین قادر بەرزنجی.. هونەری دراما و سمکۆ ناکام وەک سیمبولی درامای کوردی

حەمە ئەحمەد جاف



ئێوارەی ئەمڕۆ سێ شەممە، یەکێتیی نووسەرانی کورد/لقی هەولێر، ئێوارە کۆڕێک بۆ نووسەرو هونەرمەند (یاسین قادر بەرزنجی) لەبارەی (هونەری دراما و سمکۆ ناکام وەک سیمبولی درامای کوردی) لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو ساز دەکات.

سلێمانی.. شیعر و نادیار لە کۆڕێکی نووسەراندا

بەرهەم شێخ عزەدین

لە هۆڵی نووسەرانی شاری سلێمانی، بە ئامادەبوونی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەری سلێمانی و ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و ئەکادیمستان و ئەدەبدۆستان، لەلایەن لقی سلێمانیی یەکێتی نووسەرانی کوردەوە کۆڕێک بۆ شاعیر و وەرگێڕ (تەیب جەبار) بەناونیشانی (شیعر و نادیار - مەجهول) بەڕێوەچوو. هەر لە کۆڕەکەدا نووسەر سێ کتێبی خۆی بە ئامادەبووان بەخشی.



هەولێر.. پێشانگەی شێوەکاریی (ئاوڕی خەیاڵ) کرایەوە

بە ئامادەبوونی ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، سیروان عوسمان بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە هەودارانی هونەر، پێشانگەی شێوەکاریی تایبەتی هونەرمەند کەژاڵ حوسێن پەناهی، بە ناونیشانی «ئاوری خەیاڵ» لە هۆڵی میدیا کرایەوە. لەو پێشانگەیەدا، کۆمەڵێک وێنەی زادەی خەیاڵ و بەرهەمی هونەریی جیاوازی هونەرمەند خرانە ڕوو، کە هەر یەکەیان بە زمانی ڕەنگ و هێما و شێوە، جیهانێکی تایبەت لە خەیاڵ و هەست و بیرکردنەوەی هونەرمەندیان لەبارەی پرسی ئافرەت دەگێڕایەوە.

وێنەکان، تەنیا وێنەکێشان و هارمۆنیای ڕەنگ و شێوەی ئافرەت نەبوون، بەڵکو گوزارشتیان لە دەربڕینی جیهانی ناوەوەی مرۆڤ، ئازادی و خەیاڵ و توانای داهێنان دەکرد؛ هونەرمەند لە ڕێگەی ئەم جۆرە بەرهەمانەوە، ڕاستی و خەیاڵ تێکەڵ دەکات و دەرگایەکی نوێ بۆ بینینی ژیان و سروشت و بوون دەکاتەوە.

هەولێر.. شانۆگەریی (ئیمپراتۆریەتی هەیاس) نمایش کرا



ئێوارەی دوێنێش بۆ ڕۆژی دووەم، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و جەماوەری شانۆ، بەرپرسانی حزبی و حکوومی، نمایشی شانۆیی (ئیمپراتۆریەتی هەیاس) لە هۆڵی ڕۆشنبیریی هەولێر پێشکەش کرا.

ئەم نمایشی شانۆییە لە چوارچێوەی چالاکییە هونەرییەکانی وەرزی پاییزە و بە هاوئاهەنگیی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی سینەما و شانۆی هەولێر و سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، پێشکەش کرا.

نمایشەکە، گەشتێکی هونەرییە بۆ ناو یادەوەرییە کۆنەکانی هەولێر و هەولێرییەکان، کە بە زمانێکی شانۆیی، وێنەیەک لە ژیان، مێژوو و یادەوەرییە کۆمەڵایەتییەکانی شارەکە دەخاتەڕوو و بەشێک لە ڕابردووی ئەم شارە زیندوو دەکاتەوە.

نووسینی دەقەکە لەلایەن د. محەمەد عەلی عوزێرییە، دەرهێنانی لەلایەن د. ژیلوان تاهیرەوە ئەنجام دراوە.

جریوە

لە X ەوە

کۆریای باکوور ڕۆژی دووشەممە وێڕای ئیدانەکردنی ئەو مانۆڕە سەربازییەی ئەم دواییەی «دارە ئاسنین» کە لەلایەن کۆریای باشوور و ئەمەریکاوە ئەنجامدرا، کە توانا سەربازییە ئاساییەکانی کۆریای باشووری لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا تێکەڵ کرد و جەختی لەوە کردەوە کە بەهێزکردنی توانا ئەتۆمییەکانی خۆی « کارێکی ناچارییە »لەم هەلومەرجەدا.

کیم جۆنگ سیک، جێگری یەکەمی بەڕێوەبەری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کرێکارانی کۆریا لە بەیاننامەیەکدا کە ئاژانسی هەواڵی ناوەندی کۆریای باکوور (KCNA) بڵاویکردووەتەوە، ئەو مانۆڕانەی بە «قێزەونترین پرۆڤەی شەڕی ئەتۆمی بە ئامانجی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دژی کۆریای باکوور» وەسف کردووە.

@shamsnewstv.

لەم فێستیڤاڵەدا 18 فیلم بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی نمایش دەکرێن

سێیەم فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە شیکاگۆ ئەمەریکی بەڕێوەدەچێت

سێیەمین گەڕی فێستیڤاڵی سااڵنەی فیلمی کوردی لە شاری شیکاگۆی ویلایەتی ئیلینۆی ئەمەریکا بەڕێوەدەچێت، کە لەلایەن سەنتەری کولتووریی کوردی لە ئیلینۆی ڕێکدەخرێ و تێیدا 18 فیلم نمایش دەکرێن.

دەلال حەسەن، هاوڕێکخەری فێستیڤاڵی فیلمی کوردی ڕاگەیاند: فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە شیکاگۆ ڕۆژی شەممە، 7ی تشرینی دووەم لە کاژێر 3:00ی پاشنیوەڕۆ تاوەکو 9:00ی شەو و ڕۆژی یەکشەممە، 8ی تشرینی دووەم لە کاژێر 12:00ی نیوەڕۆ تاوەکو 9:00ی شەو لە شاری شیکاگۆ بەڕێوەدەچێت. دەلال حەسەن، گوتی: 18 فیلم پێشان دەدرێن کە بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی بەرهەمهێنراون. لەنێو فیلمەکاندا بەرهەمی وەک (دۆسیەی ژمارە 1)، (من کێم؟)، (شوێنپێی میرووڵەکان) و (شەو و تەم لە کوردستان) و چەندین فیلمی دیکە هەن.

هاوڕێکخەری فێستیڤاڵەکە بۆ ڕووداو ئاماژەی بەوەش کرد، لە یەکەم ڕۆژی فێستیڤاڵەکەدا پانێڵێک بەڕێوەدەچێت کە تێیدا تیشک دەخرێتە سەر هونەر و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی.

ئەمە سێیەمین ساڵی بەڕێوەچوونی ئەم فێستیڤاڵەیە کە لە ساڵی 2024ەوە دەستپێکردووە و سااڵنە لە کۆتاییەکانی ساڵدا ڕێکدەخرێ. هاوڕێکخەری فێستیڤاڵەکە دەڵێت: بانگهێشتی سەرجەم ئەندامانی ڕەوەندی کوردیمان لە شیکاگۆ و ناوچەی نێوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەمەریکا کردووە بۆ ئامادەبوون و پشتگیریکردنی فیلمسازانی کورد، هەروەها بەرپرسانی ویلایەتەکەیشمان بانگهێشت کردووە.

لەبارەی پەیامی سەرەکی فێستیڤاڵەکەش، ئەو هاونیشتمانییە گوتی: دەمانەوێ نیشانی بدەین کە سینەمای کوردی دەتوانێت تێگەیشتنێکی نوێ بۆ مێژوو، کولتوور و زمانی کوردی لە جیهاندا دروست بکات، بەتایبەت لە کاتێکدا جیهان زۆرجار وێنەیەکی شێوێندراو دەبینێت.

هونەر دەتوانێت ئەو تێگەیشتنە کەم بکاتەوە و شێوازێکی نوێی بیرکردنەوە و تێڕامان بخولقێنێت. لەبارەی ئەوەی چەند جار ئەم چالاکییەتان ڕێکخستووە؟ ئایا سااڵنەیە؟ کەی دەستپێکردووە؟ دەلال حەسەن دەڵێت: لە ساڵی 2024ەوە فێستیڤاڵەکە ڕێکدەخەین، کەواتە ئەمە سێیەمین ساڵانە. سااڵنە لە کۆتاییەکانی ساڵدا بەڕێوەدەچێت. دەڵێت بۆیە ئەم فیستیڤاڵە بە ئەمەریکا ڕێکدەخەین چونکە ئەم چالاکییانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەتایبەت لە شیکاگ ئەم چالاکییانە زۆر گرنگن، چونکە زۆرجار لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە کوردستان و پرسی کورد، هێزی هونەر، گێڕانەوە و چیرۆکبێژی پشتگوێ دەخرێ و شێوازە هونەرییەکانی وەک فیلم تێڕوانین لەسەر نزیکترین و قوواڵترین ئەزموونەکانی تووندوتیژیی دەوڵەت، درزە کۆمەاڵیەتییەکان و داگیرکاری دەخەنەڕوو. لە ڕێگەی ئەم فێستیڤاڵەوە، ئێمە داوا لە ئامادەبووان دەکەین خەیاڵی داهێنەرانەی هونەر و تواناکەی بۆ پێدانی ژیان بەو چیرۆکە بێکۆتاییانەی کە لە کوردستانی خۆشەویستمانەوە سەرچاوەیان گرتووە لە باوەش بگرن.

هەروەها، بۆ کەسانی وەک من کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدایکبوون و گەورە بوون، بەریەککەوتن لەگەڵ ئەم فیلمانە هۆکارێکی یەکجار مانابەخشە بۆ گرێدانەوە و پەیوەستبوونەوەی کولتووری.

هەروەها دەڵێت: ئێمە لە سەنتەری کولتووریی کوردی لە ئیلینۆی، پەیوەندییەکی قووڵمان لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی لە شیکاگۆ و ناوچەی فراوانتری ناوەڕاستی ڕۆژئاوا هەیە. ئێمە بانگهێشتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکەمان کردووە بۆ ئەوەی ئامادەی فێستیڤاڵەکە بن و پشتگیری لەو فیلمسازە کوردانە بکەن کە کارەکانیان نمایش دەکەین. هیواداریین جوانی دەربڕینی داهێنەرانە و هێزی گێڕانەوە و شایەتیدان بەرز ڕابگرین، بەتایبەت لەگەڵ ئەو ژمارە بەردەوام لە زیادبوونەی فیلمە کوردییانەی لە نێو کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەرهەمدەهێنرێن. لە ڕێگەی ئەم فێستیڤاڵەوە، دەمانەوێ نیشانی بدەین کە سینەمای کوردی دەتوانێت تێگەیشتنێکی نوێ بۆ مێژوو، کولتوور و زمانی کوردی دروست بکات لە جیهانێکدا کە زۆرجار هەوڵی شێواندنی دەدرێ. باوەڕم وایە هونەر دەتوانێت پەرینەوە بەسەر ناتێگەیشتنەکاندا دروست بکات، بەتایبەت لە ڕێگەی توانای لە چاندنی شێوازی نوێی بیرکردنەوە، خەیاڵ و تێڕامان و ئەمەش ڕێک ئەو شتەیە کە هیوادارم لە ڕێگەی ئەم فێستیڤاڵەوە تیشکی بخەینە سەر.

هەروەها بەرپرسانی ویلایەتەکەمان بۆ چالاکییەکە بانگهێشت کردووە و چاوەڕوانی وەاڵمەکانین بۆ پشتڕاستکردنەوە



بێ کەسییم ڕووت نییە
تا ئەمرێ پۆشاکی ڕەشتانی بەش ئەکات
تینوێتیم بێ کانی و ئاو نییە
تا ئەمرێ سیروانی چاوتانی بەش ئەکات
تەنیاییم بێ دەنگ و کپ نییە
تا ئەمرێ هاواری ماڵتانی بەش ئەکات
دۆزەخم بێ کزەی با نییە
تا ئەمرێ هەناسەی ساردتانی بەش ئەکات

شێرکۆ بێکەس